

ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١



diwan دیوان diwan دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویستی سەرانسەری کوردستان دەکات،
کە وادەی دەرچوونی خەڵاتەکانی نزیک بۆتەوە کە (٥) ئۆتۆمۆبێلی شۆفرلێت (٠) کیلۆمەترە
لە هەموو لقەکانی دیواندا لە کرینی هەر بابەتێکی ناوماڵ و دەرگا و پەنجەرەی (pvc)
کەوانتەردا لە بیرتان نەچێت پسوڵەی بەشداربوونی خەڵاتەکان وەرگرن

٠٥٣٣١٣٧٢٢٥

٠٥٣٣١٢٠٦٤٢



# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.574 Wed 24/ 3/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 574 چوارشەممە 24/ 3/ 2010


# یەکێتی سزای لایەنگرانی گۆڕان توندتر دەکات

ل ٣-٤







بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە ڕائید شالاوو مولازم هەرێم لە زیندانی یەکێتیدا ئەشکەنجە دەدرێن

## جەوهەر نامیق:

## ئەمجارەش لیستی دەسەڵات پاشەکشێی کردووە

**ڕۆژنامە**

جەوهەر نامیق سالم، دەڵێت: گەشبینم بەوەی کە تا دێت هەستو خواستی ریفۆرمو گۆڕانو گۆڕین لە پەرەسەندندایەو ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەش وا کەوتووەتەوە کە لیستی دەسەڵات پاشەکشێی کردووە.

سیاسەتمەدارو سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی، باوەڕی وایە؛ خوازیارانی گۆڕینو گۆڕانکاریی لەناو پارتیدا کەمتر نین لە یەکێتیو دەڵێت: کە گرفتو ناعەدالەتییو قەیران هەبێت، گۆڕان مەتڵەبەو ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بە دووری نازانم کە ڕەوتەکە لەناو پارتیدا زەقو فراوانتر بێت.

هەروەها جەوهەر نامیق، سەبارەت بە دۆخی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە کاتی ئەوە هاتووە، برادەرانی گۆڕان لە گردەکە بێنە خوارەوەو گۆڕان لە ڕەوتەوە بووە بە بزاڤو پێویستە گۆڕان ناوەڕۆکی بزاڤو قەوارەکەی ڕێکتر بکات.

**چاوپێکەوتنەکە لە ل٨ و ٩دا بڵاوکراوەتەوە**

## یەکێتی دوو کوڕەکەی «سیمبولی ڕاپەڕین»ی نانبڕاو کرد

**شاسوار مامە**

یەکێتی بەردەوامە لەسەر نانبڕینو ڕاگرتنی مووچەی پێشمەرگە، بەگومانی دەنگدانیان بەلیستی گۆڕانو لەو نێوەندەشدا دوو کوڕی شەهید عەلی نەبی نانبڕاو کرد.

پاش هەڵبژاردنی (٧)ی ئازارو بەهۆی گومانی دەسەڵاتەوە لە دەنگنەدانی ژمارەیەک پێشمەرگە بە لیستی هاوپەیمانیی، لەلایەن لیوای (٢٢)ی پێشمەرگەوە دەڤەری بتوێنی هێزی پێشمەرگەوە، مووچەی ژمارەیەک پێشمەرگەراگیراوەو پێیانراگەیاندوون، نەچن بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان، ئەوەش لەکاتێکدایە کە زۆرینەی ئەو پێشمەرگانە کەسوکاری شەهیدانن‌و (٢) لە کوڕەکانی شەهید عەلی نەبی سیمبولی ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)ی شاری ڕانیە بە ناوەکانی (شالاوو شەمدین) لەنێو نانبڕاوەکاندان.

شالاو شەهید عەلی نەبی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: من پێشمەرگەم لە فەوجی ماکۆک لە لیوای (٢٢)و بەهۆی دەنگدانم بە لیستی گۆڕان، ئاگادارکرامەوە کە نەچم بۆ وەرگرتنی مووچەو مووچەکەم ڕاگیراوە، وتیشی: لە فەوجەکەی ئێمە مووچەی (٧) کەس ڕاگیراوەو نانبڕاو کراون، ئاماژەی بەوەشدا، شەمدین شەهید عەلی نەبی، کە برایەتی لە لیوای (٢٢) پێشمەرگەیە، بەهەمانشێوە مووچەی ڕاگیراوە، هەروەها لە فەوجەکانی دیکەی هەمان لیوا، دەیان کەس نانبڕاو کراون بەهۆی دەنگنەدانیان بە لیستی هاوپەیمانییو کاندیداکانی یەکێتییەوە.

## بەغدا (١٧٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێم دروستدەکات

**هەستیار قادر**

حکومەتی عێراقیی بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژەی دروستکردنی (یەک ملیۆن) یەکەی نیشتەجێبوونی لە سەرانسەری عێراقدا دەرکرد، کە بەپێی ڕێژەی (١٧٪)کە، (١٧٠) هەزار یەکەیان بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

لە کۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونی دا، کە (یەک ملیۆن) یەکەی نیشتەجێبوون لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا دەگرێتەوە.

عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی پێشووی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرجەم ئەو پرۆژانەی لە بودجەی وەبەرهێنانی عێراق دەکرێت (١٧٪)ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت».

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی پێشووی عێراقیش ئاماژەی بەوەدا؛ کە لەکاتی تاووتوێکردنی ئەو پرۆژەیەدا بڕیاردراوە ١٧٪ی بەشی هەرێمی لێبدرێتو بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند: «پارەی دروستکردنی ئەو یەکەی نیشتەجێیانە لەلایەن بەغداوە دەدرێت».

بەوپێیەش، کە ڕێژەی ١٧٪ی ئەو (یەک ملیۆن) یەکەی نیشتەجێبوونە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، دەبێت (١٧٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.



## ئازادیی بۆ زیندانییانی بیروڕای جیاواز

# رائید شاڵاو و مولازم هەرێم، لە زیندانەکانی یەکێتیدا ئەشکەنجە دەدرێن

رۆژنامە

دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی (٣/٧)دا ژمارەیەک لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگە دەنگیان بە لیستی گۆڕان داو لەلایەن هێزەکانی ئاسایش‌و دژەتیرۆری یەکێتییەوە خرانە زیندانەوە، لەئێستادا باری هەردوو زیندانیکراوان: رائید شاڵاو مەحمود ئەحمەدو مولازم هەرێم یوسف عەلی، زۆر خراپەو ئەشکەنجەی دەروونیی دەدرێن.

دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو دەرەجەدارانەی دەنگیان بە گۆڕان دابوو لەلایەن یەکێتییەوە لە کاتێکدایە، کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان سەرۆکی هەرێمەو فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراقیش سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، بەڵام ئەو ئەفسەرانە بەئاگاداری تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی دەستگیرکراون.

دەستگیرکردن‌و ئەشکەنجەدانی ئەو دوو زیندانییە لەکاتێکدایە، کە بەپێی یاسای سەربازیی ئەفسەر دەستگیرناکرێت، بەڵکو ئەگەر تۆمەتێکی لەسەربوو لەلایەن لیژنەیەکەوە کە لە رائیدێک‌و عەقیدێک کەمتر نەبێت هەر لەو شوێنەی کە خۆی دەوامی لێدەکات لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساغبووەوە دەنێردرێت بۆ دادگای سەربازیی بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

ئازاردانی ئەشکەنجەدراوان (ئیستفزاز) بەجۆرێکە کە لە ژوورێکی دوو بەدووی خراپدا زیندانیی کراون، بەڵام دەسەڵات چەند کاتژمێرێک بەر لە سەردانی رێکخراوی cpt نێودەوڵەتی‌و سەردانی خەڵکانی مەدەنی، شوێنی زیندانیکراوەکان دەگۆڕێت‌و دەیانخاتە ژوورێکی دیکەوە.

هەربۆیە ئەشکەنجەدانی دەروونیی‌و ئیستفزازی هەردوو زیندانییان (رائید شاڵاو مەحمود ئەحمەدو مولازم هەرێم یوسف عەلی) دژی یاساو پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادیی بیروڕای شەخسییە کە لە دەستوورو یاساکاندا چەسپاوەو ئەو رەفتارەی دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەوپەڕی سووکایەتیکردنە بە پێشمەرگەو ئەفسەرو حکومەتی هەرێم، چونکە بە درێژایی چەندین ساڵ ئەو ئەفسەرانە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردندا بوون لە خاکی هەرێمی کوردستان‌و بەشداریی چەندین شەڕیان پێکراوەو لەو شەڕانەشدا نموونەی پێشمەرگەی دڵسۆزو بەئەمەکی گەلەکەیان بوون‌و لە سەنگەردا برینداربوون. بەڵام ئەمڕۆ دەسەڵاتی فرەدیموکراسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو شێوەیە پاداشتیان دەداتەوە.



مولازم هەرێم



رائید شاڵاو

# رێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراق، لە (٢١٪)ەوە بۆ (١٧٪) دابەزی

بەهادین یوسف

ژمارەی کورسییەکانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق، کەمدەبێتەوە بۆ نزیکەی (١٧,٥٪)ی کۆی کورسییەکان، لەکاتێکدا لە خولی رابردووی پەرلەماندا کورد بە هەردوو لیستی هاوپەیمانیی‌و یەکگرتووی ئیسلامییەوە، (٢١٪)ی کورسییەکانی هەبوو.

بەپێی دوا ئەنجامەکانی جیاکردنەوەی (٩٥٪)ی دەنگەکانی هەڵبژارنە پەرلەمانییەکەی (٣/٧)ی عێراق، لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی پێش لیستەکەی عەلاوی کەوتووەتەوەو پێدەچێت مالیکی (٩٢) کورسی‌و عەلاوی (٨٩) کورسی لە کۆی (٣٢٥) کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستبهێنن، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ئەو ئەنجامانە لیستەکەی عەلاوی بە (١١) هەزار دەنگ لەپێش لیستی دەوڵەتی یاساوەیە (٢٦٣١٣٨٨) دەنگ بۆ عێراقییەو (٢٦٢٠٠٤٢) دەنگیش بۆ مالیکی.

دوای ئەو دوو لیستەش لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم دێت، کە پێشبینی دەکرێت (٦٤) کورسی‌و لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی (٤٢) کورسی بەدەستبهێنێت‌و (رەنگە یەک کورسی قەرەبووی نیشتمانیش وەربگرێت) دوای ئەویش لیستی گۆڕان بە (٨-٩) کورسی بە پلەی پێنجەم دێت‌و پێدەچێت گۆڕان کورسییەکی کەرکوک بەدەستبهێنێت، بەرەی تەوافوق بە (٦) کورسییەوە لە پلەی شەشەم، یەکگرتووی ئیسلامیی (٤) کورسی، ئیئتیلافی یەکێتی عێراق (٣) کورسی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی (٢) کورسی بەدەستدێنن.

بەپێی ئەو ئەنجامانەش کۆی کورسییەکانی هەر چوار لیستە کوردییەکە دەگاتە نزیکەی (٥٧) کورسی لە کۆی (٣٢٥) کورسی، کە دەکاتە رێژەی (١٧,٥٪)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیی، لەکاتێکدا لە خولی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٠٥-٢٠١٠) کورد (٥٨) کورسی لەکۆی (٢٧٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەران هەبوو، کە دەیکردە (٢١٪)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیی.

سەرچاوەیەکیش لە پارێزگای موسڵ بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە دەنگی کۆتای کەمینەکانی عێراقیشدا، ئەگەر هەیە لەکۆی (٨) کورسی کۆتای مەسیحی‌و شەبەک‌و سابیئەو ئێزدییەکان لیستە هاوپەیمانەکانی کورد (٢) کورسی بەدەستبهێنن».

# توانای پێشمەرگە بەهێز دەکرێت

ئەلەند مەحوی

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٠٠یەمین ئاهەنگی دەرچووانی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالاندا ئاشکرایکرد، کە وەزارەتەکەی لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی جەنگیی‌و چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگەدایە.

لەو ئاهەنگەدا کە رۆژی ٣/١٨ بەڕێوەچوو، (٩٧) ئەفسەری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بڕوانامەی دەرچوونیان پێبەخشرا، جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، جەختی لەوە کردەوە کە لەدوای پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، پرۆسەی رێکخستنەوەو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەجدیی کاری بۆ کراوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا.

ئەو (٩٧) ئەفسەرە بەپێی فەرمانێکی هەرێم لەلایەن سەرۆکی هەرێم‌و لەهەمانکاتدا هێزە چەکدارەکانی هەرێمەوە مەرسومی سەربازییان وەک (مولازمی دوو) پێبەخشراو ماوەی ساڵێک خولیان بینیوە.

ئەم ئەفسەرانە لەکاتێکدا ئاهەنگی دەرچوونیان دەگێڕن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی یەکخستنی (٤) لیوای هێزی پێشمەرگەدایەو بە دەرچوونیشیان ئەو ئەفسەرانە وەک مولازمی دوو لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا خزمەت دەکەن.

شێخ جەعفەر لەبارەی یەکخستنی ئەو هێزانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستمان بە رێکخستنی ئەو پێشمەرگانە کردووە کە دەچنە ناو ئەو (٤) لیوایەوەو لەناو لیواکانیشیاندا مەشقیان پێدەکەین».

رۆژی (١/٢٨) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی یەکخستنی ئەو (٤) لیوایەی راگەیاندو هەر ئەو رۆژەش تابلۆی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لابرد، کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەجێگەیدا تابلۆی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەکەمی دانا.



٣/١٨ مەشقی سەربازیی هێزی پێشمەرگە

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# لە هەولێر، مووچەی کەمئەندامانی یەکێتی نادرێت

دلێر عەبدولخالق

حەوت مانگە، مووچەی ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتییانە نەدراوە کە پێشتر یەکێتی لە سنووری هەولێرو لەسەر ئیدارەی سلێمانی بۆی بڕیونەتەوە، کەمئەندامەکانیش پێیانوایە، بریکاری وەزارەتی دارایی رەزامەند نەبووە، لەبەرامبەردا رەشید تاهیر دەڵێت: «یەکێتی لەپێدانی ئەو مووچەیە بەرپرسیارە».

یەکێک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشتر یەکێتی کە ئیدارەی خۆی هەبوو لە سلێمانی، مووچەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کەمئەندامانی سنووری هەولێر بڕییەوەو مانگانە بە دوو بڕی جیاواز، (٥٠)هەزار دینارو (٣٠) هەزار لە کۆیە وەردەگیرا، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، مووچەی هەمووان هاتە هەولێرو لەوێش (٧)مانگە مووچەمان وەرنەگرتووەو لە بارەی هۆکاری وەرنەگرتنەکەشیەوە، پێیانوتووین، رەشید تاهیر رەزامەندیی لەسەر پێدانی ئەو مووچەیە، دەرنەبڕیوە».

بۆ وردەکاریی زیاتر، رۆژنامە پەیوەندیکرد بە جەوهەر مستەفا، بەڕێوەبەری چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی کۆیەوە، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ زانیارییەک لەوبارەیەوە بڵێت.

هاوکات رەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێم، لە بارەی بڕینی مووچەی ئەو کەمئەندامانەوە، تەنیا ئەوەندەی وت: «سەرفکردن‌و سەرفنەکردنی ئەو مووچەیە، پەیوەندیی بە یەکێتییەوە هەیەو یەکێتی لێی بەرپرسیارە، نەک ئێمە».

# شەبەکەکان سکاڵا تۆماردەکەن

ئارام شێخ وەسانی

دەستەی راوێژکاری شەبەک، بەهۆی ئەوەی کوردە شەبەکەکانی سنووری پارێزگای موسڵ لەلایەن «تیرۆریستان»و لایەنگرانی پارێزگاری موسڵەوە دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە، سکاڵانامەیەک دەداتە دادگای فیدراڵیی‌و نەتەوەیەکگرتووەکان‌و حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی بەغداو لایەنە بەرپرسەکان.

مەلا سالم شەبەک، بەرپرسی دەستەی راوێژکاری شەبەک سەبارەت بەناوەڕۆکی سکاڵانامەکە بۆ رۆژنامە وتی: «بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە پارێزگاری موسڵ بۆ هەموو کەمەنەتەوەکانی دروستکردووە، بە شەبەک‌و ئێزدی‌و مەسیحییەکانەوە، رێژەیەکی زۆر خەڵکی سیڤیل بوونەتە قوربانیی، ئەوەی ئێمە ئاگادارین تەنیا لەناو سەنتەری موسڵدا، تائێستا (١١٢٠) کوردی شەبەک کوژراون، بۆیە ئەو یاداشتەمان ئاراستەی ئەو لایەنانە کردووە». وتیشی: «ئەگەر هاتو یاداشتەکەمان وەڵامنەدرایەوە، ئەوا ئێمە هەڵوێستی دیکە رادەگەیەنین».

# ئەنجامەکانی هەڵبژاردن‌و بارودۆخی وڵات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە رۆژی هەینی داهاتوو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە رابگەیەنرێت، گرژیی نێوان رکابەرە سەرەکییەکانی عێراق روو لە هەڵچوون‌و هەڵکشانە، بەجۆرێک ئەو هیوایەی کە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە باشبوونی رەوشی سیاسیی‌و ئاسایشی عێراق بۆ دوای هەڵبژاردن بنیادیاننابوو سات لەدوای سات روو لە دارمان‌و رووخانە.

لە عێراق لایەنە رکابەرەکان‌و بەتایبەتیش لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاوی‌و لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، هەرجارەو یەکێکیان دەکەوێتە تاوانبارکردنی ئەوی دیکە، بەوەی کە گزی‌و فزییان لە تەزویرکردنی دەنگی هاوڵاتییان ئەنجامداوەو هەر بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکو ئەو تۆمەتانە خودی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیشی گرتەوە، بە رادەیەک کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق گومانی خستە سەر جیاکردنەوەی دەنگەکان‌و داوای دووبارەکردنەوەیانی کرد، شانبەشانی ئەویش، سەرۆک کۆماری عێراق هەمان داوای دووپاتکردەوە وەک نیشاندانی پاڵپشتیی بۆ لیستی نوری مالیکی.

سەیر لەوەدایە کە سەرۆکی دوو پۆستی سیادی لە عێراق ئەمڕۆ بە گومانەوە دەڕواننە پرۆسەی هەڵبژاردن‌و خودی ئەو کۆمسیۆنەی کە نوێنەرانی حیزبەکانی خۆیان تێیدا هاوبەشن‌و بەرپرسن، ئەمە جگە لە لایەنەکانی دیکەی کێبڕکێی هەڵبژاردن، کە خۆیان لە لیستی عێراقییەو سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەیاد عەلاوی‌و هەروەها لیستی جەواد بۆڵانی، کە وەزیری ناوخۆی عێراقە.

بەهەمانشێوە لە کوردستانیش جگە لە ئۆپۆزسیۆن کە سکاڵای زۆری لەسەر کاری ساختەکاریی لیستە رکابەرەکەی تۆمارکردبوو، خودی لیستی دەسەڵاتیش لەناو خۆیدا بە گومان‌و سکاڵاوە دەڕوانێتە ئەو ئەنجامەی کە لایەنی هاوپەیمان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی بەدەستیهێناوە.

ئەو سکاڵاو نارەزاییە ئەوە دەردەخات، کە پرۆسەکە ساختەکاریی تێدا ئەنجامدراوەو بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک سندووق، کە سکاڵای سووری لەسەرە پووچەڵدەکرێنەوەو بەشەکەی دیکەش ئەمجارەش رزگاری دەبێت‌و ئەژمار دەکرێت.

بۆ عێراق‌و بۆ پرۆسە سیاسییەکەی کێشەی ساختەکاریی‌و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لە کۆمسیۆن‌و هەروەها لەیەکتر بەتایبەتیش سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەندەی دیکە کورتبینی‌و خەمساردیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەردەخات‌و زەرەرو زیانی زۆریش بە راستگۆیی پارێزەرانی پرۆسە سیاسییە نوێیەکەی عێراق دەگەیەنێت.

لەگەڵ ئەوەی کورد وەک نەتەوەو وەک پێکهاتە لە عێراق، هەرێمی فیدراڵ‌و حکومەت‌و پەرلەمانی هەیەو لە دەستووری عێراق دان بە مافەکانیدا نراوە، بەڵام لەماوەی چەندساڵی رابردووی پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی، هەڵەی گەورەی ئەنجامداوەو بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیموکراسی‌و نەتەوەییەکانی نەبووەو بەردەوام رازیی بووە بە دواخستنی کێشەکانی‌و مانەوەیان بە هەڵواسراویی‌و هەنگاوو هەڵوێستی یەکلاییبوونەوەی بۆ جێبەجێکردنیانی نەناوە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەو بارودۆخی سیاسیی‌و دەستووریی بەقەدەر جاری پێشوو لە بەرژەوەندیی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکاندا نییەو حیزبی بەعس‌و شۆڤێنیزمی عەرەبی لەبری ئەوەی بە کودەتا بێنەوە گۆڕەپانی سیاسیی، رێگای بەشداریکردنیان لە گەمەی سیاسیی‌و شەرعییەتی هەڵبژاردن گرتووەتەبەرو تیایدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

بۆیە وا چاوەڕواندەکرێت کە ململانێکانی نێوان کوردو زۆرینەی عەرەبی سوننەو شۆڤێنیزمی عەرەبی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، توندتربێت لە خولی پێشووی پەرلەمان‌و بەشێوەیەکی گشتیی کورد بەشێکی گرنگی کارتە سیاسیی‌و دەستوورییەکانی بزرکردووە.

هەق وایە سەرکردە کوردەکان ئەمجارە بۆ شەریکی راستەقینە بگەڕێن‌و قسەی یەکەم‌و دوایین قسەو داوایان جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانمان بێت‌و نە لە دوورو نە لەنزیک باس لە پۆستە جیاجیاکانی بەغدا نەکەن‌و ئەو مەسەلەیە بهێڵنەوە وەک ئیستیحقاقی هەڵبژاردن.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لێرە دێتە پێش، ئەویش ئەگەری رازینەبوونی لایەنە عەرەبییەکانی عێراق‌و ملنەدانە بە داخوازییە دەستوورییەکانی گەلی کورد، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر هاتوو کورد شەریکێکی راستەقینەی نەدۆزییەوە لە عێراق، دەبێت چۆن خۆی ئامادەکردبێت‌و ئەو ئەگەرانە چین کە سەرکردایەتیی کورد وەک بەدیل هەڵیبژاردوون‌و نەخشەی بۆ کێشاون؟!.

رۆژنامە

# ژمارەی دەنگی لیست‌و کاندیدەکان لە پارێزگاکانی هەرێم‌و ناوچە دابڕاوەکان

ئا: بەرهەم خالید

رۆژنامە وردەکاریی دەنگە بەدەستهاتووەکانی لیستەکان‌و کاندیدەکانی لیستە کوردییەکان لە پارێزگاکانی هەرێم‌و ناوچەدابڕاوەکان بڵاودەکاتەوە، کە پاش جیاکردنەوەی رێژەی ٩٥٪ی دەنگەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئاشکراکراون‌و چاوەڕوانیش دەکرێت رۆژی هەینی کۆمسیۆنی باڵا لەرێگەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییەوە تەواوی ئەنجامە بەراییەکان رابگەیەنێت.

وەک لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئاشکراکراوە؛ تا ئێستا رێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکان بۆ پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک، نەینەوا، دیالەو سەڵاحەدین بەم شێوەیەیە:

**لە پارێزگای هەولێر پاش جیاکردنەوەی (٩٤,٨٢٪)ی دەنگەکان**

هاوپەیمانیی کوردستان (٤٣٤٩٠٩) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (١) سامی شۆڕش (پارتی) (٣٣٩٩٧) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٣) شوان محەمەد تەها (پارتی) (٣٣٢٠٩) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٥)، ئەحمەد حەسەن فەیزوڵڵا (پارتی) (٤٢٣٢٦) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٧) ئازاد ئەبوبەکر زەینڵ (پارتی) (٤٣٧٥٨) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٩) سەعید رەسوڵ حسێن (پارتی) (٣٣٤٩٢) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢١) رەوەز مەهدی خۆشناو (پارتی) (٣٤٨٤٢) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢٣) سەبری دەروێش (پارتی) (٣٩٣٣٦) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢) د.فوئاد مەعسوم (یەکێتی) (٢٣٩٨٧) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) سەعدی ئەحمەد پیرە (یەکێتی) (٢٣٧٨٣) دەنگ.

ژمارە هەشت (یەکێتی) (٢١٦١١) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١٩) شلێر عەزیز ئەحمەد (پارتی) (١٧٣٤٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١١) نەسرین ئەنوەر رەشید (پارتی) (١٤٠٩٧) دەنگ.

بەپێی ئەو ئەنجامەش بەهۆی کۆتای ژنەوە کە کاریگەری دەبێت، تەنیا ئەگەری دەرچوونی یەک کاندیدی یەکێتی هەیە بۆ پەرلەمان، کە ئەویش، فوئاد مەعسومە.

هەروەها لیستی گۆڕان (٩٧١٧٩) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (٢) شۆڕش حاجی (١٤٦٢٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١) محەمەد کیانی (١٠٤٩٨) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) سوعاد رەزاق ئیبراهیم (٩٢٤٥) دەنگ.

بەوپێیەش لیستی گۆڕان دوو کورسی هەولێری مسۆگەر کردووە.

کۆمەڵی ئیسلامیی (٥٩١٤٧) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (١) عەلی باپیر (٤٧٢٩٣) دەنگ.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (٤٨٢٢٤) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (١) ئوسامە جەمیل (٢٣٦٦٢) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١٨) ئیدریس کەریم (١٠٣٠٩) دەنگی هێناوەو ئوسامە جەمیل کورسییەکەی مسۆگەر کردووە.

**لە پارێزگای دهۆک، پاش جیاکردنەوەی (٩٦,٤٣٪)ی دەنگەکان**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٣١٥٥٤٣) دەنگی بەدەستهێناوەو (نۆ) کورسی مسۆگەرکردووە، کە سەرجەمیان بۆ کاندیدەکانی پارتی دەبێت.

یەکگرتووی ئیسلامیی (٥٧٦٠٩) دەنگی بەدەستهێناوەو کورسییەکی بردووەتەوە.

هەروەها لیستی گۆڕان (٢٢٥٩٠) دەنگی بەدەستهێناوە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی بەدەستهێنانی کورسییەک‌و لیستی کۆمەڵی ئیسلامییش تەنیا (٣٠٧٥) دەنگی بەدەستهێناوە.

**لە پارێزگای سلێمانیش پاش جیاکردنەوەی (٩٣,٤٦٪)ی دەنگەکان**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٣٢٤٨٠٦) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (١) فەرهاد مەلا رەسوڵ (یەکێتی) (٣٢٩٦٩) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٧) ماجید حەفید (یەکێتی) (٣٢٢٢٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١٣) عادل عەبدوڵڵا (یەکێتی) (٢٩٤٣٤) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٩) بورهان محەمەد فەرەج (٢٤٢٢٧) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢٧) سامان فەوزی (٢٢٥٦٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢) مەحمود عوسمان (٢٠٤٥١) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢٩) محەمەد عەلی رەشید (١٨٥٠٢) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٣١) وریا فەرەج محەمەد، (١٦١٨١) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) لانە محەمەد عەلی (١٣٥٤٥) دەنگ.

لیستی گۆڕان (٢٧٢٢٣٢) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (١) حاکم شێخ لەتیف (٨٤٢٩٦) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢) د.بایەزید حەسەن (١٨٤٢٣) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٩) هەڤاڵ خدر سەعید (١٨٣٤٤) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١٥) سەردار عەبدوڵڵا (١٤١٠٣) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٧) عومەر عینایەت (١٠٣٥٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢٧) مەسعود حەیدەر (٩٩٠٨) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١٧) مەم بورهان قانع (٩٧٥٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) شایان محەمەد تاهیر لەنێو کاندیدە ژنەکاندا (٤٣٦٨) دەنگی بەدەستهێناوە.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (٩٥٤١١) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (٨) مەلا عوزێر حافز (٤٢٨٧٩) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١) بەکر حەمەسدیق (١١٣٩٢) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) موسەنا ئەمین، (٨٥٢٧) دەنگ.

بەو ئەنجامەش یەکگرتوو (٢) کورسی سلێمانی مسۆگەرکردووە.

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (٧٣٩٦٣) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (٥) شێخ فاتیح داراغایی (١٨٧٨٢) دەنگی هێناوەو کورسییەکی بەدەستهێناوە، هەروەها کاندیدی ژمارە (١) یاسین حسێن (١٠١٦٨) دەنگی هێناوە.

**بەپێی جیاکردنەوەی ٩٠,٤٦٪ی دەنگەکانی پارێزگای کەرکوک**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (١٧٩٩٨٢) دەنگی بەدەستهێناوە:

کاندیدی ژمارە (٣) خالید شوانی (٦٠٥٤٥) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (١) د.نەجمەدین کەریم (یەکێتی) (٢٢٢١٤) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٢) عارف تەیفور (پارتی) (١٧٠٤٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٩) مەلا سیروان ئەحمەد (یەکێتی) (١٢٦٧٠) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٤) عەدنان عوبێد (پارتی) (٩٩٣٥) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٦) ناسیح غەفور (پارتی) (٨٥٧٦) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٥) دلێر عەبدولقادر (یەکێتی) (٦٩٧٤) دەنگ.

کاندیدی ژمارە (٧) ئاڵا تاڵەبانی (یەکێتی) (٦٤٢١) دەنگ.

بەوپێیەش ئەگەر لیستی هاوپەیمانیی لە کەرکوک (٦) کورسی بەدەستبهێنێت، (٢) کورسی بۆ پارتی‌و (٤) کورسیش بۆ یەکێتی دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی بەدەستهێنانی پێنج کورسیدا تەنیا (یەک) کاندیدی پارتی دەگاتە پەرلەمان.

لیستی گۆڕان (٣٠٥٢٨) دەنگی بەدەستهێناوەو ئەگەری بەدەستهێنانی کورسییەکی هەیە، کە بۆ کاندیدی ژمارە (٨) ئاواز عەبدولقادر دەبێت، کە تائێستا (٧٢٤٠) دەنگی هەیەو بە جیاوازییەکی زۆر لە پێش کاندیدەکانی دیکەوەیە.

هەروەها یەکگرتووی ئیسلامیی (٢١٧٧٢) دەنگو کۆمەڵی ئیسلامیی (٦٣٦٣) دەنگی پارێزگای کەرکوکیان بەدەستهێناوە.

**دوای جیاکردنەوەی ٩٤,٠٧٪ی دەنگەکانی پارێزگای نەینەوا**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٢٠٧٩٩٣) دەنگی بەدەستهێناوەو ئەگەری بەدەستهێنانی (٦) کورسی هەیەو لیستی گۆڕانیش (٩١٣٤) دەنگو یەکگرتوو (٤٦٧٣) دەنگو کۆمەڵی ئیسلامیش (١٢٣٧) دەنگیان بەدەستهێناوە، کە ناتوانن کورسی بەدەستبهێنن.

**لە پارێزگای دیالەش پاش جیاکردنەوەی (٩٤,٤٤٪)ی دەنگەکان**

هاوپەیمانیی (٤٣٧٥٧) دەنگی بەدەستهێناوەو گۆڕان (٧٠٧٦) دەنگو یەکگرتوو (٢١٠٧) دەنگیان هێناوە، کە تەنیا هاوپەیمانیی دەتوانێت کورسییەکی ئەو پارێزگایە بباتەوە.

**لە پارێزگای سەڵاحەدینیش پاش جیاکردنەوەی (٩٤,٦٠٪)ی دەنگەکان**

هاوپەیمانیی (٢١١٧٦) دەنگو گۆڕان (٢٤١٥) دەنگیان هێناوە، کە هیچیان ناکاتە ئاستی بەدەستهێنانی کورسی.

# سێ تیم لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکەی کەرکوک دەکەن

بەهادین یوسف

بەهۆی زۆریی سکاڵای لیست‌و قەوارەکان سێ تیمی تایبەت وردبینی‌و لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی دەنگدانی کەرکوک دەکەن، هاوکات لیستی گۆڕانیش داوای لێکۆڵینەوە دەکات لەو سکاڵاو تانانەی کە پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای کردووە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا رۆژی دەنگدانی گشتیی‌و دەنگدانی تایبەت، بۆ ئەو مەبەستەش تانەیەک ئاراستەی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات لە بەغدا.

پارێزەر خالید نەقشبەندی، نوێنەری رێگەپێدراوی لیستی گۆڕان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو تیمەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و تانەی قەوارە سیاسییەکان لە کەرکوکن، تائێستا لە کارەکانیان بەردەوامن‌و هیچ ئەنجامێکیان رانەگەیاندووە».

وتیشی: «کۆی سکاڵاکانی گۆڕان لە کەرکوک گەیشتووەتە (٨٠) سکاڵا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا دەنگدانی تایبەت‌و گشتیی‌و جگەلەوەش تانەیەکمان پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵا کردووە لە بەغداو وێنەیەکیمان ناردووە بۆ نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەرکوک‌و لە بەغداو داوامانکردووە لیژنەیەک لە بەغداوە پێکبهێنرێت لە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان‌و یەکێتی ئەورووپاو ئەنجومەنی کۆمیسیاران‌و نوێنەری قەوارەی گۆڕان‌و لێکۆڵینەوە بکەن لەو سکاڵایانەی پێشکەشکراون‌و هەمووشی بەڵگەی لەگەڵدایەو شایەت‌و تەنانەت وێنەی ڤیدۆییش هەیەو هەروەها سکاڵامان کردووە لەوەی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن شەفافانەو بێلایەنانە کاریان نەکردووە».

وتیشی: «لە تانەکەدا داوامانکردووە، لێکۆڵینەوەی تەواو لە دەنگدانی ناوچەکانی حەویجەو زاب‌و عەباسیە بکرێت، چونکە رێژەی دەنگدان لەو سنوورە گەیشتووەتە (٩٣٪)، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە، بۆیە پێویستە ئیمزاو جێ پەنجەکان‌و ئەنجامەکان رەوانەی بەڵگەی تاوان بکرێن، ئەو کارتانەی کە بەتاڵکراونەتەوە، یان بەکارهاتوون‌و بەکارنەهاتوون، دووبارە بژمێردرێنەوە، بۆ ئەوەی رێژەی تەواوی دەنگدان دەربکەوێت».

لەلایەکی دیکەوە، بە وتەی سەرچاوەیەکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە کۆی (١٩٧٩) سکاڵای تۆمارکراو، (١٧٩) یان سوورن‌و نزیکەی (٦٥) سندووق رەتکراونەتەوە، کە زۆربەیان لە (موسڵ، سەڵاحەدین، کەرکوک، ئەنبار، بەغدا)و یەک وێستگەی دهۆکیش رەتکراونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، فەرهاد تاڵەبانی بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: «سێ تیم پێکهێنراوە، یەکێکیان سەر بە نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان (یۆنامی)و تیمێکی ئۆفیسی نیشتمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و تیمێکی ئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵا پێکهێنراون بۆ لێکۆڵینەوەو وردبینی ئەو سکاڵایانەی کە لە سنووری پارێزگای کەرکوک تۆمارکراون».

## سەرۆکایەتی هەرێم: پێویستە بەڵگەی تەواو لەسەر ساختەکاریی پێشکەش بکرێت

# «تاڵەبانی، لە داوای ژماردنەوەی دەنگەکان پەشیمان دەبێتەوە»

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

چوارچێوەی لیست و لایەنە داواکارەکانی ژماردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردن فراواندەبێت و ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە تاڵەبانی لە داوایەکی پێشووی خۆی پەشیمان بووەتەوە بۆ ژماردنەوەی دەنگەکان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پێویستە بەڵگەی تەواو لەسەر ساختەکارییەکان پێشکەش بە کۆمسیۆن بکرێت».

تێبینیی لیستە عێراقییەکان لەسەر ژماردنی ئەلکترۆنی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی (٣/٧) زیاتر بووەو جگە لە سەرۆک کۆمارو حکومەت و (١٠) پارێزگاری عێراق، هەریەک لە لیستەکانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی و بەرەی تەوافوق و ئیئتیلافی یەکێتی عێراق و گردبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی داوا لە کۆمسیۆن دەکەن، کە دووبارە بە دەست دەنگەکان بژمێرنەوە، بەوپێیەی گومانی ئەوە دەکەن، کە ساختەکاریی لە پرۆسەی داخڵکردنی دەنگەکاندا کرابێت بەشێوەی ئەلکترۆنی، لە بەرامبەریشدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان داوای ئەو لیستانەی ڕەتکردەوە.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنەکە ئاشکرایکرد؛ کە ئەنجومەنی کۆمسیۆن داوای هەندێک لایەنی بۆ دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی بەدەست، ڕەتکردووەتەوەو ڕایگەیاند: «لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی سی دی (CD)ەوە تەواوی ژمارەکان دەدرێت بە لیستەکان و دواتر دەتوانن لەگەڵ دەنگەکانیاندا هاوتای بکەن.

هاوکات عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراقیش ڕایگەیاند؛ «حکومەت داوایەکی ڕەسمیی پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات بۆ دووبارە ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکان لە چوارچێوەی پارێزگاکاندا و داواشی لە کۆمسیۆن کرد، کە ڕێز لە ئیرادەی گەلی عێراق بگرێت و داواکاریی ئەو لیستانە جێبەجێ بکات، لەلایەکی دیکەشەوە عەلی عەلاق، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند؛ «ئەگەر کۆمسیۆن داوای دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکانی جێبەجێنەکرد، لیستەکەیان هەڵبژاردن بە ناشەفاف لەقەڵەمدەدات».

ئەگەرچی بەپێی بەیاننامەیەکی ٢١ی ئەم مانگەی سەرۆکایەتی کۆمار جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمار داوای لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد دووبارە ژماردنی دەستی دەنگەکان لە هەندێک لە پارێزگاکانی عێراقدا ئەنجامبدات، ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی دوێنێداو لەسەر زاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لیستی عێراقییەوە، دوای کۆبوونەوەی نێوان عەلاوی و تاڵەبانی بڵاویکردووەتەوە، کە تاڵەبانی ئەوەی ڕەتکردووەتەوە داوای دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکانی کردبێت، بەڵکو گومانی لە دەرئەنجامی هەندێک ناوچە هەبووەو ڕۆژنامەکە ئەمەی بە پاشگەزبوونەوەی تاڵەبانی لە داواکەی پێشتری لەقەڵەمداوە.

بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵاش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە تائێستا هیچ داوایەکی ڕەسمییان لەلایەن بەرپرسانی عێراق و لیستەکانەوە پێنەگەیشتووە سەبارەت بە دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان، عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ تائێستا هیچ داوایەکی ڕەسمیمان لەوبارەیەوە پێنەگەیشتووە، دووبارە ژماردنەوەی دەستی دەنگەکانیش لە سەرانسەری عێراقدا کارێکی ئەستەمەو دوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، لیستەکان دەتوانن لەماوەی سێ ڕۆژدا داوای یاسایی خۆیان تۆماربکەن و دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆ لە کۆمسیۆن لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکات».

ئەمە لە کاتێکدایە، کە پێشتر قاسم عەبودی وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە کەناڵی حورەی ڕاگەیاند؛ کە سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی ڕەسمیی داوای پێشکەش بە کۆمسیۆن کردووە بۆ دووبارە ژماردنەوەی دەنگی دەنگدەرانی هەڵبژاردن، بەڵام کۆمسیۆن سوورە لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو داوایە».

لەلایەکی دیکەشەوە، لە بەیاننامەیەکدا وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاشکرایکرد؛ کە ئەو هەڵوێستانەی لەلایەن هەندێک لیستی بەشداربووی هەڵبژاردنەوە ڕادەگەیەنرێت نیشانەی دەربڕینی نارەزاییە لەسەر جیاکردنەوەی دەنگەکان و هەندێک لایەنی دیکەش پێیانوایە؛ پرۆسەکە بەشێوەی چاوەڕوانکراو بەڕێوەچووە، سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەکەدا دەڵێت: «بۆ لادانی هەر تارماییەک لەسەر پرۆسەکە پێویستە خاڵەکانی کەموکوڕیی دیاریبکرێن و بەڵگەی تەواویش لەسەر هەر خروقات و ساختەکارییەک پێشکەش بە کۆمسیۆن بکرێت، دەبێت کۆمسیۆنیش بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان و پابەندبوون بە دەستوور مامەڵە لەگەڵ ئەو تانانە بکات».


چەند کارمەندێکی کۆمسیۆن لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا
فۆتۆ: بەهادین یوسف

# هاوپەیمانیکردن لەگەڵ عەلاوی و مالیکی، جیاوازیی دەخاتە نێوان یەکێتی و پارتییەوە

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

چاودێرانی سیاسیی هۆشداری دەدەنە لیستەکوردییەکان، کە لەکاتی هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ لیستی عێراقییەو لیستەکانی دیکە، بەدیقەتەوە لە بەرنامەی سیاسیی لیستەکە بکۆڵرێتەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە هەردوو هێزە سەرەکییەکەی ناو لیستی هاوپەیمانیی بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە لیستی عێراقییەو دەوڵەتی قانون هەیە.

دوای جیاکردنەوەو هەژمارکردنی (٩٠٪-٩٥٪)ی دەنگەکانی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە، لیستی عێراقییە، بە (١١)هەزارو (٣٤٦) دەنگ لە پێش لیستی دەوڵەتی یاساوەیەو ئەگەری ئەوەدەکرێت کە لیستی عێراقییە ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە لەو لیستەدا ژمارەیەکی زۆر لایەن و کەسایەتی هەیە نەیارن بە بەرژەوەندییەکانی کورد.

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی پێشووی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەرچەندە بەستنی هاوپەیمانێتی بۆ کورد گرنگە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە بە هۆی بوونی کەسانێکی وەک ئوسامە نوجێفی لەنێو لیستی عێراقییەدا کە بیری شۆڤێنییان بەرامبەر بە کورد هەیە، ئەگەرەکانی بەستنی هاوپەیمانیی نێوان کوردو لیستی عێراقییە دووردەخاتەوە».

بەڵام د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی پێشووی لیستی هاوپەیمانیی، پێیوابوو، هێشتا زووە باس لە بەستنی هاوپەیمانێتی بکرێت و بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا، کە پێویستە چاوەڕوان بکەین، بزانین کامیان حکومەت پێکدەهێنن، ئەوکات بزانرێت بەرنامەو پڕۆژەکانیان بۆ عێراقی داهاتوو چییەو چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن.

تا ئێستا لایەنی کوردی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە نزیکیی و دۆستایەتی لە هیچکام لە لیستە براوە گەورەکانی شیعەو سوننە ڕانەگەیاندووەو نازانرێت ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ کام لیستدا دەبێت، بەڵام هەندێک زانیاریی لە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتییەوە دزەیانکردووە، کە هەردوو پێکهێنەرە سەرەکییەکەی لیستی هاوپەیمانیی (پارتی و یەکێتی) بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هاوپەیمانیکردن هەیە لەگەڵ لیستە گەورەکان و پارتی مەیلی بەلای لیستی عێراقییەدا هەیەو یەکێتیش زۆرتر بەلای لیستەکەی مالیکی و عەمار حەکیم.

د. فوئاد مەعسوم لەوبارەیەوە وتی: «پێویستە گشت لیست و قەوارە سیاسییەکانی کورد، یەک گوتاری سیاسییان هەبێت و کام لایەن لە بەرژەوەندیی کورددا بێت، هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەو ببەسترێت».

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق، لەوبڕوایەدا بوو، کە لیستی عێراقییەو لیستی دەوڵەتی یاسا هەردووکیان لایەنی خراپ و باشیان هەیە، کە پێویستە کورد دیراسەیەکی باشی بکات و ئاگاداری ئەوە بێت کە لەگەڵ لایەنێک نەبێتە هاوپەیمان و لایەنی بەرامبەر بکاتە دوژمن.

وەک حاکم شێخ لەتیف ڕوونیکردەوە، لیستی عێراقییە ئەوەندەی لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندیی بەهێزە، کە ئەمە بۆ کورد گرنگە، هێندە لەگەڵ ئێران هاوپەیمان نییە، ئەمە جگە لەوەی کە کاندیدنەکردنەوەی مالیکی بۆ (٤) ساڵی داهاتوو، شەبەحی دیکتاتۆرییەت لە عێراق دووردەخاتەوەو وەک پرۆسەیەکی دیموکراتی دەبێت، کە (٤)ساڵ جارێک سەرۆکی حکومەت بگۆڕدرێت، لەلایەکی دیکەوە هێندەی سوننەکان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ کورد نەیارن و پێداگریی دەکەن، مالیکی و شیعەکان تا ئێستا ئەوەندە شۆڤێنییانە لەگەڵ کورد مامەڵە ناکەن، بۆیە گرنگە هاوپەیمانێتی ببەسترێت، بەڵام دوژمنیش بۆ خۆی پەیدانەکات.

هەربۆیە بۆ کورد گرنگە لە بەستنی هاوپەیمانێتی نوێدا گرەنتی بۆ هێنانەدی مافەکانی کورد لەبەرچاوبگرێت.

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بە ئاژانسی (ئەسۆشیەیتدپرێس)ی ڕاگەیاندووە، کە کورد ئەمجارە هەر هاوپەیمانێتییەک ببەستێت داوای گرێبەستێکی واژۆکراو دەکات، ئەمەش وەک گرەنتییەک تا لایەنی بەرامبەر داواکارییەکانی کورد فەرامۆشنەکات.

بەوتەی میرانی، ئەمجارە کورد لە بەستنی هاوپەیمانێتیدا بەوریاییەکی زیاترەوە مامەڵە دەکات و لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمانێتی دەبەستێت کە زۆرترین داواکاریی کورد بەدیدەهێنێت.


ئەیاد عەلاوی


نوری مالیکی

## فراكسیۆنی گۆڕان چوار داواكارییان خستووەتە بەردەمی سەرۆكی حكومەت

# سزای سەر لایەنگرانی گۆڕان توندتر دەبێتەوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

سـەرۆكـی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڵێنیدا بە فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان، كە بەدواداچوون بۆ حاڵەتەكانی نانبڕاوكردنی لایەنگرانی گۆڕانو دەستگیركردنیان بكات، بەڵام لەدوای تەدەخولكردنی ئەوەوە فشاری سەر زیندانییانی سەر بە گـۆڕان لە زیندانەكاندا زۆرتر بووە.

لە سەردانێكیاندا بۆ لای د.بەرهەم ساڵح، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كـوردسـتـان، فراكسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان یاداشتێكیان لەپێناو كۆتاییهێنان بە سزای سیاسیی لە كوردستاندا پێشكەشكردو داوایانكرد هـەرچـی زووتـــرە تـــەدەخــول بكات بۆ ڕێگرتن لە حاڵەتەكانی نانبڕینو دەستگیركردنی لایەنگرانی گۆڕان.

بەپێی یاداشتەكەی فراكسیۆنی گۆڕان ئەو حاڵەتانەی كە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ساڵی رابـردووی هـەرێـمـی كـوردسـتـانـەوە تـا ئەمڕۆ ڕوویانداوە، بریتین لە؛ (بڕینی مووچەی (١٥٦٦) ئەفسەرو پلەدارو سەربازو مووچەخۆری وەزارەتەكانی ناوخۆو پێشمەرگەو فـەرمـانـدەیـی گشتیی سەرۆكایەتی ئـەركـان، ئاسایشو پاسـەوانـی سـنـوور، گواستنەوەی زۆرەمـلـێ بەبێ بوونی سەرپێچی، تۆقاندنی كارمەندانی ئەو دامودەزگایانەو ئەوانەی كە دەنگیان بە گـۆڕان داوە بۆئەوەی شوێنی كارەكەیان جێبهێڵن، پلەدابەزاندنو لێسەندنەوەی پۆست، داتاشینی پاساوی سیاسیی بەمەبەستی سـزای سیاسیی لایەنگرانی گـۆڕان، وەزارەتـــی دارایــیو دامودەزگاكانی وەزارەتەكانی پەروەردەو تەندروستی بەشدارییان كردووە لە سزای سیاسیی لایەنگرانی گۆڕانو تەنگپێهەڵچنینیان).

كاردۆ محەمەد، ئەندامی فراكسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە پێمانوایە كە حكومەت بەرپرسیارە لە ڕوودانی ئەو سزا سیاسییەی كە لە كوردستانو لە دامودەزگاكانی حكومەتدا ڕوویانداوە، هەربۆیە لە سەردانماندا بۆلای سەرۆكی حكومەت، داوامانلێكرد كە ڕێگریی بكات لەو سزا سیاسییەی كە لە كوردستاندا هەیە».

سـەرۆكـی حكومەتی هـەرێـم لە كـۆبـوونـەوەیـدا لـەگـەڵ ئەندامانی فراكسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بەوەكرد؛ پێویستە بەپێی یاسا هەڵسوكەوت بكرێتو بەڵێنیشی پێدان، كە لێكۆڵینەوە لە حاڵەتەكان بكاتو هەوڵبدات بۆ نەهێشتنی ئەو حاڵەتانەی كە بە نایاسایی ئەنجامدراون.

ئـەو پـەرلـەمـانـتـارە، وتیشی: «نوێنەرێكمان دانا بۆ بەدواداچوونی یاداشتەكەمانو ئـاگـاداربـوون لەو هەنگاوو بەرەوپێشچوونانەی كە حكومەتی هەرێم دەینێت».

سـەرۆكـی حكومەت لە بەشێكی ئەو حاڵەتانەی كە فراكسیۆنی گۆڕان باسیان لـێـوەدەكـرد ئـاگـاداربـوو، لە بەشێكی دیكەشی بێئاگایی خۆی راگەیاند، كە بە بڕوای پەرلەمانتارەكەی گـۆڕان ئـەوە یەكێكە لە گرفتەكانی حكومەتی هەرێم، كە ئاگای لەو سزا سیاسییانە نییە كە ڕۆژانـەو بەزەقی ئەنجامدەدرێنو هاوڵاتییان لەسەر دەنگدانیان ڕووبەڕووی لێپیچینەوەی توند دەبنەوە.

لە یاداشتەكەیاندا فراكسیۆنی گۆڕان داوایان لە سەرۆكی حكومەت كردووە كە چەند هەنگاوێك بنێت، كە كورتكراوەكانی ئەمانەن:

١- راگرتنی هەموو جۆرە گرتنو راوەدونانو تەنگپێهەڵچنینو دادگاییەكی عەسكەریی دەرهـەق بە هاوڵاتییانو لایەنگرانی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن، لەلایەن دامودەزگاكانی ئاسایشو پێشمەرگەو هێزە نەناسراو و دەمامكدارەكانەوە.

٢- ئـازادكـردنـی هەڵسوڕاوانی گـۆڕانو هەموو ئەو هاوڵاتییانەی كە بەهۆی ئینتیمای سیاسییو دەنگاندانیان بە لیستی گـۆڕانو ئۆپۆزسیۆنەوە دەستگیركراونو تائێستا لە زیندانداتـونـدكـراون، یـان تـۆمـەتـیـان بۆ هەڵبەستراوەو پاساوی سیاسییان بۆ داتـاشـراوە، كە بەهۆیەوە بڕیاری دەستگیركردنیان بۆ دەرچووە.

٣- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو فەرمانە نووسراو و زارەكیانەی لە دامـودەزگـا جیاوازەكاندا دەركـراون بەمەبەستی دەركـــردنو نانبڕینی مووچەخۆرانی حكومەت.

٤- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پاساوە یاساییانەی كە بەمەبەستی سزای سیاسیی لایەنگرانی گۆڕان لە دامودەزگاكانی حكومەتدا داتاشراونو لـەسـەر ئـەو بنەمایەش لایەنگرانی گـۆڕانـیـان پـێ نانبڕاو كـــراوە، یان مووچەیان كەمكراوەتەوە.

كاردۆ محەمەد وتیشی: «لەهەندێك حاڵەتدا سزاكان ڕوو لە هێوربوونەوە دەكەنو لەو نێوەندەشدا چەند حاڵەتێك لە گەرمیان هەبوو كە بڕیاری گواستنەوە بـۆ ژمـــارەیـــەك لایـەنـگـری گـۆڕان دەرچووبوو، بەڵام بە تەدەخولكردنی حكومەت ئەو كارانە راگیران».

بـــەڵام وێــــڕای وتـــەكـــانـــی پەرلەمانتارەكەی گـۆڕان، لە هەندێك لە دامودەزگاكاندا سزاكان توندتر بوونو گوێ بە هەوڵەكانی حكومەت بۆ ئاساییكردنەوەی بارودۆخەكە نەدراوە.

دوای ئەوەی لە دەنگدانی تایبەتو دەنگدانی گشتیدا مولازمێكو رائیدێكی سـەر بە وەزارەتـــی پێشمەرگە، كە دەنگیان بە گۆڕان دابوو دەستگیركران، ئێستاش دوای ئـەوەی كە سەرۆكی حكومەت هەوڵیداوە بەپێی یاسا كێشەی ئەوان چارەسەربكرێت، فشاری سەر ئـەو دوو كەسە زیـاتـر بـووە لەناو زینداندا، كە بە بڕوای كاردۆ محەمەد؛ زیادبوونی ئەو فشارە، ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو دامودەزگایانە گوێ لە حكومەتو ئـەو هـەوڵانـە نـاگـرن كـە لەپێناو چارەسەركردنی گرفتەكاندا دەیدات.

## زیاتر لە سێ هەفتەیە پەرلەمان كۆنەبووەتەوە

# ئەرسەلان بایز لە غیابی كەمال كەركوكی، هیچ دانیشتنێك بەڕێوەنابات

راپۆتی: ڕۆژنامە



كۆبوونەوەیەكی پەرلەمانی كوردستان

پەرلەمانی كوردستان لە (٣/٢)وە گفتوگۆكانی لەسەر بودجە راگرتووەو تائێستا دەسـتـیـپـێـنـەكـردووەتـەوە، پەرلەمانتارانیش پێیانوایە؛ بودجە لەنێو ململانێی سیاسیدا قەتیسماوەو بەڕێوەنەچوونی هیچ دانیشتنێكیش لەدوای سەفەری سەرۆكی پەرلەمانەوە، بۆ ناكۆكییەكانی نێوان یەكێتیو پارتیو گۆڕینی تـەرازووی هێزەكان لە هەرێم دەگێڕنەوە.

ڕۆژی (٣/٢) لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەم لەساڵی یەكەمی خولی سێیەم، سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بڕیاریدا دانیشتنەكانی پـەرلـەمـان بـۆ گفتوگۆكردن لەسەر بودجە، كە (١/٢٦) دەستیپێكردبوو، بۆ دوای هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق دوابخات، ئەمەش گومانی لەنێو پەرلەمانتاراندا دروستكردووە.

ئیسماعیل گـەڵاڵـەیـی، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لە لیژنەی دارایی، هۆكاری دواخستنی وتووێژی لەسەر بودجە گەڕاندەوە بۆئەوەی بودجەكە لەنێو ململانێی سیاسیدا قەتیسماوەو لە پشتی پەردەوە شتی دیكە هەیە، كە بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە تا ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئاشكرا نەكرێت، دانیشتنەكانی پەرلەمان بەتایبەت لەسەر بودجە دەستپێناكەنەوە، چونكە هاوسەنگیی هێزەكان دوای ئەم هەڵبژاردنەو نەخشەی سیاسیی عێراق دەگۆڕێت.

لە بەرامبەردا وتەبێژی فراكسیۆنی كوردستانیی لە پەرلەمانی كوردستان، ئەو بۆچوونەی ڕەتكردەوەو پێیوابوو؛ «بـودجـەو ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق هیچ پەیوەندییەكیان بەیەكەوە نییە، ئاسۆ كەریم بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا؛ ئەو بودجەیە لەبەر خاتری ئەم هێزو ئەو هێزی سیاسیی دانەنراوە، تا ئەگەر هاوسەنگیی هێز گۆڕا، ئەوا دەبێت چاویش بە بودجەكەدا بخشێنرێتەوە»، بەڵام دواخستنی دانیشتنەكان لە (٣/٢)وە بۆ دوای هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق، ئەو گومانەی لای پەرلەمانتاران بەهـێـزكـردووە، كە هـەردوو حیزبی دەسـەڵات چاوەڕوانـی ئەو ئەنجامەو گۆڕینی تـەرازووی هێزەكان دەكەن، بە وتـەی حەمە سەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتار لە لیژنەی نەزاهە، دواخستنی پێشوەختی دانیشتنەكانی پەرلەمان دەربارەی بودجە ئەوە دووپاتدەكاتەوە، كە دەسەڵاتی سیاسیی (یەكێتیو پارتی) چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق دەكەن، هەربۆیە تائێستا دانیشتنەكان دەستیان پێنەكردووەتەوە لەسەر بودجە.

لـەلایـەكـی دیـكـەوە، پەرلەمانی كوردستان لە (٣/١٣) دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەم لەساڵی یەكەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامداو لە وتاری سەرۆكی پەرلەماندا ئاماژە بەوەكرا؛ بە سەرۆكایەتی شاندێك لە پەرلەمانتاران، سـەردانـی وڵاتی بەریتانیا دەكەنو لەوماوەیەدا ئەرسەلان بـایـز، جێگری سـەرۆكـی پەرلەمان كـارەكـانو دانیشتنەكانی پەرلەمان بەڕێوەدەبات، بەڵام لەم ماوەیەدا تا گەڕانەوەی شاندەكە لە (٣/٢٢)، پەرلەمان هیچ دانیشتنێكی ئەنجامنەداوە.

ئەمەش بە وتـەی پەرلەمانتاران كەموكوڕییە لە كارەكانی سەرۆكایەتی، چونكە هەرچەندە لەم ماوەیەدا پەرلەمان پشووی زۆری تێكەوت، بـەڵام وەك وتەبێژی لیستی كوردستانیی دەڵێت: «لانیكەم دەتوانرا دوو دانیشتن بكرێت، كە نەكراوە، هۆكارەكە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، چونكە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئـەو دەسەڵاتەی داوەتـە سەرۆكایەتی كە دانیشتنەكان دیارییبكەن».

هاوكات وەك حەمە سەعید حەمە عـەلـی، پـەرلـەمـانـتـاری فراكسیۆنی یەكگرتوو باسی لێوەكرد، ئەنجامنەدانی هیچ دانیشتنێك لەو ماوەیەدا، كە سەرۆكی پەرلەمان لە سەفەر بووە، وا لێكدەدرێتەوە كە بەهۆی كێشەو ناكۆكییەكانی یەكێتیو پـارتـیو دوای بەهێزبوونی پارتی لەبەرامبەر یەكێتی لەم هەڵبژاردنەو دوای ناكۆكییان لەسەر بودجەكە، بووە هۆی ئەوەی كە جێگری سەرۆكی پەرلەمان دەسەڵاتەكانی خۆی جێبەجێنەكاتو نەیتوانی بەبێ ئامادەبوونی سەرۆكی پەرلەمان دانیشتنێكی گرنگی وەك بودجە بەڕێوەببات، چونكە ئەو دوو حیزبە هەرچەندە هاوپەیمانن، بەڵام ناكۆكیی سیاسییان هەیە.

ئەنجامنەدانی هیچ دانیشنێك لە (٣/٢)وە تائێستا سەرۆكایەتی دەخاتە بـەردەم پرسیار، كە لانیكەم پێویستە وەڵامی پەرلەمانتاران بداتەوە، چونكە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە یەكێتیو پارتی نایانەوێت وتووێژ لە ئێستادا لەسەر بودجە بكرێت، چونكە ئاشكراكردنی چەندین كەموكورتی لەنێو بودجەكە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، كاریگەریی لەسەر پەرلەمانتارانی پارتی دروستـكـردووە، لەمبارەیەوە بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان ڕوونیكردەوە، كە نیگەرانیی لەنێوان پەرلەمانتارانی یەكێتیو پارتی دروستبوو، بەتایبەت پارتی كە پێیانوایە كەموكوڕیی گەورە لە بودجەكەدا هەیەو ناكرێت تێپەڕبێت، بەڵام پارتی لە ترسی ئەوەی ئەو سەروەرییە بە گەڕاندنەوەی بودجەكە بۆ ئۆپۆزسیۆن تۆماربكرێت، نایەوێت پشتگیریی لە گـەڕانـەوەی بودجەكە بكات بۆ حكومەت.

لە بەرامبەردا پەرلەمانتارانی پارتی گرنگە بەلایانەوە ئەو بودجەیە بگەڕێننەوە بۆ حكومەت، وەك ئیسماعیل گەڵاڵەیی، پەرلەمانتاری فراكسیۆنی گۆڕان دەڵێت: «لە راستیدا ناكرێت مامەڵەیەكی سیاسیی لەگەڵ بودجە بكرێت، بەڵام ئەو دوو حیزبە وایانكردووە، دوای هەڵبژاردنەكان پارتی بووەتە گەورەترین هێز لەسەر شەقامی سیاسیی هەرێم، لەكاتێكیشدایە كە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەكێتی هەیەو سەرۆكی حكومەتیش لە یەكێتییە، كە ئەمە بێگومان كاریگەریی دەبێت بۆ سەر ئەو هاوپەیمانێتییە، ئەمەش كاتێكی گونجاوە بۆ پارتی كە ئەو پێداچوونەوەیە بكاتو بودجە كارتێكی بەهێزە بەدەست پارتییەوە كە لەگەڵ پشتگیریكردن لە گەڕانەوەی بودجە بۆ حكومەت كار لە توانای ئەو حكومەتە دەكاتو گومانێكی لەسەر دروستدەبێت».

سەبارەت بەوەی چاوەڕواندەكرێت كـەی دانـیـشـتـنـەكـانـی پـەرلـەمـان دەسـتـپـێـبـكـەنـەوە، وتـەبـێـژەكـەی كوردستانیی رایگەیاند: لە بنەڕەتدا دەبوو دوای پشوو دانیشتنەكان راستەوخۆ دەستیانپێبكردایەتەوە، چونكە هەركاتێك بودجە خرایە خشتەی كـارەوە دەبێت تەواوبكرێت، بەڵام لەبەرئەوەی تائێستا پەرلەمانتاران ئاگادارنەكراونەتەوەو دەبێت بەر لە (٨) سەعات پەرلەمانتارانیش ئـاگـاداربـكـرێـنـەوە، ئـەوا پێدەچێت دانیشتنەكە بۆ كۆتایی ئەم مانگە یان سەرەتای مانگی داهاتوو دوابكەوێت.

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی چاودێری هەڵبژاردن:

# (١٥) جۆر پێشێلکاریی لە هەرێم تۆمارکراون

بەرهەم خالید

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە چاودێریی ڕەوشی هەڵبژاردنەکانی عێراقیان کردووە، چەندین خروقاتی جۆراوجۆر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (٢٠١٠/٣/٧) ڕوویانداوەو بەوهۆیەشەوە (١٩٧٩) سکاڵا ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کراوەو دەنگی (٥٧) وێستگە پووچەڵکراونەتەوە، هاوکات تۆڕی شەمس ڕایگەیاندووە؛ کە لە کۆی (٢٢٤) پێشێلکاریی (٦٠)یان لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک تۆمارکراونو تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردنیش لە ڕاپۆرتێکدا چەندین حاڵەتی پێشێلکاریی لە کوردستان خستووەتەڕوو.

چاودێرانی هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٠/٣/٧) پێیانوایە؛ پرۆسەکە بەبێ پێشێلکاریی تێنەپەڕیوەو ژمارەیەکی زۆر تێبینییان تۆمارکردووەو ئەو تێبینییانەش لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، هەرچەندە بەشێکیان ئاماژە بۆ ئەوەشدەکەن؛ ئەو حاڵەتانە کاریگەریی ئەوتۆی نابێت بۆ سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە.

لە ڕاپۆرتی سەرەتایی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، ئاماژە بۆ ئەوەکراوە؛ چاودێرەکانیان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا (٢٢٤) پێشێلکارییان تۆمارکردووە، کە (٣٨) یان لە جۆری سوور بوون، لەو ژمارەیەش پارێزگاکانی هەرێم (٦٠) حاڵەتی تێدا تۆمارکراوە بەمجۆرە؛ (سلێمانی ٣٢، هەولێر ١٦، دهۆک ١٢)، کە دەکاتە چارەکی سەرجەم پێشێلکارییەکان، هەروەها شاری کەرکوکیش (٥) حاڵەت، ئەوە لە کاتێکدایە بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانی هەرێم جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە هەرێمدا هەڵبژاردنەکە بەبێ خەوش بەڕێوەچووە.

تۆڕی شەمس لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن؛ ئەو پێشێلکارییانە نەگەیشتوونەتە ئاستی ساختەکاریی تەواو، بەڵام ئەو تێبینییانەشیان لە جۆری ڕێگەگرتن لە چاودێرو بانگەشە لە ڕۆژی دەنگدانو لەناو وێستگەکانو دەنگدانی بە کۆمەڵو دەنگدان لەبری کەسێکی دیکەو ڕاگرتنی پرۆسەی ئەژماردن بۆ (٢٠) خولەک تۆمارکراون، ئەوە سەرەڕای تێبینییان لەسەر دەنگدانی تایبەتو دەرەوەی وڵات، کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکان پووچەڵکرانەوە.

لە هەڵبژاردنەکەی عێراقدا (٥٠٠) چاودێری نێودەوڵەتیو (٧٠)ی کۆمکاری عەرەبیو (٢٥٠) هەزار چاودێری ناوخۆییو (١٠٠) چاودێری یەکێتی ئەوروپا، چاودێری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، ئەوە جگە لە (١٣) تیمی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە شارەکانی بەغداو کەرکوکو نەینەواو ئەنبار چاودێریی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد.

ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٢٠) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: تا لێکۆڵینەوە لە سەرجەم سکاڵاکان نەکات، هیچ ئەنجامێکی دیکە ڕاناگەیەنێت، لەبەرئەوەی تائێستا کۆمسیۆن (١٩٧٩) سکاڵای بەدەست گەیشتووە، کە لەنێویاندا (٣١٩) سکاڵای سوور هەیەو تا ئێستا دەنگی (٥٧) وێستگە بەهۆیانەوە پووچەڵکراونەتەوەو لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانیش بەردەوامە.

ڤیان شێخ عەلی، بەرپرسی ڕێکخراوی تەمموز بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکردووە؛ «لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی (٣/٧)، تەزویرو ساختەکاریی ڕوویداوەو لەناو مەڵبەندی جیاکردنەوەی دەنگەکانیشدا چەندین حاڵەتی تەزویر ئاشکرابوون، کە لەلایەن فەرمانبەرانی کۆمسیۆنەوە ئەنجامدراون، بۆیە دەبێت کۆمسیۆن ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەوەی دەنگی لیستێک خراوەتە سەر لیستێکی دیکە، یاخود نا». ڤیان ئەوەشی ڕاگەیاندووە: «بەداخەوە تەزویرو ساختەکارییەکی وەها ڕوویداوە، کە کاریگەریی تەواوەتی دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو چاودێرەکانی ئێمەش تێبینیی ئەوەیان کردووە، کە لەکاتی داخڵکردنی داتاکاندا ساختەکاریی ڕوویداوە».

بەپێی بەیاننامەیەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکان، زۆرترین سکاڵاکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی گشتیی لە پارێزگاکانی نەینەواو کەرکوکو سلێمانی تۆمارکراون.

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی سەرەتایی تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردن سەبارەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە سێ ڕێکخراوی ناحکومیی سەربەخۆ پێکدێتو لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لەڕێگەی (٣١٠) چاودێری خۆبەخشەوە چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە سنووری هەرێمی کوردستاندا کردووە، چەندین تێبینییان تۆمارکردووە، لەوانە:

دووبارەبوونەوەی دەنگدانی هاوڵاتییان بەتایبەت ئەندامانی هێزە ئەمنییو سەربازییەکان، کە پێشتر لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٤)دا لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەتدا دەنگیاندابوو، بوونی گوشار لەسەر دەنگدەران بۆ دەنگدان بەلایەنێکی دیاریکراو، دواکەوتنی کرانەوەی ژمارەیەک ناوەندو وێستگەی دەنگدان بەڕووی دەنگدەرانداو کەمیی شارەزایی لای فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەناوەندو وێستگەکانی دەنگداندا، بەتایبەت لەبواری ناسینەوەی بەشداربووانی هەڵبژاردنو خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ چاودێرە بێلایەنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، نەبوونو نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەران، هەروەها بوونو مانەوەی پاشماوەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرجەم لایەنەکان لە دەوروبەری ناوەندەکانی دەنگدان بە شوێنی دیارو بەرچاوەوەو لەدووری چەند مەترێکی کەم لە ناوەندەکانی دەنگدانەوەو بوونی دیاردەی چەکداریو کاری بانگەشەی هەڵبژاردن لەدەوروبەری ناوەندەکانی دەنگدان.

تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردن، لە هەریەک لە ڕێکخراوەکانی ئینستیتیۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (KIHR) لە پارێزگای هەولێرو ڕێکخراوا مافێن مەدەنی لکوردستانێ (KCRO)لە پارێزگای دهۆکو پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) لە پارێزگای سلێمانی پێکدێت، داوا لە کۆمسیۆن دەکات ئەو تێبینییانەیان بە هەند وەربگیرێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ئەو حاڵەتانە دووبارەنەبنەوە.



دیمەنێک لە دەنگدانی تایبەت ٢٠١٠/٣/٤

فۆتۆ: هیوا جەمال

---

## لەودیوی ئەوداوە



مەم بورهان قانع

# حیکایەتەکانی هەڵبژاردن

هەفتەی ڕابردوو هەواڵی هەڕەشەکردن لەلایەن بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراقەوە لە دوو ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاوکرایەوەو هەر لە هەواڵەکەیشدا ئاماژە بەوەکراوە، کە ئەو دوو ئەندامەی کۆمسیۆنی باڵا سکاڵایان لەلای نەتەوەیەکگرتووەکانو جامیعەی عەرەبیو چەند باڵیۆزخانەیەکی پەیوەندیدار لە عێراقدا لەسەر ئەو بەرپرسە باڵایەی حکومەتی عێراقی تۆمارکردووە.

ئەم هەڕەشەکردنانە لە بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هاوکاتن لەگەڵ بەشێکی زۆری نیگەرانییەکانی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقو بەگوێرەی ئەو دەرئەنجامە سەرەتاییانەیشی کە لەئەنجامی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکانی لیستو قەوارە سیاسییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەشێکی زۆری چاوەڕواننەکراوبوون، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر گومانو نیگەرانیی لەلای بەشێکی زۆری لیستە بەشداربووەکان دروستکردووە.

بێگومان ئەم نیگەرانیو نارەزاییانەیش بەرامبەر ئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەم هەڵبژاردنە، هەرێمی کوردستانو کوردی لێ بێبەش نەبووە، بەتایبەتی سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەنگەکانی سنووری بازنەی پارێزگای کەرکوک.

نیگەرانییەکان هەرچییەک بن، بۆ بەرپرسێکی باڵای حکومیی نییە هەڕەشە لە ئەندامێکی کۆمسیۆن بکات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەگوێرەی فەسڵی چوارەم لە دەستووری عێراقی، کە لە مادەی ١٠٢دا ئاماژەی پێکراوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەستەیەکی سەربەخۆیەو ملکەچی چاودێریکردنە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، بۆیە هاوکات لەگەڵ داواکەی نوری مالیکی بە سەرلەنوێ دەستکردنەوە بە ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە، بەرپرسیارێتیی پەرلەمانی عێراقە (کە وادەکەی تەواوبووە) لێپێچینەوە لە هەر نیگەرانیو گلەییەک بکات کە بەرامبەر کۆمسیۆنو کارەکانی لەم پرۆسەی جیاکردنەوەیەی دەنگەکاندا دروستبووە، لەکاتێکدا بەهۆی تەواوبوونی وادەی یاسایی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقەوەو پاڵپشت بە دەستووری عێراقی، لەم ساتەوەختەدا هیچ هێزو دەسەڵاتێک نییە بەدواداچوون بۆ کەموکوڕییو خراپیی ئەدای کۆمسیۆن بکات (ئەگەر ئەو نیگەرانییانە لەجێی خۆیاندابن)و ئەمەش بۆ خۆی دەمانخاتە بەردەم کێشەیەکی قانوونیو هەروەها قەیرانێکی کەم تا زۆر گرژییو ئاڵۆزەوە لەنێوان پێکهاتەو لیستە سەرەکییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی ئەمجارە (کە بە دوور نازانرێت لە داهاتوودا کاریگەرییەکانی دەربکەون).

لەپشتی ئەم هەڕەشەکردنانەوە لە کۆمسیۆن (کە بەشێکن لە حیکایەتەکانی هەڵبژاردن)، بەشێکی ئەو حیکایەتەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە تەنیا گرەنتی نییە بۆ بوونی سیستمێکی دیموکراسی، بەڵکو ئەوە قبووڵکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنو بە فیعلیی سەربەخۆییبوونی کۆمسیۆنو دەزگاکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنە، کە ئەو بڕوایەمان زیاتر لەلا تۆخدەکاتەوە لەبەردەم ئەزموونێکی ناوازەی دیموکراسیو چەسپاندنی ئەلفو بێی دیموکراسیداین.

وەک چۆن لە هەرێمی کوردستاندا هەمان نیگەرانیی سەبارەت بە لەرزۆکیی پایەکانی دیموکراسی لە ئارادایە، ئەمەش لە ڕووانگەی بوونی لێشاوێک خەوش لەسەر هەڵبژاردنەکانو گومانکردن لە سەربەخۆبوونی کۆمسیۆنو ئەو دەزگایانەی دیکەش کە بەگوێرەی دەستوور بە سەربەخۆ دانراون، بە هەمانشێوە لە عێراقیشدا هەمان حیکایەت دووبارە دەبنەوە.

هەربۆیە جۆری سیناریۆو حیکایەتەکانی هەرێمو بەغدا تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکترییەوە نزیکن، ئەمەش هێندەی تر ئەو خەونەی هاوڵاتییان لەباردەبات، کە خەونبینینە بە چەسپاندنی دیموکراسیو قبووڵکردنی ڕای جیاوازو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێخەوشو دوور لە ساختەکارییو هەروەها دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی دیموکراسیو مەدەنیانە (وەک لە دەستووری عێراقیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە)، دیموکراسییەک، کە لێوانلێو بێت لە چەمکو بەهاکانی دیموکراسی.

# دیوانی چاودێری دارایی، فەزایەک لە نهێنی

ڕۆژنامە

**دوو دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان هەن، کە تاڕادەیەکی کەم کارەکانیان ئاشکرایەو بە وتەی خۆشیان ڕاپۆرتەکانی دیوان دەربارەی گەندەڵیی ڕەوانەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان دەکرێت لە بری پەرلەمانی کوردستان، کە لیژنەی نەزاهەی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ڕەخنەی ئەوە لەو دوو دیوانە دەگیرێت کە «لە بۆشاییەکی یاساییدا کاردەکەن‌و یاسایەکی دیاریکراو پەیڕەوناکەن‌و هیچ هەماهەنگییەکیش نییە لەنێوانیاندا».**

## پەرلەمان داوای جێبەجێنەکردنی یاساکانی دەکات

سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/٢١) یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان–عێراقی دەرچوواند، بەڵام لە خولی پێشوودا ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە کراوە.

لە دوای سەردانی وەفدێکی لیژنەی نەزاهەو دارایی پەرلەمانی کوردستان بۆ چاودێری دارایی هەولێر، پەرلەمانتار عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە لەو سەردانەدا بەرپرسانی دیوان پێیان ڕاگەیاندوون، ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە پەرلەمانی کوردستانەوە نییە، چونکە پێشتر بەشێوەیەکی زارەکیی سەرۆکی خولی پێشووی پەرلەمان پێی ڕاگەیاندوون، کە ئەو یاسایە جێبەجێنەکەن‌و یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠) پەیڕەوبکەن.

هاوکات بە وتەی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، دوای دوو ڕۆژ لە دەرچوونی یاساکە، عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی پێشووی پەرلەمان‌و کەمال کەرکوکی جێگری‌و شیروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لە سەردانێکیاندا بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، داوایان لێکردوون، کار بەویاسایە نەکەن‌و لەسەر کارکردن بە یاسا کۆنەکە بەردەوامبن.

عەدنان عوسمان دەڵێت: «جێگەی پرسیارە کە سەرۆکی پەرلەمان‌و جێگرەکەی‌و سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە دامەزراوەیەکی تەشریعی وەک پەرلەمان، لەگەڵ دەرچوونی یاسایەک داواکاربن کاری پێنەکرێت، ئەگەر وایە بۆ یاسایان دەرکـــردووە کە دانی پێدانانێن؟».

ئەو داواکارییەی سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەکاتێکدا بووە، کە لە بڕگەی سێیەمی مادەی (٢٢)ی یاسا نوێیەکەدا، هاتووە کە بە دەرچوونی ئەم یاسایە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)ی دیوانی چاودێری دارایی‌و پەیڕەوی ژمارە (١٢١)ی ساڵی (١٩٩٩) هەڵدەوەشێنەوەو لە مادەکانی دواتریشدا هاتووە، کە کار بە هیچ یاسایەکی دیکە ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت‌و ئەم یاسایەش لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائع) کاری پێدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا دیوانی چاودێری دارایی هەولێر یاساکۆنەکەو دیوانی چاودێری سلێمانی هەردوو یاساکە جێبەجێدەکات، سەرچاوەکەی دیوانی چاودێری هەولێریش خودی پەرلەمان بە بەرپرس دەزانێت لەوەی دیوانی چاودێری دارایی «لە بۆشاییەکی یاساییدا کــاردەکــەن»، هــەروەک دیوانی چاودێری دارایی هەولێریش بە «کەمتەرخەم» دەزانێت، چونکە بەشێوەیەکی ڕەسمیی داوای کارنەکردن بە یاسا نوێیەکە نەکراوەو لە ڕووی یاساییشەوە بڕیار بە نووسراو دەبێت، نەک بە زارەکیی.

## کاری حکومەت‌و پەرلەمان لەگەڵ ئەو دەزگایانە ناشەرعییە

لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥)ەوە کارکردن لەگەڵ هەردوو دەزگــای دیوانی چاودێری دارایــی‌و ئەو بودجەیەش کە لە ساڵانی ڕابــردوو بۆی تەرخانکراوە، نایاسایی بووە.

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٢/١١/٦) بڕیاری ژمارە (٢٤)ی دەرکردووە، کە بەپێی ئەو بڕیارە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٥)، هەر دەزگایەک شێوازی دوو ئیدارەیی پێوەمابێت کارکردن لەگەڵیان ناشەرعییە، هەرچەندە لە ڕووی شکلییەوە جێبەجێکراوە، بەوەی حکومەت یەکیگرتووەتەوە، بەڵام لە واقیعدا حکومەت‌و وەزارەتەکان‌و بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش بە دووئیدارەیی ماونەتەوە.

پەرلەمانتار د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، کارکردنی حکومەت‌و پەرلەمان لەگەڵ هــەردوو دەزگــای چــاودێــری دارایــی لە ٢٠٠٥ەوە تائێستا بە ناشەرعیی وەسفکردو بە ڕۆژنامەی وت: «هەر مامەڵەیەکی حکومەت‌و پەرلەمان لەگەڵیان‌و سەرفکردنی بودجە بۆیان وەک خروقاتێکی یاسایی وایە کە حکومەت‌و پەرلەمان کردوویانە، ئەمە مانای وایە کە خۆیان کار بە یاساو بڕیارەکانی خۆیان ناکەن».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە «حکومەت‌و پەرلەمان دەکەونە بەر پرسیار، کە ئەگەر خۆیان یاساو بڕیارەکان پێشێلبکەن، کێ جێبەجێی دەکات».

## بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گەندەڵیی نەکراوە

تائێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە بەدواداچوون بۆ یەک دۆسیەی گەندەڵیی بکات، کە ئەوان دیوانی چاودێری دارایی هەولێر و سلێمانی بە خەتابار دەزانن، چونکە ڕاپۆرتیان ئاراستەی پەرلەمان نەکردووە.

بەوتەی عەدنان عوسمان، لەگەڵ ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر ڕاپۆرتەکانی ڕەوانـەی پەرلەمان ناکات، بەڵام دیوانی چاودێری دارایـی سلێمانی ڕاپۆرتەکانی ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان پشتگوێی خستوون.

هـاوکـات، سـەرچـاوەیـەک لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئەوان ڕاپۆرتەکانیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کـردووەو لە دوای دەرچوونی یاساکەیانەوە هەتا ٢٠٠٩/٣/١٥ نزیکەی (١٠٠) ڕاپـۆرتـیـان ڕەوانــەی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و زیاد لە (٨٠) ڕاپۆرت‌وکێشەی‌ئیختلاس‌وساختەکاریشیان داوەتــە سەرۆکایەتی داواکــاری گشتیی دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی لە هەولێر لە ڕۆژی دامەزراندنی دەستەی مافی داواکاری گشتییەوە.

بوونی دوو دیوانی چاودێری دارایی بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسیی، هۆکارە بۆ شـاردنـەوەی ڕاپۆرتەکانیش لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.

لەمبارەیەوە پەرلەمانتار د. ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نـەزاهـەی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە «بوونی دوو دەزگای چاودێری دارایی کاریگەریی لەسەر بەدواداچوونی دۆسیەکانی گەندەڵیی هەیە»، بەتایبەت کاتێک دەستەی نەزاهە پێکدەهێنرێت، بوونی ئەو دوو دەزگایە دەبنە گرفتێک لەبەردەم دەستەکەدا.

شارەزایانی بواری داراییش گومانیان لــەوە هەیە کە هیچکام لە هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتووبن، د.هۆشیار مەعروف، پسپۆڕی دارایـی‌و ئابووریی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «چارەسەری گەندەڵیی تەنیا لە ڕێگەی بوونی دیوانێکی چاودێری دارایــی سـەربەخۆوە دەبـێـت، کە گشت دەسەڵاتەکانی هەبێت‌و کارەکانی بەپێی دەســتــوور ڕێکبخرێت‌و هیچ لایەنێکی حکومەت‌و پەرلەمان دەست لە کاروبارەکانی وەرنەدات‌و سەر بە حیزبیش نەبێت، لەگەڵ بوونی دەستەیەکی نەزاهە کە بتوانێت چاودێر بێت، بەڵام لە کوردستان پێناچێت بتوانرێت ئەوە بهێنرێتەدی».

## دیوانی چاودێری چالاک‌و سست

هەرچەندە دوو دەزگــای چاودێری دارایی هەیە، بەڵام تاڕادەیەک ڕاپۆرت‌و کـارەکـانـی دیـوانـی چــاودێــری دارایـی سلێمانی ئاشکرادەکرێن، تائێستا ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبینرێت، ئەگەر کاریشیان وەک پێویست لەسەر نەکرابێت، تەنیا ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانییە، کە بەدەیان ملیارو ملیۆن دۆلاریان گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

بەشێکی ئـەو ڕاپـۆرتـە نهێنیانەش کـەوتـوونـەتـە دەســت ئـۆپـۆزسـیـۆن‌و پەرلەمانتاران‌و میدیا جۆراوجۆرەکان، بۆیە خەڵک دەتوانێت ئەرک‌و ماندوبوونی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی هەڵبسەنگێنێت.

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانیش ئەوەی خستەڕوو، کە دیوانی چاودێری سلێمانی نموونەیەکی تاڕادەیەک باشەو کارەکانیان ئاشکران، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی هەولێر سستن‌و ئەوەش لەو سەردانەی لیژنەی نەزاهەو دارایی پەرلەمان بۆ دیوانی چـاودێـری دارایـی هەولێر ئاشکرابوو، کە لە ڕووی چەندایەتی‌و چۆنێتی‌و ئەو بابەتانەی کاریان لەسەر کردبوو، وەک دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی نەبوون.

سەرچاوەکەی دیوانی چاودێری دارایی هەولێریش جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە دیوان کارەکانی بەباشی بەڕێدەکات، بەڵام کاتێک ڕاپۆرتەکان بەرزدەکاتەوە، لەوێدا ڕاپۆرتەکان پشتگوێدەخرێن‌و کاریان لەسەر ناکرێت، بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، تائێستا دیوانی چاودێری دارایی هەولێر چی گەڕاندووەتەوە بۆ بودجەی گشتیی‌و ئەگەر لە هەولێر گەندەڵیی نییە، کەواتە چ پێویست بە بوونی دیوانی چاودێری دارایی دەکات؟

هـاوکـات د.ڕەفـیـق سابیر، هۆکاری لاوازیی دیوانی چاودێری دارایی هەولێری گەڕاندەوە بۆئەوەی کە ئەوان وەک دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەستیان کراوە نییەو بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە، هاوکات هیواشی خواست لەکاتی پێکهێنانی دیوانی گشتیی چاودێری دارایی سوود لە چالاکی‌و کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی وەربگیرێت.

## بۆچی ئەنجامەکان ئاشکراناکرێن؟

لە بڕگەی (٦)ی مادەی (١٦)ی یاسای (٢٠٠٨)ی دیوانی چاودێری دارایی، تایبەت بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دیوان هاتووە؛

**لە ٨٠٪ی ئەو ڕاپۆرتانە پشتگوێخراون کە بۆ پەرلەمان نێردراون**

«ســەرۆکــی دیــوان بـۆی هەیە بەهۆی داواکاری گشتییەوە داوای یاسایی لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی دارایی تۆماربکات، ئەگەر وەزارەت دەستی بەوکارە نەکرد».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی زیاتر لە (٢٧٠٠) ڕاپۆرتی تایبەت بە دۆسیەی گەندەڵیی ناو دامودەزگاکانی حکومەت لەبەردەستدایە، هەرچەندە لە (٢٠٠٨/٥/٢٠)ەوە پێشکەشی پەرلەمانی کردوون، بەڵام ئەو ڕاپۆرتانە لــەلای ســەرۆکــی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ماونەتەوەو نەخراونەتەڕوو، کە بەپێی زانیارییەکان (٨٠٪)ی ئەو ڕاپۆرتانە کاریان بۆکراوە، بەڵام پشتگوێخراون، ئەمە جگە لــەوەی چاودێری دارایــی سلێمانی لە مانگی نیسانی (٢٠٠٩)دا لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە وەڵامنەدانەوەی (٢٥٠٠) ڕاپۆرتی گەندەڵیی پێکهێنا، کە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٤)و سەردەمی دوو ئیدارەیی حکومەتی هەرێم، بەڵام کارکردنی ئەو لیژنەیە لە ئاستێکدا وەستاو ئەنجامەکانی ئاشکرانەکران.

## ڕاپۆرتەکان دەدرێنە مەکتەبی سیاسیی

چاودێرانی بواری ئابووریی ئەو ڕەخنەیە لە دیوانی چاودێری دارایــی دەگــرن، کە دەبوو ڕاپۆرتەکانیان بۆ ڕای گشتیی‌و خەڵک ئاشکرا بکردایە، جگە لەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی چاودێری دارایی زۆربەیان لەسەردەمی دووئـیـدارەیـی حکومەتی هــەرێــمــەوە ئامادەکراون لە (٢٠٠٤–٢٠٠٨)، بەڵام تائێستا ئاشکرانەکراون‌و تاوانباران سزانەدراون.

بەڵام جەلال عومەر سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چـاودێـری دارایـی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ کوردستانی نوێ ڕایگەیاندبوو؛ «ماوەیەکی زۆرە چەندیاداشتێکیان ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و حکومەت کردووەو تەواوی ئەو زانیارییانەی تێدایە کە کەموکورتی لە ئیدارەدانی حکومەتدا هەیە».

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، بۆچی دیوانی چاودێری دارایـی ڕاپۆرتی خۆی دەداتە مەکتەبی سیاسیی حیزب‌و نایداتە شوێنەکانی دیکەو بەنهێنی دەیهێڵێتەوە؟ بۆچی دەبێت یاسا لە هەرێم ڕێگر بێت لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتانە؟ بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە کە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی داوای لابردنی نهێنیبوونی ڕاپۆرتەکانی کردووەو پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە هیچ نەبێت پاش ساڵێک ئەو ڕاپۆرتانە بۆ ڕای گشتیی بڵاوببنەوە.

هەروەک دەکرێت بپرسین ئایا دیوانی چاودێری دارایی عێراق چۆن کاردەکات‌و لە یاساکەیاندا چی دەڵێت: «أمر سلطة الائتلاف الموقتة رقم (٧٧) دیوان رقابة المالیة وفقا لصلاحیاتی کمدیر إداری لسلطة الائتلاف الموقتة و انسجاماً مع قرارات مجلس الامن الدولی بما فیها القرارات (١٤٨٣) و (١٥١١) لسنة (٢٠٠٣) و بناءً علی قوانین و أعراف الحرب. ملاحظاً أن قانون دیوان الرقابة المالیة رقم (٦) لسنة (١٩٩٠) (قانون دیوان الرقابة المالیة» أو «القانون») یجعل من دیوان الرقابة المالیة کمؤسسة تدقیق عُلیا فعالة تحتاج الی (١) تزوید الجمهور و المحکمة بالمعلومات الدقیقة الموضوعیة حول العملیات الحکومیة و الاوضاع المالیة. (٢) تعزیز الاقتصاد و الکفاءة من خلال القیام بتشکیلة واسعة من التدقیق المالی و الادائی و تقیم البرامج».

لە بڕگەی (١)ی یاساکەیاندا باس لە خەڵک‌و حکومەت دەکات، کە دەبێت دیوانی چاودێری دارایی زانیاریی ڕاست‌و دروستیان بداتێ دەربـارەی کارەکانی حکومەت‌و بارودۆخی دارایی وڵات، کە ئەم بڕگەیە لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستاندا بوونی نییەو بە پێچەوانەوە قەدەغەکراوە، کە نەک هاوڵاتییان بۆیان نییە ئەو ڕاپۆرتانە ببینن، بەڵکو تەنیا لایەنی پەیوەندیدارو مەکتەبی چاودێری‌و پشکنینی (ی.ن.ک) ئەو میهرەبانییەیان پێبەخشراوە.

ئەو شەفافیەتەی لە دیوانی چاودێری دارایــی عێراقدا هەیە لە کاتێکدایە، کە لە هەرێمی کوردستان بـاس لە دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری دارایی دەکرێت، کە دەبێت بەهێزو شەفاف بێت، بەرپرسانی هەرێم باس لە ئەزموونی دیموکراسی هەرێم دەکەن‌و دەڵێن: «بارودۆخی هەرێم تایبەتەو ئاسایش‌و هێمنیی بەرقەرارەو ئەم بارودۆخە لە عێراق فەراهەمنەکراوە»، ئەگەر عێراق کێشەی ئەمنیی هەبێت‌و بە بەراورد لەگەڵ هەرێم هەمووی چەند ساڵێکە ڕزگاری بـووە، کەواتە دەبێت هەرێم شەفافانەتر کارەکانی ئەنجامبدات وەک لە بەغدا، نەک بە پێچەوانەوە، بەڵام کاتێک ئەمە ناکرێت هیچ لایەنێکیش خۆی بە بەرپرس نازانێت لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

## چاودێری دارایی حساباتی خیتامی حکومەت نابینن

ئەندامانی لیژنەی دارایــی پەرلەمان ڕەخنەشیان لە دەزگاکانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی هەیە، کە دەبوو ڕاپۆرتیان لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجە لە وەزارەتەکان پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، تا بەراوردی ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی‌و وەزارەتی دارایی بکرێت، بەڵام سەرچاوەیەکی باڵا لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر ئەو بۆچوونەی پەرلەمانتارانی ڕەتکردەوە، کە دیوان لەوبارەیەوە کەمتەرخەمبێت‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەپێی سیستمی کارکردنی دیوانی چاودێری دارایی، پێویستە ساڵانە دیوانی چاودێری دارایـی ڕاپۆرتی خۆی لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجە لەلایەن وەزارەتەکانەوە هەبێت، بەڵام ئەمە لای ئێمە ناکرێت، چونکە دوو دیوانی چاودێری دارایی هەیەو ناتوانرێت لەسەر وەزارەتەکانی هەرێم کاربکەن بە جیا».

هەروەها سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا، کە لەساڵی (٢٠٠٣)وە وەزارەتــی دارایی حکومەتی هەرێم ڕێگەی بە دیوانی چاودێری دارایی نەداوە حساباتی خیتامی بکات، کە دەبوو بەرلەوەی ژمێرەی کۆتایی بودجەی ساڵانە ڕەوانەی پەرلەمان بکات، ڕاپۆرتەکە بنێرێت بۆ دیوانی چاودێری دارایــی تا پەسەندی بکەن‌و ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ڕاستی‌و دروستیی ئەو ڕاپۆرتە بخەنەڕوو و بە یاداشتێک لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا ڕەوانەی پەرلەمانی بکەنەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی ئەوەناکات!.

## لەژێر فشاردا حساباتی خیتامی وەردەگرن

سەرچاوەیەک لە وەزارەتــی دارایــی حکومەتی هەرێم ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە لە (٢٠٠٣)وە تائێستا وەزارەتی دارایی ڕێـگـەی بە دیـوانـی چـاودێـری دارایـی نەداوە کە حساباتی خیتامی بکات، بەڵام بەمدواییانە لەژێر فشاری حکومەتی عێراقی کە هەڕەشەی ئەوەیکرد، ئەگەر وەزارەتی دارایـی لەو کـارەی بـەردەوام بێت، ئەوا ئەوانیش لە پارەی پشکی حکومەتی هەرێم کێشەیان بۆ دروستدەکەن».

پێویستە لە ئێستادا دیوانی چاودێری دارایــی لە حساباتی خیتامی (٦) ساڵی ڕابردوو بکۆڵێتەوەو لە ئێستاشدا دوو لیژنەی پێکهێناوە، کە هەر لیژنەیەک لە (٥) کەس پێکهاتوون تا لێکۆڵینەوەکان دەستپێبکەن، سەبارەت بـەوەش کە بۆچی لە (٢٠٠٤)ەوە حساباتی ختامی وەزارەتەکان لەلایەن چاودێری داراییەوە نەکراوەو نەبینراوە، بەرپرسانی دیـوان، وەزارەتــی دارایـی بە بەرپرس دەزانن کە ڕێگەیان پێنەداون.

پێویستە لیژنەی نەزاهەو لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەبێت زۆر بە وردیی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی دیوانی چاودێری دارایی تاووتوێبکەنەوەو هەوڵی ئەوە بدەن کە یاسایەک دەربکەن، کە ئەگەر لەوەی عێراق باشتر نەبێت، ئەوا لەو ئاستەدا بێت، بەو هیوایەش لە ئایندەدا ڕاپۆرتەکانی ئەم دیوانە بە شەفافانە بخرێنە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و مۆری «نهێنی‌و تایبەت»ی ئەم ڕاپۆرتانە بە یاسا لاببرێت، بۆ ئەوەی ببێتە فشارێکی دیکە بۆ سەر دامودەزگاکانی حکومەت‌و گەندەڵکاران.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەڕانەوەی (١٨) ملیۆن‌و (٧٥٠) هەزار دۆلارەکە، پاش ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەڕێز جەلالی سام ئاغا، هەواڵی گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەی پێڕاگەیاندین، کە گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی بودجەی حکومەت‌و ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٢٣) بڵاوبووەوە، کە بڕی ئەو پارەیە (١٨) ملیۆن‌و (٧٥٠) هەزار دۆلارە، ئاشکراکردنی گەڕانەوەی ئەو پارەیە جێی دڵخۆشیی هاوڵاتییانەو دەستخۆشی کردنیشە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، کە ئەم بابەتەی وروژاند، پرسیاری گەورە ئەوەیە، ئاخۆ چەند ملیۆن دۆلاری دیکەی بودجەی هەرێم بەم دەردە براوە؟

کێ ڕاستیی گەڕانەوەی ئەم بڕە پارەیە دەسەلمێنێت؟

ئایا ئەو فائیدەیە چەندە، کە بۆ نزیکەی (٣) ساڵ خراوەتە سەر حیسابی کۆمپانیای (ئەلین بورگ) لە بەریتانیا؟.

ئایا کێ بەرپرسە لە دروستنەکردنی وێستگەی کـارەبـای تـەق تـەق بەهۆی گەندەڵییەوە، کە دەبوو بڕی (٤٨٨) مێگاواتی بەرهەم بهێنایە لەم بێ کارەباییەی هەرێمی کوردستان؟

کێ بەرپرسە لەناردنی ئەو بڕە پارەیە بەبێ (خیتاب زەمان)؟ ڕۆڵی سکرتاریەتی بـەڕێـز سەرکۆماری عـێـراق چییە لەو مەسەلەیەدا، کە لە وەڵامـی ئەو تاوانەدا بڵێت؛ (ئەو پارەیە پارێزراوەو لەڕێگەی دۆستانمانەوە هەوڵدەدەین بیگەڕێنینەوە).

ئایا داواکــاری گشتیی‌و میدیاکان‌و ئۆپۆزسیۆن‌و هاوڵاتییانی کوردستان بەم ئەنجامە ڕازی دەبن؟؟

## * کابینەی شەشەم، کابینەیەکی بێبەرنامەیە

# ـــۆڕان لە گردەکە بێنە خوارەوە



جەوهەر نامیق

پەرلەمانی عێراق بڕیاری کۆتایی لای ئەوانە، ئەم پرەنسیبەش بۆ یەک خولە، یان وای بۆ دەچن، کەناڵێکی پەیوەندییە بەجیهانەوە، واتە بە سەرۆک کۆماری وڵاتانی دیکەوە. وڵاتانی ئیقلیمیش هەڵوێستیان روونەو ئەوەی گرنگە، ئەمریکاو بەریتانیایە. بە پێچەوانەوە زۆرجار ئەو کەناڵە زیانبەخشە لەسەر پرسی کورد. نموونە زۆرە، ئەو پۆستانە زیاتر پرۆتۆکۆڵی بوون. سەرۆک کۆمارێک خۆی لە واژۆکردنی حوکمی لەسێدارەدانی دڕندەترین دوژمنی کورد لادات، وەک سەدامو عەلی کیمیاییو بەرگریی لە تاوانبارێکی ئەنفالچی، وەک سوڵتان هاشمو تاریق ڕەمەزان بکات لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، رەنجاندنی دڵی نەتەوەیەکو کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکانمانە، یان چ لە پۆستێکی وەزارەتی دەرەوە بکەین بۆ کورد کە رۆژانە سوپای تورکیاو ئێران حورمەتو سەروەریی وڵاتەکەمان دەشکێنن و گوندو ماڵو ماڵاتمان بۆردومان دەکەن، تورکیا نزیکەی (١٠)بنکەی سەربازیی لە هەرێمەکەماندا چاندووە، پەرلەمانی کوردستان داوایکردووە، دەبێت نەمێنن، هەر ماون و دوور نییە بە هێزتریش بکرێن. ئەگەر وەزیری دەرەوەی عێراق عەرەبێک بوایە، وروژاندنی دەیان پرسی وەها، ئاسانتر بوو بۆ کورد.

**رۆژنامە: لەدوای هەڵبژاردنی (٣/٧)، نەمانبینی کە سەرۆکایەتیی هەرێم هەنگاوی جدیی و بەپەلەو ئاشکرا بنێت بۆ نزیکبوونەوەی لە گۆڕان و بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەگشتیی، لە کاتێکدا مەسەلەکە هاوپەیمانێتییە لە بەغدا. ئایا ئەم هەڵوێستەی سەرۆکایەتیی هەرێم، لەبەر خاتری یەکێتییە، یاخود پارتی خۆشی هەمان بۆچوونی هەیە؟**

* پێش هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)و بۆ رۆژنامەی (رووداو)، تەمەننای ئەوەمان کرد کە هەر دوای هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان وەک مەرجەعیەت، لەگەڵ لایەنە براوەکان، واتا لیستی (کوردستانیی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) کۆبێتەوەو نەخشەو ستراتیژی کورد لە بەغدا بەمەرجەعیەت بکرێت، چونکە ئەو سەرۆکی هەرێمەو جگە لە لیستی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆنیش هەیە. دڵراگرتنی یەکێتی لەم بارەیەوە هۆکار نییە، هەروەها هەڵویستی پارتییش. باسی وا هەیە کە دوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکان بە فەرمی موبادەرەی وا بکرێت کە باشتر وابوو زووتر بێت. ئەم گشتگیرییە گرفتێکە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو تێگەیشتن لە پرەنسیپی مەرجەعیەت هێشتا نەگەیشتووەو هەستکردن و حیسابکردن بۆ قۆناغی دوای (٧/٢٥) بوونی یاسایی ئۆپۆزسیۆن هێشتا کامڵ نییە. چەندە ئەم کێشەیەش ئەرکی سەرۆکی هەرێم بێت، ئەوەندەیش ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارەو ناکرێت بێدەنگو بێهەڵوێست بێت. ئەمە مافی خەڵکە کە دەنگیان پێداون.

کاتی هاتووە، بیر لە مەرجەعیەت بکرێتەوە، مەرجەعیەتیش بەپێی یاسای ئێمە، پەرلەمانی کوردستانەو مادەیەکی روون هەیە کە دەڵێت پەرلەمان مەرجەعی خەڵکی کوردستانەو بەرپرسیارە بەرامبەر هەموو کێشە چارەنووسسازەکان. کێشەکانی ئێمەش لەبەغدا زۆربەی هەرە زۆری چارەنووسسازن، هەروەها بەپێی یاساش، سەرۆکی هەرێم بەرپرسە لەم هەرێمە، بۆیە من تەمەننام دەکرد هەر دوای هەڵبژاردن بە رۆژێک، سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی هەموو لایەنەکان بکات و گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشهاتە تازەیە بکەن و هەر لەو بانگهێشتەدا سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی لە لیستە براوەکانی هەڵبژاردن (لیستی هاوپەیمانیی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) دروستبکردایە بۆ داڕشتنی پرۆگرامێک بۆ چۆنێتیی هەڵسوکەوت لە نێوان هەرێمو بەغداو مەرجەعیەت و دوای ئەنجامی کۆتایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش کە لایەنە براوەکانی سەرئاستی عێراق دەرکەوتن، لیژنەکە دیسان دابنیشتنایەو ئەو پرۆژەیەیان باشتر دیراسە بکردایەو دەشیانتوانی بیدەنە راگەیاندن بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە زیاتر دەوڵەمەندبکرایەو دواتریش بنێردرایەتە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەتێرو تەسەلی زیاتر موناقەشە بکرایەو ببوایە بە میساق و قانوونێک، بۆ ئەوەی نوێنەرانی ئێمە پابەندی ئەو مەسەلەیە بن، بۆ ئەوەی پرسی کورد لەبەغدا رزگار بکەین لەمیزاجیەت و حیزبایەتی تەسک و لە دەسەڵاتی تاکەکەس و بیکەینە پرسی میللەت و نەتەوەیەک. پێموایە ئێستاش کات ماوە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە یەکڕیزیی ئێمەیە. من باوەڕم بەو دروشمە نییە کە ئێمە لەناوخۆ چەند ناکۆک بین ئاساییە، بەڵام بۆ بەغدا یەک بین، بۆچوونێکی دروست نییە، چۆن دەبێت لێرە خەڵک بگیرێت و بزر بکرێت و لەنەخۆشخانە خەڵک بڕفێنرێت و نانی خەڵک ببڕدرێت و تەعامولی فەوقی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی براوە بکرێت، هێشتاکە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە بڕیاری لەسەر نەدراوەو لایەنێکی سیاسیی هەستێت پاڵێوراو بۆ سەرۆک کۆمار دیاریبکات، کە بەشی خەڵکی دیکەشی تێدایە، ئەمجۆرە ئیجرائاتانە ساردیی دروستدەکەن.

> **هەست و خواستی گۆڕان و گۆڕین لە پەرەسەندنایە**

**رۆژنامە: سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق. بەپێی هەندێک زانیاریی، جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە سەبارەت بە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ لیستە شیعی و سوننییەکان؛ بۆچونێک لەناو پارتیدا پێی باشە، لەگەڵ لیستەکەی عەلاوی رێککەوتن بکرێت و بۆچوونێکیش لەناو یەکێتی پێی باشە، لەگەڵ لیستەکەی مالیکی، ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟**

* لەناو لیستی عێراقییەدا، یان زۆرینەی پێکهاتەی لیستی عێراقییە، زۆرترینی شۆڤێنیزمی عەرەبی تێدا کۆبووەتەوە، سەرسەختانە بەربەرەکانێی کورد دەکەن و ئاواتەخوازم لیستی عەلاوی رۆڵی سەرکی نەبێت لە حکومەتی ئایندەدا. لەم سەراوو دەراوەدا ئەمریکا رۆڵی کاریگەری هەیە. ئەوان چەند (ساڵح جەبرێکیان) هەیە، وەلێ تا ئێستا (نوری سەعید)ێکیان بۆ پەیدا نەبووە. جیاوازی لە نێوان حیزبەکوردستانییەکان لەمەڕ هاوپەیمانێتی لەگەڵ ناوەند، ئەگەر هەبێت باش نییە.

**رۆژنامە: بۆچی لە گوتاری کوردیدا ئەوە هەستپێدەکەین کە مەسەلەی بەشداربوون و نەبوونی کورد لەحکومەتی بەغدادا شتێکە براوەتەوەو هەر بەشدار دەبێت، پێتوایە، پێویستە بەهەر شەرت و مەرجێک ئێمە بەشداربین لەحکومەتی داهاتووی بەغدادا؟**

* نەخێر، دەبێت بەشداریی کورد لە سەر سەوابتی پرسی کورد بێت. خۆ لە سەردەمەکانی پێش رژێمی سەدامو لە سەردەمی ئەویشدا کورد هەر بەشداربووە لە دەسەڵاتی ناوەندو چەندین تەها محێدین و تەها جەزراوی و ... هەبووە.

**رۆژنامە: بۆچوونتان لەسەر بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆنە؟**

* ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی لیستی دەسەڵات و مەرجەعیەتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستیان لەمەڕ ئۆپۆزسیۆن و چونێتی بەشداریی لە ناوەند، بە هەرحاڵ ئەو پرسە بەجێهێڵراوە بۆ خودی گۆڕان.

**رۆژنامە: ئەگەر گۆڕان بەشداریی لەحکومەتی عێراقدا بکات. ئایا نابێت بە بەشێک لەو سیستمە گەندەڵەی کە ئێستا لە ئارادایە؟**

* گەندەڵیی دیاردەیەکی سەرتاسەرییە لە عێراقداو دیاردەیەکە ناتوانرێت، نکوڵی لێبکرێت، وەرنەگرتنی پۆست چارەسەر نییە بۆ گەندەڵیی. بەشداریی، بەندە بە یەکێتیی خیتاب و هەڵوێستی کورد لەمەڕ پرسەکەی و هەڵوێستی دەسەڵاتی ناوەند سەبارەت بەو خیتابە.

**رۆژنامە: کەواتە لایەنگری بەشداربوونی بزووتنەوەی گۆڕانی لە حکومەتی عێراقدا؟**

* پێش ئەوە، لایەنگری بەشداریی کوردم، بە گۆڕانیشەوە. لایەنگری یەکلاییکردنەوەی پرسی کوردو رزگارکردنیم لە موحاسەسەی حیزبی و تاکەکەسی و پۆست و ئیمتیازات.

**رۆژنامە: بۆچوونتان لەسەر ئەدای نزیک بە شەش مانگی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم چۆنە، لەکاتێکدا هەندێک لە چاودێران پێیانوایە، کە ئەم کابینەیە تا ئێستا نەیتوانیوە بە تەواوەتی هیچ خاڵێک لەبەرنامەکەی جێبەجێبکات؟**

* وتومەو جەختیشی لێدەکەمەوە کە کابینەی شەشەم، کابینەیەکی بێبەرنامەیە، من مەبەستم بەرنامەیەکی رون و ئاشکرایە، نەک خیتابێک. بەرنامەی حکومەت، ئەو بەرنامەیەیە کە گشت وەزیرەکانی ئەنجومەن بەشداربن لە دانانی و پەسەندکردنی و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ موناقەشەکردن و تەسدیقکردنی کە بەرنامەی فەرمی نەبێت، چی لێ مەزەندە بکرێت. بودجەی ئەم کابینەیە گەواهی لە بێبەرنامەیی ئەم کابینەیە دەدات. پێموایە، ئەم حکومەتە نە چووەتە سەر سکەی خۆی لەبەرنامەی؛ کارکردن، خەرج... هتدو هێشتا (خۆی بەغەریب و کاتیی دەزانێت).

**رۆژنامە: یەکێک لەو شتانەی کە بەرپرسانی باڵای ئەم کابینەیە شانازیی پێوەدەکەن، مەسەلەی شەفافیەتی بودجەیە. ئێوە پێشتریش بۆچوونی تایبەتتان لەسەر بودجە هەبوو. ئێستاو پاش ئەو مشتومڕەی ناو پەرلەمان، بۆچوونتان چۆنە؟**

* لە مێژووی ئەم (١٨)ساڵەی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکەمجارە ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن بەرنامەو بەرچاوڕوون و بوێرمان هەبێت و یەکێک لە شاکارەکانی ئۆپۆزسیۆن، وروژاندنی بودجەو ئەو پێداگرتن و وردەکارییە بوو. مەبەستم لە ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووە)، بە راستی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بە تایبەتی نوێنەرانی گۆڕان ئەزموونێکی نوێیان هێنایە کایەوە. خۆشحاڵم پاش (١٨)ساڵ پەرلەمانی کوردستان لە قاڵبی پەنجا بە پەنجا دەرچێت، ئۆپۆزسیۆنێکی بەرپرسیارو وردو بەهەڵوێست بەدەرکەوێت.

ئەو بودجەیە بودجەیەکی ناتەواوەو کاتی خۆی ناچاربووم کە وەسفمکرد بە(سەقەت)و شتی باشی تێدایە، بەڵام زۆرجار شتی خراپ شتی باشیش قوت دەدات، بۆیە لەوانەبووم کە زوو داوامکرد، باشترو دروستر وایە، ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و جارێکی دیکە بە سوودوەرگرتن لەو تێبینییانە، پێیدا بچنەوەو بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان. ئەو بودجەیە تەنیا شتی ناشەفافی تێدا نییە، بەڵکو یەکێک لە لایەنە خراپەکانی ئەوەیە، کە یەکەمجارە لە رێگای بودجەوە دەسەڵاتی کارگێریی تەجاوزی دەسەڵاتی پەرلەمان و دادوەریی دەکات. لەمێژووی ئەم حکومەتەی ئێمەدا نەبووە کە ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی پەرلەمان بخەملێنێت.

**رۆژنامە: لە دوای ئەو رەخنە جدییانەوە کە لەسەر بودجە گیراون، ئێستا بەشی پارتیش لە فراکسیۆنی کوردستانی، هاوران کە ئەم بودجەیە کەموکورتی زۆری تیایەو پێویستە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت. ئەم گۆڕانە کە بەسەر تێڕوانینی بەشێک لە فراکسیۆنی کوردستانیدا هاتووە، چۆن دەبینیت؟**

* ئەگەر وابێت، کارێکی باشیان کردووەو جێگەی خۆشحاڵییە، ئاواتەخوازم کوتلەی یەکێتیش ئەوحەقیقەتە بسەلمێنن.

**رۆژنامە: لە مێژووی حوکمڕانی هەرێمدا بزووتنەوەی گۆڕان، توانی واقیعی بەرهەڵستکاریی بچەسپێنێت و ئێستا ئەم بزووتنەوەیە دوو هەڵبژاردنی گرنگی تێپەڕاندووە. بە رای ئێوە، پێویستە ئەم هێزە سیاسییە نوێیە چی بکات و چۆن خۆی رێکبخاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ داهاتووش کاریگەریی پۆزەتیڤی بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە هەبێت؟**

* لەدوای (٧/٢٥)وە شتێکم لە میدیاکان بڵاوکردەوەو ئاماژەم بەوەدا کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، برادەرانی گۆڕان لەگردەکە بێنە خوارەوەو گۆڕان لە رەوتەوە بووە بە بزاڤ، کاتی ئەوە هاتووە، ناوەڕۆکی بزاڤ و قەوارەکەی رێکتر بکرێت. دوور نییە برایانی گۆڕان، ئەم کێشەیەیان چارەسەرکردبێت، وەلێ پانتاییەکی فراوانی شەقامی کوردستانیی هێشتا ئەم بزاڤە بە بزاڤێکی (عفوی) لە قەڵەمدەدەن و سۆزو عاتیفەو بزافی عەفەوی تا سەر بۆ کەس ماڵ نییە. هەندێک گۆڕان بەوە تۆمتبار دەکەن، گوایە (سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی خەڵک بووە)، بەدڵنیاییەوە وەزیفەو ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی خەڵک ببێت. بوونی ئۆپۆزسیۆن بەندە بە نارەزایی خەڵکەوەو لازمو مەلزوومی یەکن. شەپۆلی نارەزایی شەپۆلێکی هەمیشەییەو دووربینیی و زیرەکی لەوە دایە کە زوو پێی بزانێت و بیقۆزێتەوەو سواری شەپۆلەکەی بێت و جڵەوەکەی بگرێت. نابێت تەشویهکردنی ژیانی رێکخستن و حیزبایەتی لە کوردستان، پاساو بێت بۆ هەڵاتن لە ژیان و سیستمی رێکخستن. حیزبایەتی و ژیاتی حیزبایەتی و رێکخستن، عەیب و عار نییەو تا ئێستاش عەقڵی بەشەرییەت، لەغەیری حیزب، هیچ ئامرازێکی دیکەی نەدۆزیوەتەوە بۆ مەسەلەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و گۆڕین و گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و رێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەر. ئەمڕۆ گۆڕان بەرپرسە بەرامبەر ئەو رەوتەی کە خەڵک دەنگی پێداوەو لە پشتیەتی. بەرپرسە بەرامبەر ئەو تەوژمەی کە بووەتە خواستی خەڵک.

**رۆژنامە: پێتوایە، پێویستە ئەم بزووتنەوەیە ئایدیۆلۆژیای هەبێت، یان هەر بەرنامەیەکی نیشتمانی؟**

* تۆ بڵێیت بزووتنەوەیەکی جدیی هەبێت بەبێ ئایدیۆلۆژیاو لەش بەبێ مێشک نابێت و هیچ شتێکیش نییە لەدنیادا پەیوەندیی بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت و بێ ئایدیۆلۆژیا بێت. ئایدیۆلۆژیا مەنزومەیەکی فیکریی روون و ئاشکرایەو موتەکامیل و رێنیشاندەرو نەخشەی رێگایە بۆ ئەو دیاردانەو بەرنامەش هەڵقوڵاوی ئایدیۆلۆژییەتە.

> **بەگشتیی لەم هەڵبژاردنەدا پارتیش کورت دەهێنێت**

# جەوهەر نامیق: لیستی دەسەڵات پاشەکشێی کردووە

# کاتی ئەوە هاتووە برادەرانی گـــ

سیروان رەشید- پیرمام

**جەوهەر نامیق سالم سیاسەتمەدارو سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی، باوەڕی وایە، خوازیارانی گۆڕین و گۆڕانکاریی لەناو پارتیدا کەمتر نییە لە یەکێتیی و دەڵێت: ئەگەر گرفت و ناعەدالەتی و قەیران هەبێت، گۆڕان مەتڵەبە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بە دووری نازانم کە رەوتەکە لەناو پارتی زەق و فراوانتر بێت.**

**جەوهەرنامیق کە یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ یەکێک لە شاکارەکانی ئۆپۆزسیۆن وروژاندنی بودجەو ئەو پێداگرتن و وردەکارییە بوو، «گۆڕان ئەزموونێکی نوێی هێنایە کایەوە».**

**لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا جەوهەر نامیق ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە تا دێت هەست و خواستی گۆڕان و گۆڕین لە پەرەسەندندایەو خەڵک خوازیاری گۆڕینی ئەم رەوشە سەقەتەیەو ئۆپۆزسیۆنیش ئامرازەکەیەتی.**

**رۆژنامە: ماوەیەکی زۆرە رەخنە لە کەموکورتییەکانی دەسەڵات دەگرن، ئایا لەسەر هەمان شێواز بەردەوام دەبن؟ نیازتان نییە بە شێوەیەکی دیکە رەخنەکانتان فۆرمەلە بکەنەوەو بە عەمەلی بێنە ناو پرۆسە سیاسییەکەوە؟**

* هیچ دەسەڵاتێک بەبێ کەموکورتی نییەو نابێت. رەخنە، هەڵسەنگاندنەو هەڵسەنگاندنیش دوو لایەنی هەیە، پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ، مەبەستیشمان سیستەمەو گۆڕینی سیستمێکە کە لە زۆر بواریدا بووەتە کۆسپ لە بەردەم پرسی کورددا و ناتەبایە لەگەڵ رەوتی رووداوەکان و پێداویستیی قۆناغ و ئایندەماندا. پاش (١٩)ساڵ لە دەسەڵاتی خۆجێیەتی وا دەبینین، زۆربەی زۆری پرسە چارەنووسسازەکانمان چەقیون و لە هەندێک بواریدا پاشەکشێ دەکات. دوور لە پلەوپایەو مەسئولییەت، نزیکەی (٧)ساڵە، تا ئەو ئاستەی بۆمان کرابێت درێغیمان نەکردووە، چۆن دەستمان پێکردووە هەرواش بەردەوامین. لێت ناشارمەوە، گەشبینم بەوەی کە تا دێت هەست و خواستی ریفۆرم و گۆڕان و گۆڕین لە پەرەسەندندایەو پاش (٢٠٠٩/٧/٢٥ و ٢٠١٠/٣/٧) وەک هێز و قەوارە لە رووی جەماوەریی و یاساییەوە جێگیر بووە. سەبارەت بە فۆرمەلەکردنی دیدو بۆچوونەکان، هەست ناکەم لە دەرەوەی پرۆسەکەم.

**رۆژنامە: وەک سیاسەتمەدارێک، چ وێنەیەکتان لە بەرئەنجامی هەڵبژاردنی (٣/٧) لا دروستبوو؟**

* بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدان، هێشتا زووە. ئەوەی لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لە زۆر لایەنەوە بۆ ئێمە موفاجەئە نەبوو.

**رۆژنامە: چۆن؟**

*مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە هەر لایەنی شیعە زۆرینەبن و دووریش نییە حکومەت هەر بۆ ئەوان بێت. سوننەی عەرەب و رەوتی شۆڤێنیزم و کۆنەبەعسییەکان، چ بە بەشداریی و دەنگو چ بە کورسی رۆڵ هەڵوێست ئەکتیڤتر دەبن. کورد، کورسی و رۆڵ و مونەپۆڵی لیستی دەسەڵاتی ( پارتی و یەکێتی) کەمتر دەبێت، نوێنەرانمان لە بەغدا چالاکتردەبن. بەهەرحاڵ لە کوردستان بە ئارامی بەڕێوەچوو، لیستی دەسەڵات پاشەکشێی کردووە، ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ)، بە ژمارەی دەنگو کورسی پەرەیسەندووەو بەداخیشەوە، دەستێوەردان و خروقات دیاردەیەکی ناشرین بوون.

**رۆژنامە : هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە تا ئاستێکی زۆر قەبارەی راستەقینەی هێزەکانی دەرخست، بەڵام نابەرابەرییەکی زۆر لە نێوان لیستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا هەستی پێکرا، لە بەکارهێنانی پێگەی حکومەت بۆ لیستێکی دیاریکراو و تۆقاندن و هەرەشەو تەزویر. چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگە لە بەکارهێنانی ساختەکاریی و دزینی دەنگی هاوڵاتییان بگیرێت؟**

*بەداخەوە، دەستێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای لایەنە سیاسییەکان بەگشتیی و دەسەڵات بەتایبەتی، بووەتە کلتوور. ئەم دیاردەیە لە رێکخستنەکانی هەندێک حیزبی کوردستانییەوە گوازراوەتەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتیی. بۆ نموونە کە سەرکردایەتییەک ئامادە بێت بۆ هەڵبژاردنی ناوەندەکانی خوارەوە تا کۆنفراس و کۆنگرەی حیزبی خۆی، بە زەبری پارەو دیاریی و ئیمتیازات و کوتلەبازیی، بکەونە وێزەی کادیران و ئەندامانی حیزبی خۆیان بۆ یاریکردن بە دەنگەکان، لەمەوە بۆ ئەوی دیکە، لەم رەوتەوە بۆ ئەوی دیکە، چۆن سڵکات لە دەستێوەردان لە هەڵبژاردنێکی گشتیی وەک پەرلەمان، کە خۆی و دەسەڵاتەکانی لە تاقیکردنەوەدا بن. لایەنە فەرمییەکانی هەرێم بێلایەن نەبوون، راگەیاندنی بودجە لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن، دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکان، مەقەس لێدان و کردنەوەی پرۆژە وەعدو پەیمانی شەخسی و بێ گومرگی هەڵبژاردن و هەرەشەو چاوسوورکردنەوە لە ئۆپۆزسیۆن و زۆر نموونەی دیکە، گەواهی لەو دیاردەیە دەدەن. تەزویری رێکخراو لە رێگای ئەندام و کادیری حیزبییەوە، مەسخکردنی مرۆڤە. بە رای بەندە، دزینی دەنگو فەرزکردنی شەرعییەتێک لە رێگای تەزویرو دەستێوەردانەوە، مەسخکردنی ئەو ئەندام و کادیرانەیە، چاندنی ڤایرۆسی گەندەڵیی و پێشێلکردنی مافی هاوڵاتییان و ئیرادەی راستەقینەی خەڵکە و بەردەبازیچکەیە بۆ دەسەڵاتی شمولی و تاکڕەویی و ئەستونێکیتی. چارەسەرکردنی ئەم پەتا هەمەجۆرو هەمەلایەنەیە، لە ماڵ و قوتابخانەو زانکۆ بۆ ناو مزگەوتەکان و راگەیاندن و کۆڕو کونفراسی جەماوەریی، لە بنکەکانی دەنگدان، ئامادەباشی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەزویرچییەکان، کەشفکردنی ئامرازو شێوەو شێوازو بنکەو ناوچەکانی تەزویرو لە قاودانی لایەنەکان، لە هەمووشی گرنگتر، سەرژمێریی و کارتی دەنگدانی ئەلکترۆنییەو.. هتد. بە هەرحاڵ، پەتی ساختەو درۆ کورتەو ئەو لایەنەشی کە پشتبەستە بە تەزویر، زیاتر فێڵ لە خۆی دەکات.

**رۆژنامە: یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامە بەرچاوەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧)، فراوانبوون و گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆنە لەهەرێمدا، لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

* هەر دەبێت رەوشەکە وا بڕوات و هەڵبژاردن، گەڕانەوەیە بۆ خەڵک. دابڕان لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا فراوان و قووڵتر دەبێت و قەیرانەکانیان لەوە دەرچووە باس نەکرێن و هەڵوێست وەرنەگیرێت بەرامبەریان. دەسەڵات گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای مۆنۆپۆڵکردووە، دەسەڵات لە خزمەتی حیزب و حیزب لە خزمەتی لوتکەدایە، ئامادەیش نییە بە ئاسانی دەستی لێهەڵگرێت تاکو ئاستی دەستێوەردان و چاوسوورکردنەوەش. ئەمجۆرە سیستمە ناتوانێت خواستەکانی خەڵک وەک پێویست جێبەجێبکات. لە زۆر بواردا، دەسەڵات و بە درێژایی (١٨)ساڵ، قەیرانەکانی قوڵتردەبنەوەو رەوتی هەڵەکان خێراتر دەڕۆن و ئەم هەڵبژاردنەش گەواهی لەوەدا. دەسەڵات نایەوێت وەکو پێویست بە هەڵەکانی پێش (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا بچێتەوەو قۆناغی دوای (٧/٢٥) ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی سەلماندو رەوشەکەی شڵەقاندو لە هەندێک بواردا پەردەی لە سەر رووی دەسەڵات لادا. خەڵک خوازیاری گۆڕینی ئەم رەوشە سەقەتەیەو ئۆپۆزسیۆنیش ئامرازەکەیەتی.

**رۆژنامە: بەپێی ئەو ئەنجامانەی لەبەردەستدان، ئەمجارەش دەنگی پارتی و یەکێتی، لە کورتی داوەو لە سنووری پەنجا هەزار دەنگ کەمتریان لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) هێناوە؟**

* هێشتا بە فەرمی ئەنجامەکان رانەگەیەنراون، وەلێ کورتکردنی ئەو دوو لایەنە، دوور نییە لەو ژمارەیە کە ئاماژە دەدات بۆ دواوە، لەوانەیە گەورەتریش بێت، ئەگەر وا بێت، دیاردەیەکی سرووشتییە، چونکە بەرهەم بەندە بە تۆو ژینگەو چۆنێتیی چاندنەوە.

**رۆژنامە: کاریگەریی ئەو دەرئەنجامە سلبییە، زیاتر بە سەر قەبارەی یەکێتیی نیشتمانیدا شکاوەتەوەو بووەتە حیزبێکی بچووکتر لەچاو پێنج ساڵی رابردوودا، ئایا داخوازی بۆ گۆڕانکاریی لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا چۆنە؟**

* ئێمە وەکو کورد، یەک کۆمەڵگاین، یەک ئامانجین و تووشی یەک دەسەڵاتی دوو جەمسەری بووین. خەڵک نیگەرانە لە دەسەڵات و ئەم سیستمە لە قەیراندایەو قەیرانەکەش لە حیزبدایەو شۆڕبووەتەوە بۆ ئیدارەو ناو کۆمەڵگا. یەکێتی، چ بە دابڕانی ریفۆرمخوازانی و دواتر لەدایکبوونی بزافی گۆڕان، لایەک لە کێشە ناوخۆییەکی خۆی چارەسەر کرد. هەنگاوەکانی پاش (٧/٢٥) بە ئاراستەی چاکسازیی راگەیەنراون. پارتی لە رووی رێکخستن و سرووشتی سەرکردایەتییەکەی و سیستمی حیزبایەتییەکەی لە هەندێک لاوە وەک یەکێتی نییە، وەلێ خوازیارانی گۆڕین و گۆڕانکاریی لەناو پارتیدا کەمتر نییە لە یەکێتی. کەس ناتوانێت بڵێت، لەناو پارتیدا گرفت نییە، داخوازیی و هەڵوێستی گۆڕانکاریی نییە، کە گرفت و ناعەدالەتی و قەیران هەبێت، گۆڕان مەتڵەبەو ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بە دووری نازانم کە رەوتەکە زەق و فراوانتر بێت. قەبارە، بە ژمارەی کورسیی نییە، زیادبوونی کورسییەکانی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا، هۆو هۆکاری دیکەی هەیە، وەک کەمبوونی کورسییەکانی یەکێتی. بەگشتیی لەم هەڵبژاردنەشدا پارتیش کورت دەهێنێت، کورت بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە، وەلێ حیزبی یەکەمە. لیستی کوردستانیی (١٣)حیزب بوون، هەر یەک لەمانە چەند کاریان بۆ پاڵێوراوی خۆیان کردبوو، ئەوەندەیش بۆ لیستی کوردستانیی. لەناو لیستی کوردستانیدا مونافیسی یەکەم، یەکێتی بوو، یەکێتیش تا ئیستا بە تەواوی نەیتوانیوە برینەکانی سارێژ بکات و دیاریشە لە هەڵمەت و میکانیزمی هەڵبژاردندا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. هەلومەرجی هەولێرو دهۆک و ناوچەکانی لای موسڵ بۆ پارتی کاریگەریی تایبەتی هەبوو، ناوچە هەبوو (٩٩,١٨٪) گوایە دەنگی بۆ پارتی داوە! نازانم تا چەند وایە، وەلێ سەرنجراکێشە. دڵنیام ئەگەر یەکێتی و پارتی هەریەک بە تەنیا لیستی خۆیان هەبایە وەک گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ، نە یەکێتی وا کورتی دەهێناو نە پارتیش وا لە پێشەوە دەبوو، نە ئەو (١١)لایەنەش وایان بەسەردەهات. تەنیا بەراوردی دەنگەکانی (پارتی) بکەن لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، (نزیکەی ٦٤ ساڵ و بە وجودی زیاتر (٦) لق و هەزاران ئەندامی لیست و مووچەخۆری حیزبیی و ئیداریی، تا ئێستا کەمتر (١٠٪ )ی هێناوە!

**رۆژنامە: بەپێی دەرئەنجامەکان، هاوسەنگیی هێز لە نێوان پارتی و یەکێتیدا زۆر لاسەنگ بووە، لەم رووەوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

* بەپێی مەنتیق، وەکو دەڵێن، سیاسەت گوزارشتکردنە لە بەرژەوەندیی. بەرژەوەندیی پێویستی بە هاوسەنگیی هێز هەیە، سرووشتییە دوای هەر هەڵبژاردنێک پیاچوونەوە بە هاوپەیمانێتییەکان بکرێت، وەلێ ئەمەی نێوان پارتی و یەکێتی دوور نییە لەم هاوکێشەیە بەدەر بێت. دیاردەیەکی ئیستسنائییەو دیارە گرێدراوی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی کە زیاتر تەعبیرێکی مورەکەزە لە دیدو بۆچوونی لوتکەی هەردوولا. تا ئەو بەرژەوەندییە خوازیاری هەڵوێستی وەها بێت، ئەوە تەرازووی هێز، حیسابی ئەوتۆی بۆ ناکرێت.

**رۆژنامە: دەکرێت وردتر قسە لە سەر ئەم مەسەلەیە بکەیت، مەبەستت چییە لە بەرژەوەندیی لوتکەی پارتی و یەکێتی؟**

*سیستمی ئەم دوو حیزبە، سیستمێکی هیراکیەو هێماو لوتکە لەبەر کۆمەڵێک هۆو هۆکار، وای لێ هاتووە کە حەقیقەت لای ئەوانە. چەند ساڵە باسی رێککەوتنی ستراتیژیی دەکەن و زۆربەی هەرە زۆری سەرکردایەتیی ئەم دوو حیزبە بەلای خاڵەکانیدا نایەن. تەسەوربکە، رێککەوتنێکی ستراتیژیی لە نێوان دوو سەرکردایەتیدا کە ئەگەر وابێت، دوور نییە چارەنووسی خودی حیزبەکەیان، ئەم ئەزموونە، پرسی کورد ..هتد، پێوە گرێدرابێت، کەچی نەک بنکەو کادیرانی ناوەندی هەردوولایان بێئاگان لێی، بەڵکو لە ئاستی بازنەی تەسکی سەرکردایەتیشیاندا، هەر وەکو خۆیان لە نێوان گشتیی و تایبەتی خۆیان باسیدەکەن و ئەوە باسی حکومەت و پەرلەمان و لایەنی سیاسییەکان بە هاوپەیمانەکانیشیانەوە هەر مەکە. ئەمما شەقامی کوردستان، ئەوە هەر تەقەی سەری دێت. ئەوەی دیارە بۆ رای گشتی، تەنیا چڕکردنەوەی پرەنسیپی پەنجا بەپەنجایە، بە تایبەتی لە ئاستی پۆست و داهاتدا، بۆیە لەو باوەڕەدام تا بەرژەوەندییەکانی لوتکە گۆڕینی بە سەردا نەیەت، باسکردنی لاسەنگی هێز لە نێوانیاندا ئەوەندە گرنگ نییە.

**رۆژنامە: چۆن، گۆڕانکاریی بەسەر هاوسەنگیی هێزی پارتی و یەکێتیدا نەهاتووە، لە کاتێکدا لە بەغدا، پارتی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی لە یەکێتی سەندو لە هەرێمیش جێگری سەرۆکی هەرێم نادات بە کۆسرەت رەسوڵ؟**

* لەم هاوکێشە سیاسییەی نێوان لوتکەدا، هیچکام لەو پۆستانە گرنگی ئەوتۆیان نەبووە. تا ئەم سیستمە بەردەوام بێت، ئەو حیسابەی بۆ ناکرێت و دووریش نییە کە ئەمجۆرە مەسەلەیەش، یەک لە تەلیسمەکانی رێکەوتنی ستراتیژیی نێوان ئەم دوو لایەنە بێت.

**رۆژنامە: با بێینە سەر باسی کورد لە بەغدا، مشتومڕی کورد و سوننە لە سەر پۆستی سەرۆک کۆمارە، چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

* بۆچوونمان لەمەڕ ئەم پۆستەو پۆستە سیادییەکانی دیکە، بە راشکاوی لەپێش ساڵی (٢٠٠٥)، خستەڕوو. ئەوساو ئێستاش، پۆستی سیادی لە عێراق، یەکێکە لە مافەکانی کورد، وەلێ دوو گرفت هەیە. یەکەم: پرسی کوردە. دووەم: دەسەڵاتەکان لە عێراق و ئەو پۆستانەیە. بەدیاریکراوی چی بکەین لە پۆستێکی سیادی پەراوێزکراو یان بێدەسەڵات، یان کۆپی موکەڕەر. بوونی کورد لە بەغدا، پۆست و ئیمتیازی حیزبیی و شەخسیی نییە، پرسی کوردە، پرسی کوردیش: خاک و سنوورو فیدراڵییەت و دەسەڵات و شەراکەتە لە ناوەند، نەک موشاریک. پاکێتیی نەتەوایەتییە، نەک حیزبیی و شەخسیی. بە داخەوە، پۆستە سیادییەکان زۆرجارو لە زۆر بواریدا شەخسەنەکراون و بارگران بوون لە سەرئەو پاکێتییە! ئەگەر هەر وابێت، پێداگرتنی لایەنی کوردستانیی، بەسەربردنی کاتە!

**رۆژنامە: بۆچی لە ئێستادا لیستی هاوپەیمانیی، ئەوەندەی تەرکیز لەسەر پۆستی سیادی دەکات، ئەوەندە باسی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان ناکات؟**

*باسی مافە نەتەوایەتییەکانیش کراوەو دەکرێت، وەلێ زەقبوونی ئەو پێداگرتنە لایەنێکی شەخسیی و حیزبیی هەیە. لایەکی دیکەی دوور نییە قەناعەت وابێت، بوونی ئەو پۆستانە جۆرە زەمانێک بێت، بەو پێیە سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی هەیە. راستە مافی ڤیتۆی هەیە، وەلێ دوانەیەکی دیکەش (جێگرەکانی سەرۆک کۆمار) هەمان مافیان هەبوو. ئەو مافە بۆ کێشەیەکی یاسایی یەک جارە، واتە قەتعی نییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ



**سەرۆک کۆمارێک خۆی لە واژۆکردنی حوکمی لەسێدارەدانی دڕندەترین دوژمنی کورد لادات، وەک سەدام و عەلی کیمیایی و بەرگریی لە تاوانبارێکی ئەنفالچی، وەک سوڵتان هاشم و تاریق رەمەزان بکات لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، رەنجاندنی دڵی نەتەوەیەک و کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکانمانە**

# ترس لە عەلاوی، شیعەکان یەکدەخات

راپۆرتی: هەستیار قادر

ترس لە هەژموونی لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، هەردوو لیستی ئیئتیلافو دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی لێکنزیکدەکاتەوەو چاودێرانی بارودۆخەکەش پێشبینی یەکگرتنی ئەو دوو لیستە دەکەن.

ڕاگەیاندنی ڕێژەیی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوە دەردەخات، کە توندترین ڕکابەریی لەنێوان لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیو عێراقییەی ئەیاد عەلاویدایەو ڕۆژانە پێش یەکتری دەکەونو لەگەڵ پێشکەوتنی هەریەکێکیشیاندا پێشبینییەکانی پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو دەگۆڕێت.

لەگەڵ ئەوەی ڕانەگەیاندنی دەرئەنجامە ڕەسمییەکانی هەڵبژاردن پرسیاری لیستی زۆرینەی پەرلەمانی داهاتووی بێ وەڵام هێشتووەتەوە، بەوپێیەی دەستوور مافی بەو لیستە داوە حکومەت پێکبهێنێت، کە زۆرترین کورسی لە پەرلەمانی نوێدا دەبێتو لێرەشەوە پێشکەوتنی جاربەجاری لیستی عێراقییە بەسەر لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیدا لە بوونی دوو لیستی شیعەدا مەترسیی لایەنە شیعەکانی لە دووبارەبوونەوەی حوکمی ئەیاد عەلاوی دروستکردووە، بەتایبەت کە سیاسەتی کارکردنی پێشتری بۆ ڕێگرتن بووە لە ڕۆڵی ئێران لە عێراقو کۆتاییهێنان بە ئینتیمای تاییفی، کە شیعەکان کاری لەسەر دەکەن، ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی عەلاویدا ڕەوتی سەدر، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی، زەبری کوشندەی لێدراو لە شاری نەجەفدا بە هێزی سەربازی مۆڵی دانو هێرشی کردە سەریان، هاوکات ناکۆکیی نێوان لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیو عێراقییە لە چوارساڵی ڕابردووی تەمەنی پەرلەمانو حکومەتدا ڕیشەی داکوتاوە.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییانەش بە ناچاریی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیمو لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی کۆبوونەوەی لێکنزیکبوونەوەیان دەستپێکردو لە یەکەم کۆبوونەوەدا باس لە ئەگەرەکانی پێکهێنانی یەک کوتلەی پەرلەمانیو پێکهێنانی حکومەت کراو خالید عەتیە، کە وەک نوێنەرایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا بەشداریی لەو کۆبوونەوەیەدا کردووە، ڕایگەیاند: «نزیکییەکی زۆر لە تێڕوانینو ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان لیستی ئیئتیلافو دەوڵەتی یاسا هیچ بەربەستێکی نەهێشتووەتەوە لەبەردەم پێکهێنانی یەک کوتلەی پەرلەمانیدا».

باسم شەریف، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلاف، وێڕای ئاماژەدان بە کۆبوونەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوان لیستی ئیئتیلافو دەوڵەتی یاسا بۆ پێکهێنانی یەک کوتلەی پەرمانیو لێکنزیککردنەوەی تێڕوانینەکان لەسەر بنەمای بەرنامەی هاوبەشو پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش چەندین کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسادا هەبووە بۆ پێکهێنانی یەک لیستو بەربەستی سەرەکیی ڕێکنەکەوتنیان پۆستی سەرۆک وەزیران بوو، کە دەوڵەتی یاسا، نوری مالیکی پاڵاوتبووەوەو ئیئتیلافیش زیاد لە پاڵێوراوێکی هەبووە، بەڵام وتی: «دانوستانی ڕاستەقینەی لیستەکان لەدوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت».

هەرچەندە باسم شەریف ئەوەی بە دوور زانی ترس لە عەلاوی دوو لیستە گەورەکەی لێکنزیککردبێتەوە، بەڵام جەختی لەسەرئەوە کردەوە، کە مامەڵە لەگەڵ هیچ هێڵێکی سووردا ناکەن لە بەستنی هاوپەیمانێتییەکانو هێڵە سوورەکان پرۆسەی سیاسیی ئاڵۆزتر دەکات».

بە بڕوای پەرلەمانتارێکی دیکەی عێراقیش، ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی یەکبگرن بەهۆی نزیکیی بەرنامەکانیان لەیەکترییەوە.

موحسین سەعدون گەرگەری، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا؛ کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ لەنێوان هەردوو لیستەکەی شیعەدا ئەنجامدراوەو پێشبینی ئەوەش دەکرێت بەمزووانە ئەو دوو لیستە ببنە یەک کوتلەی پەرلەمانی، وتیشی: «هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا زیاتر لە لیستەکانی دیکە لە ڕووی بەرنامەو سیاسەتی کارکردنەوە لێکەوە نزیکن، بەپێچەوانەی لیستی عێراقییەوە کە چەندین کەسایەتی تێدایە تێبینییان لەسەرەو بڕوایان بە دەستوورو مادەی (١٤٠) نییە».

پسپۆڕانی سیاسیش ئاماژە بەوەدەکەن؛ نزیکبوونەوەی هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا کارێکی زۆر ئەستەمەو چەندین بەربەستی لەبەردەمدایە، کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە کێشەکانی نێوان خودی عەلاویو مالیکییەوە هەیە.

بریت ماکریگ، ئەندامی دەستەی ئاسایشی بەهێزی جۆرج بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکاو باراک ئۆبامای سەرۆکی ئێستا، لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی هەواڵی (سی.ئێن.ئێن)ی ئەمریکی ئاماژەی بەوەدا؛ لەسەر ئاستی کەسێتیی، مالیکیو عەلاوی ڕقیان لەیەکە، بۆیە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا ئەستەمەو ناتوانن کێشەکانی پێشیان بەئاسانیی تێپەڕێنن».

لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بەوە دەکات کە لەمامەڵەکردن لەگەڵ لیستی عەلاویدا دوو ئەگەر هەیە، کە ئەوانیش یەکگرتنی شیعەکان، یان هەڵوەشاندنەوەی لیستی عێراقیەیە.

د.بورهان یاسین پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان ئاماژەی بەوەدا، کە ئەگەرەکانی یەکگرتنی هەدوو لیستی شیعە کراوەیە، بەوپێیەی زۆربەی سوننەکان دەنگیان بە لیستەکەی عەلاوی داوەو هەوڵیش دەدرێت لە ڕێگەیەوە سوننەکان بە هێزەوە بێنەوە دەسەڵاتو وتیشی: «ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە لیستی عێراقییە هەڵبوەشێتەوە، بەوپێیەی جگەلە باڵی عەلاوی میانڕەو دوو باڵی دیکەی توندی تێدایە، کە ئەوانیش تاریق هاشمیو گرووپەکەی دەوری ئوسامە نوجێفین».



عەلاویو هاشمیو پاچەچی چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن

# شکستی پێکنەهێنانی حکومەت، بۆشاییەکانی دەستوور دەردەخات

راپۆرتی: هەستیار قادر

## یەکەم دانیشتنی پەرلەمان

بەپێی مادەی (٥٤)ی دەستووری عێراق لەپاش (١٥) ڕۆژ لە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشێوەیەکی ڕەسمیی (لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە) سەرۆک کۆمار بانگهێشتی پەرلەمانتارە نوێیەکان دەکات بۆ بەستنی یەکەم دانیشتنی ئەو خولە نوێیەی پەرلەمانو نابێت وادەی بانگهێشتکردنەکە لە (١٥) ڕۆژ تێپەڕبێتو لە یەکەم دانیشتنیشدا گەورەترین پەرلەمانتار لە ڕووی تەمەنەوە سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتن دەکات، بەپێی مادەی (٥٥)ی دەستووریش، لەو دانیشتنەدا ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ سەرۆکی ئەنجومەنەکەیو دواتر جێگری یەکەمو پاشان جێگری دووەم هەڵدەبژێرێت لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆوە، هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانو دوو جێگرەکەی بە ڕێژەی زۆرینەی ڕەهای دەنگی پەرلەمانتارەکان دەبێت، واتە (٥٠+١)ی تێکڕای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە خولی ئێستادا دەکاتە (١٦٣) ئەندام پەرلەمانو یەکەم دانیشتنی ڕەسمیی ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتیی نوێیەکە دەبێتە خاڵی کۆتایی ئەو ئەنجومەنە. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دوای ئەو خولە بەر لە (٤٥) ڕۆژ لە وادەی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێ دەبێت.

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

بەپێی مادەی (٧٢)ی دەستوور، پێویستە سەرۆک کۆماری نوێ لەماوەی (٣٠) ڕۆژ پاش یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ هەڵبژێردرێتو بەپێی مادەی ٧٠ش سەرۆک کۆماری نوێی عێراق لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێت، کە دەکاتە (٢١٧) دەنگی پەرلەمانی ئێستا، بەڵام بەپێی بڕگەی دووی ئەو مادەیە، ئەگەر زیاد لە پاڵێوراوێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار هەبوو، هیچکام لە پاڵێوراوەکانیش نەیانتوانی ڕێژەی دەنگی پێویستی پەرلەمانتارەکان بەدەستبهێنن، خولی دووەمی هەڵبژاردن لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ دووان لەو پاڵێوراوانە دەکرێت کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوەو هەرکام لەو پاڵێوراوانە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، دەبێتە سەرۆک کۆمارو دواتر لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی یاسایی دەخواتو ئەو سەرۆک کۆمارەش بۆی هەیە تەنیا بۆ دوو خولی پەرلەمانیی خۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ ئەو پۆستەو مادەی (٦٨)ی دەستووریش مەرجەکانی کەسێتی سەرۆک کۆماری دیاریکردووە، کە تەمەنی (٤٠) ساڵی تەواوکردبێتو لەدایکو باوکێکی عێراقی بێتو لە عێراقیش لەدایکبووبێتو ناوو ناوبانگێکی باشو ئەزموونی سیاسیی هەبێتو وەک کەسێکی خاوەن نەزاهەتو دادپەروەرو دڵسۆز بۆ نیشتمان ئاماژەی پێکرابێت.

## سەرۆک وەزیران تاقیکردنەوە گەورەکە

بەپێی مادەی (٧٦)ی دەستوور لەماوەی (١٥) ڕۆژ پاش هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، سەرۆک کۆمار پاڵێوراوی لیستی زۆرترین پەرلەمانتاری نوێ بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتو سەرۆک وەزیرانی پاڵێوراویش لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە پاش ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی دەستنیشاندەکات، ئەگەر ئەو پاڵێوراوە نەیتوانی لەوماوەیەدا کابینەی حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەدوای کۆتاییهاتنی وادەی پێکهێنانی حکومەتەکەی، سەرۆک کۆمار پاڵێوراوێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێت، کە بەهەمانشێوە دەبێت لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کابینەی حکومەت پێکبهێنێت.

سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو لەپاش ئامادەکردنی کابینەی حکومەتەکەی ناوی وەزیرەکانیو کارنامەی حکومەتەکەی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانو پێویستە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان بەدەستبهێنێت کە (١٦٣) دەنگە، ئەگەر ئەو کابینەیە نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەستبهێنێتو متمانە وەربگرێت، سەرۆک کۆمار لەماوەی (١٥) ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێتو لە پاش وەرگرتنی متمانە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکانی سوێندی یاسایی دەخۆنو مەرجەکانی سەرۆک وەزیرانیش بەوشێوەیەیە کە دەبێت هەمان مەرجی سەرۆک کۆماری تێدابێتو بڕوانامەی زانکۆو هاوتاکانی بەدەستهێنابێتو تەمەنی (٣٥) ساڵی تەواوکردبێت.

## شکستی پێکهێنانی حکومەت

ئەگەرچی بەپێی مادەی (٧٦)ی دەستووری عێراق ئاماژەبەوەکراوە، کە سەرۆک کۆمار زۆرترین لیستی پەرلەمان بە پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتو ئەگەر نەیتوانی لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا حکومەت پێکبهێنێت، سەرۆک کۆمار کەسێکی دیکە لە لیستەکانی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێت، بەڵام لە باری شکستهێنانی پاڵێوراوانی سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەستوور هیچ چارەسەرێکی دیارینەکردووە بۆ ئەو کەشە، وەک ئەوەی لە هەندێک دەوڵەتی دیموکراسیدا هەیە، کە سەرەکیترین هەنگاویان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانە، کە ئەم هەنگاوەش لە دەستووردا بوونی نییەو تەنیا لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، لێرەشەوە باس لە دەرکەوتنی بۆشاییەکانی دەستوور دەکرێت.

د.محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوجۆرە بۆشاییانە لە دەستووردا بوونی هەیە، بەڵام دەبێت بە لۆژیک چارەسەربکرێتو ڕێنەدرێت لیستەکان لەناو بازنەیەکی داخراودا بسووڕێنەوەو لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دیاریکردنی ئەو وادەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتو ئاماژەنەدان بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە دەستووردا لە باری شکستی پێکهێنانی حکومەتدا، وەک ئەوەی لە هەندێک لە دەوڵەتانی دیموکراسیدا هەیە، جۆرێکە لە گوشار بۆ سەر سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتو ڕێکەوتن لەسەر ئەو پرسەو هیچ پۆستێکی باڵای عێراقیش بەبێ تەوافوقی سیاسیی ناتوانرێت دابەشبکرێتو هەر پاڵێوراوێکیش خۆی بۆ پۆستێک بپاڵێوێت، بەبێ تەوافوقی سیاسیی لە پەرلەماندا دەنگ ناهێنێت».



هۆڵی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی سەرۆکی هەرێم:

# مانەوەی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان کاتییە

سازدانی: دلێر عەبدولخالق


حاجی حاجی ئیبراهیم

**حاجی حاجی ئیبراهیم، ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا ئاماژە بەوەدەکات؛ بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجەکە پێویستدەکات هەموو ئەو تاوانبارو تۆمەتبارانەی لەلایەن حیزبەوە دالدەدراون و ڕادەستی دادگا نەکراون، تەسلیمی دادگاکان بکرێن و لە دادگا یان بێتاوانیی خۆیان بسەلمێنن یاخود بەپێی تاوانەکانیان سزابدرێن.**

**لەبارەی مەکتەبەکانی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتیش، ڕاوێژکارەکەی مەسعود بارزانی مانەوەی ئەو مەکتەبانە بە شتێکی کاتیی دەزانێت و دەڵێت: «پێویستە یەکبخرێن و بکرێنە دامودەزگای یاسایی لەژێر چەتری حکومەت درێژە بە کارەکانیان بدەن».**

**ڕۆژنامە: ماوەیەک بەر لە ئێستا سەرۆکی هەرێم دانانی چوار ڕاوێژکاری بۆ کاروباری یاسایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند، هۆکاری دامەزراندنتان و سرووشت و دەسەڵاتی ئیشکردنتان چۆنە؟**

* سەرۆکی هەرێم ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی گەورەو بەرفراوانی هەیە لە هەموو کایەکانی ژیانی کوردەواریی، بۆیە پێویستی بە چەند کەسێک هەیە کە ڕاوێژیان لەگەڵ بکات و زانیاری و بەرچاوڕوونیی پێبدەن، لەو چوارچێوەیەشدا شێخ محەمەد شاکەلی وەک ڕاوێژکاری ئایینی، ئازاد مەلا فەندی ڕاوێژکاری یاسایی، شێخ مەحمودی حەفیدو بەندە وەک ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی هەرێم ئەو بەرپرسیارێتییەمان وەرگرتووە. سرووشتی ئیشکردنی ئێمەش چ ئەوەی سەرۆک پرسیار بکات و پێویستی بە ڕاوێژو سەرنجی ئێمە بێت، یان ئەوەی ڕاوێژکار باسێک بەپێویست دەزانێت و بۆ سەرۆکی پێشنیاز دەکات. لەبارەی دەسەڵاتەکانیش زیاتر کەوتووەتە سەر سەرۆک، کە چۆن دەسەڵاتەکان دابەشدەکات.

**ڕۆژنامە: چارەنووسی ئەو تۆمەتبارو تاوانبارانە بەکوێ دەگات، کە ماوەیەکی زۆرە لەژێر چەتری حیزبە باڵادەستەکانی هەرێم دالدەدراون و ڕادەستی دادگا نەکراون، بەرنامەی دیاریکراوتان بۆ ئەو حاڵەتانە هەیە؟**

* ئەولەویەتی کارەکانی سەرۆکی هەرێم سەروەریی یاسایەو یەکسانیی هەمووانە بەرامبەر بە یاسا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئەو حاڵەتانەو بەشێک لەو بکوژو پیاوخراپ و ئەوانەی ناهەقییان بەرامبەر خەڵک کردووەو لەلایەن حیزبەوە دالدەدراون، بەرهەمی شەڕی ناوخۆو ناکۆکی و ناتەبایی حیزبایەتییە، ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوەو پێویستە هەموومان هاوکاریی دادگاکانی هەرێم بکەین و هەوڵبدەین ئەو حاڵەتانەی بەرهەمی ئەو شەڕەن بسڕێنەوە، تاوانبارانیش هەرکەسێکن و سەر بە هەر لایەنێکن و لەهەر جێگایەکن دەستبەجێ بخرێنە بەردەمی دادگاو لەوێ ئەگەر لە تواناياندا هەبوو بەرگریی لە خۆیان بکەن و بێتاوانیی خۆیان بسەلمێنن، ئەوا ئازاد دەکرێن، ئەگەرنا هەر تاوانێکیان کردبێت پێویستە بەپێی تاوانەکەیان سزابدرێن.

**ڕۆژنامە: لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە چەوساندنەوەی ژنانەوە هەیە، سەرۆکایەتی هەرێم چ ڕێوشوێنێکی دیاریکراو دەگرێتەبەر؟**

* ئافرەت جگە لەوەی نیوەی کۆمەڵە، دایکی هەمووشیەتی، پیاوەکان چەند ئازاو دەسەڵاتدارو سەرۆک بن ئافرەتێک دایکیانە، کاتێک کە مافەکانی ئافرەت پێشێلدەکرێت و ئازادیی لێ زەوتدەکرێت، ناکرێت باس لە سرووشتی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو بکەین، هەر لەبەرئەوەش سەرۆکی هەرێم بە گرنگییەوە لە پرسی ئافرەتان دەڕوانێت، ئێستاش دامودەزگای تایبەتی دژ بە توندوتیژیی دژی ژنان هەیەو وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندیدارەو نووسینگەو بەڕێوەبەرێتی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە هەیە، لە پەرلەمانیش یاسا دواکەوتووەکان هەموارکراون، لەوانە باری کەسێتی، حکومەتیش ڕاسپێردراوە کاری جدیی لەسەر بنبڕکردنی توندوتیژیی بکات، لە کابینەی پێنجەمیش بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی یاسای یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا ڕاگەیاند، کە پێویستدەکات کابینەی شەشەمیش بەردەوامیی بە کارەکانی پێشووی حکومەت بدەن و خۆشبەختانە هەنگاوەکان دڵخۆشکەرن بە ئاراستەی کزبوونی حاڵەتی پێشێلکارییەکان.

> **پێویستە پردەکانی پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بەهێزتر بێت، بەتایبەتی گۆڕان، مومکینە لایەنێک ئەوەی پێخۆش نەبێت، بەڵام پێویستە وابێت، بۆئەوەش دەرگای سەرۆکی هەرێم کراوەیە**

**ڕۆژنامە: کاتی ئەوە نەهاتووە مەکتەبەکانی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتی بکرێنە دەمودەزگای یاسایی لەژێر چەتری حکومەت و دامەزراوەی حکومیدا و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی کارەکانیان ڕایی بکەن؟**

* چەند ساڵێکە باس لەوەدەکرێت، مادام ئێمە پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریمان هەیەو بە ئامانجی ڕەخساندنی بواری زیاتر بۆ ڕۆڵبینی یاسا پێویستمان بەو مەکتەبانە نەماوە، ئەوەی گرنگە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو دوو مەکتەبە ببنە یەک، کە سەدان کادیریان هەیە، بەڵام وەک ئەوەی ئێوە وتتان لەژێر چەتری حکومەت و زیاتر هاوکاری یاسا بن، نەک ڕێگریی یاسا، واتە یارمەتیدەربن بۆ جێبەجێکردنی یاسا لە کوردستان، ئێستاش گفتوگۆ لەوبارەیەوە بەردەوامە، ئەوەش گرەنتی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ لە هەرێمدا زیاتر دەکات، کە لە حیزب و گرووپەکان گەورەترەو جێگای متمانەی هەموو خەڵک دەبێت بە حیزبەکانیشەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو مەکتەبانە یەکبخرێن، پێشموایە مانەوەی ئەو مەکتەبانە شتێکی کاتییەو ئەوە بۆچوونی سەرۆکی هەرێمیشە.

**ڕۆژنامە: زۆرجار دەوترێت مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەهۆی هەندێک پاڵنەرو دۆخی حیزبییەوە، مامەڵەیەکی حیزبیی دەکات، بۆچوونتان لەو ڕووەوە؟**

* لێکدانەوەو تەفسیرات جیاوازە لەوەی ڕاستییەکان چۆنن، من نموونەی سەردانی سەرۆکی هەرێمت بۆ دەهێنمەوە بۆ ناوچەی بتوێن و پشدەر، کە ئەم ناوچەیە جێگای نفوزی زۆری گۆڕان بوو، گرژیش هەبووە لەنێوان ئەوان و یەکێتی، بەڵام ئێمە بەرنامەی سەردانی سەرۆکمان بەپێی ڕەزامەندیی هەموو لایەنەکان ڕێکخست بە گۆڕانیشەوە، سەرۆک بەجیا لەگەڵ بەرپرسانی هەموو حیزبەکان بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە کۆبووەوە، کە ئەمە یەکەم دانیشتنی ئەو دوولایەنە بوو لەوکاتەدا، بەتایبەت لایەنێک ئەو حاڵەتەی زۆر پێ خۆش نەبوو! دواتر لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبووەوە، ئەوکاتە لایەنگرێکی گۆڕان لە هەڵەبجە کوژرابوو، د.جەعفەری پەرلەمانتاری گۆڕان نیگەرانییەکانی خۆیانی بە سەرۆک گەیاند، ئەوەبوو سەرۆک بارزانی زۆر لەو حاڵەتە نیگەران بوو، وتیشی: لەهیچ کەسێک قبووڵ ناکەین ئاسایشی هەرێم تێکبدات و سوێندی بۆ خواردن وەک چۆن جیاوازی چاوی ڕاست و چەپی ناکات، ئاواش جیاوازی نێوان گرووپەکان ناکات و هاوڵاتییانیش وەک یەک تەماشا دەکات.

**ڕۆژنامە: لەوەوە دەردەکەوێت دەستدرێژیکردنە سەر لایەنگرانی گۆڕان لەلایەن یەکێتیی خاوەن هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی، جۆرێک لە دۆخی ئیحراجبوونی بۆ سەرۆکی هەرێم دروستکردووە؟**

* جێگای سەرنجی سەرۆک و نیشانەی پرسیار بووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئێمە کە کلتوورێکی دەوڵەمەندمان لە هەڵبژاردندا نەبووە، دیموکراسییەت پرۆسەیەکی گرنگەو تەنیا بە نووسین و قسەکردنی زۆر نییە، زۆرکەس هەیە بڕوای بە دیموکراسییەت نییە، کەچی زۆر قسە لەسەر دیموکراسییەت دەکات! ئێمە تا دوێنێ شەڕی یەکترمان کردووەو یەکترمان ڕەشکردووەتەوە (لەم قۆڕە ئەو تۆزە هەستێت باشە!) جاربەجار هەڵبژاردنی هەرێمیش باشتر دەبێت، ئەمەش هۆشیاری تاک و حیزبەکانیش زیاد دەکات. ئەرکی هەموومانە بە سەرۆکی هەرێم و حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە خزمەتی ئەو پرۆسەیە بکەین، دەستاودەستی دەسەڵات بکرێت بە کەلتوور. گرنگ نییە کێ زۆردێنێت، گرنگ ئەوەیە گەل براوەبێت، ئەوەی سەردەکەوێت خۆی بە نوێنەری هەمووان بزانێت و ئەوەی دەدۆڕێت پیرۆزبایی لە براوە بکات، بێئەوەی خۆی هەڵکێشێت، چونکە ئەو زیاتر بەرپرسە!

ئەنجامی ئەو ماوەیەی یەکترمان قبووڵنەکرد بە ڕوونی دیارە، ئەزموونی ئەورووپای ئێستاو ئەمریکای بەرهەمی شەڕی ناوخۆ، کە ئێستا بووەتە چزلهێزێک و ئەورووپاش پەرلەمانی هاوبەش و دراوی هاوبەش و کەلتووری لێبووردەییان هەیە، دەبێت ببێتە ئەزموونێک و ئەو قۆناغەی ئێستا تێپەڕێنین.

**ڕۆژنامە: سەرۆکی هەرێم هەوڵی نەبووە بۆ نزیککردنەوەی یەکێتی و گۆڕان؟**

* سەرۆکی هەرێم هەست بەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی، نەتەوەیی، نیشمانی و مرۆییە دەکات کە لەسەر شانیەتی، بەڵام بێ هاوکاریی لایەنەکان و سیاسییەکان ئاسان نییە ئەو ئەرکە جێبەجێبکات، بێگومان هەوڵیداوە، بەڵام لایەنێک ڕازیی نەبووە. دوو شت ئەولەویەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی گەل بە هەموو لایەنەکانەوە، لەگەڵ فراوانکردنی پانتایی ئازادیی لە چوارچێوەی یاسادا، لەو چوارچێوەیەش پێویستە پردەکانی پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بەهێزتر بێت، بەتایبەتی گۆڕان، مومکینە لایەنێک ئەوەی پێخۆش نەبێت!، بەڵام پێویستە وابێت، بۆئەوەش دەرگای سەرۆکی هەرێم کراوەیە.

**ڕۆژنامە: لە گۆشەی ئەو وەڵامەی سەرەوە، سەرۆکایەتی هەرێم چۆن لە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەڕوانێت و پەیوەندییەکان لە چ ئاستێکدان؟**

* دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن تەواوکەری یەکترن، ئێمە دژو نەیاری یەک نین، بەڵکو جیاوازین، جیاوازین لەوەی دەسەڵات بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەیەتی مومارەسەی دەسەڵات دەکات و لە هەمانکاتیشدا دیموکراسییەت بێ ئۆپۆزسیۆن پرۆسەیەکی ناتەواوە، ناتوانین باسی پرۆسەی دەستاودەستی دەسەڵات بکەین ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبێت، بەڵام نابێت دەسەڵات ترسی ئەوەی هەبێت ئۆپۆزسیۆن بەهەموو شێوەیەک هەوڵی ڕووخانی دەدات، ئۆپۆزسیۆن ترسی هەبێت دەسەڵات ڕەشیدەکاتەوەو بەرژەوەندییەکانی دەکوژێت.

پێویستدەکات دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، سەرۆک بارزانی بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، ئەرکی سەرۆک و ئەرکی لایەنەکانی دیکەشە، دیارە ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت گۆڕان نابێت دڕدۆنگییەتی هەبێت بەرامبەر سەرۆکی هەرێم و پێیانوابێت ئەو مەرجەعیەتە بۆ هەموو لایەنەکانە، چونکە لە بەرژەوەندیی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ نییە سەرۆکی هەرێم بکەنە تەرەفی دەسەڵات، بەڵکو دەبێت بیکەنە تەرەفی چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆیە دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەوڵبدات پردی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم بەهێزتر بکات.

# ـەیڕەودەکرێت




هەیە، لەنێویاندا پارتی ئیسلامیی سوننە لە عێراق‌و کەمینە ئیتنییەکانی دیکە وەک پارتی دیموکراتی ئاشووریی، ئەندامێتی لە هەندێک حیزبدا مانای ئیمتیازو قازانجی وەک دامەزراندن‌و فێرکاریی بەدواوەیە، پارتی‌و یەکێتی ئەولەویەت بە ئەندامانی خۆیان دەبەخشن لە دامەزراندنی حکومیدا.

لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا هەرێم هەڵبژاردنی داخراوی بۆ پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامدا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە لە ئۆفیسی هەرێمی هەڵبژاردنەکانەوە لە هەولێر کاریدەکرد، چاودێری هەڵبژاردنەکانی کرد، کە هاوڵاتییان‌و چاودێرە نێودەوڵەتییەکانیش وەک پرۆسەیەکی هێمن‌و سەرکەوتوو بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتیان لە قەڵەمدا، سەرۆکی ئێستای هەرێم، مەسعود بارزانی یەکەمین هەڵبژاردنی خەڵکی هەرێمی بۆ سەرۆکایەتی بردەوە بە رێژەی (٦٩,٩٪). لەم هەڵبژاردنەشدا پارتی‌و یەکێتی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنایەوە، بەڵام لە (١٠٤) کورسییەوە دابەزی بۆ (٥٩) لە کۆی (١١١) کورسی پەرلەمان، لیستی گۆڕان، کە لەلایەن نەوشیروان مستەفای جێگری پێشووی سکرتێری گشتیی یەکێتییەوە سەرکردایەتی دەکرێت، توانی (٢٥) کورسی بەدەستبهێنێت‌و چوارپارتەکەی لیستی خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی (١٣) کورسییان بردەوەو بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان (٢) کورسی بردەوەو (١١) کورسی بە سیستمی کۆتا بۆ کەمینەکان دابینکراوەو (٥) کورسی بۆ مەسیحییەکان‌و (٥) کورسی بۆ تورکمانەکان، کورسییەکیش بۆ ئەرمەنەکان‌و کاندیدێکی ئێزدیش هەڵبژێردرا.

مانگی دوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥، بزووتنەوەی گۆڕان هەزاران ناوی دۆکیۆمێنت کرد کە لەسەر کار لادرابوون بە پاساوی ئەوەی دەنگیان بە لیستی گۆڕان دابوو، بەتایبەت ناوی هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس‌و پێشمەرگە، سەرۆک بارزانی لە کۆتایی ساڵدا کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو کەیسە دروستکرد، بەڵام تائێستا ئاکامێکی دیاری نییە.

## گەندەڵیی بەرپرس‌و شەفافیەتی حکومیی

لە ئابی (٢٠٠٨)دا، حکومەتی هەرێم کۆمیتەی گەندەڵیی دروستکرد، کە لە چوار بەرپرس پێکهاتبوو، بۆ چاودێریکردنی ئاستی گەندەڵیی‌و پێشنیازکردن بۆ نەهێشتنی، حکومەتی هەرێم کۆنتراکتێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆمپانیایەکی دژەگەندەڵیی بەست بۆ توێژینەوەکردن لەسەر گەندەڵیی لە دامودەزگاکانداو پێشکەشکردنی پێشنیاز لەسەر پێوەرەکانی دژە گەندەڵیی، لە تەمموزدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم، پوختەی کارەکانی ئەو کۆمپانیایەو ستراتیژێکی بۆ دژە گەندەڵیی خستەڕوو، هەرچەندە کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە لەسەر هەمان ستراتیژ دەڕۆن، بەڵام لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)وە هێشتا ئەوەی نەکردووە. لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، (٩٧٢) کەیسی دژە گەندەڵیی نێردراونەتە دادگا، بەرامبەر بە (٣٩٨) کەیس لەساڵی (٢٠٠٨)داو (١٣٣) کەیس لەساڵی ٢٠٠٧دا، ژمارەی کەیسە ساغبووەوەکان (٢٨٥) کەیس بوو بەرامبەر بە (٩٨) کەیسی ساڵی (٢٠٠٨). لە کۆتایی ساڵدا کۆمیتەی دژەگەندەڵیی (١٣٣) سکاڵای لە دژی بەرپرسانی باڵا لە بەڕێوەبەری گشتیی‌و باڵاتر ناردووە.

حکومەتی ناوەندو هەرێم هەڵاّیسانی مووچەی کارمەندانی گشتیی وەک خۆی دەهێڵنەوە، وەزارەت‌و دامودەزگاکانی کەرتی گشتیی کارمەندانی «وەهمی»یان دامەزراندووە، مەحسوبیەتی سیاسیی لەگشت ئاستە حکومییەکاندا بوونی هەیە، لەماوەی ئەو ساڵەدا حکومەتی هەرێم مووچەی یەک ملیۆن کارمەندی دەدا، لەکۆی نزیکەی (٣,٩) ملیۆن هاوڵاتی.

## ژن

توندوتیژیی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان بەربڵاوە، وەک لێدان‌و سووتان‌و تەقەلێکردن، ژنان رۆڵێکی نایەکسانیان لە خێزان‌و ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا هەیە، هەرچەندە تەکنەلۆژیا پەیوەندیکردن بە دەرەوەی ماڵی بۆ ژنان ئاسانکردووە، بەڵام ئەمەش بووەتە هۆی ململانێی توندوتیژ لەسەر ئەوەی لەگەڵ کێ قسەدەکەن‌و چی دەکەن، بەپێی رێکخراوی ناحکومیی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ (٣٦٣) ژن رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە بەهۆی..... (٢٩٥)یان هەڕەشەبوون، (٤٠) کوشتن بووەو (٣٢) یان هێرشی سێکسی بووە، کوشتن لەسەر شەرەف وەک خۆی ماوەتەوە.

## مافی کەمینەکان

دەستوور زمانی عەرەبی‌و کوردی وەک دوو زمانی رەسمیی دەناسێنێت، هەروەها مافی ئەوەش بە کەمینەکان دەدات کە بە زمانی خۆیان رۆڵەکانیان بنێرنە بەر پەروەردەو خوێندن، وەک تورکمانی، سریانی‌و ئەرمەنی، لە دامودەزگا حکومییەکاندا دەتوانن بە هەر زمانێکی دیکە بدوێن، لەماوەی ئەو ساڵەدا جیاکاریی دژی کەمینەکان هەبووە، چەندین راپۆرت لەسەر ئەوە هەیە کە حکومەتی هەرێم پێشێلکاریی دژی کەمینەکان لەو ناوچە جێناکۆکانەی کە لە ژێر حوکمی دیفاکتۆی هەرێمدان ئەنجامداوە، وەک کەمینەکانی ئاشووری‌و تورکمان‌و ئێزدی‌و عەرەب، بەپێی ئەو راپۆرتانە بەرپرسان خزمەتی چەند شوێنێکیان نەکردووەو لە کەمینەکانیان دەستگیرکردووە بەبێ موراعاتی قانوونی‌و بۆ زیندانی داخراوو نائاشکرایان بردوون، ئەمە جگە لەوەی فشاریان خستووەتە سەر خوێندنگەکان بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی بخوێنن. کەمینە نەتەوەیی‌و ئیتنییەکان لە کەرکوک هەمیشە دەعوای ئەوە بەرزدەکەنەوە کە هێزەکانی ئاسایشی کورد عەرەب‌و تورکمانەکان دەکەنە ئامانج، لە سێ پارێزگاکەی هەرێمدا بەڵگەی کەم هەیە لەسەر جیاکاریی دژی کەمینەکان، کەمینەکان خوێندنگەی خۆیان بەڕێوەدەبەن‌و نوێنەریشیان لە پەرلەمان‌و حکومەتدا هەیە.

ئا: شالاو فەتاح

# ئەکەپە مەترسیی لەسەرە

ئا: ئارام شێخ وەسانی

پارتی دادوگەشەپێدان لە ئێستادا لەناو بارودۆخێکی تایبەت‌و ناهەمواردایە، ئەو پلانەی کە ئەردۆغان‌و حیزبەکەی بەنیازبوون پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان، کە لەساڵی داهاتوودا بەڕێوەدەچێت ئەنجامی بدەن تائێستا چەندین گرفتی گەورەو چاوەڕواننەکراوی هاتووەتە پێش، هەریەک لە پلانەکانی ئەردۆغان سەبارەت بە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی‌و هەموارکردنی دەستوورو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دادگاکان تەنیا لە بازنەی ئاخاوتندا دەخولێتەوە، ئەمەش لەلایەن رۆشنبیران‌و سیاسییە بێلایەنەکانی تورکیاوە بە مەترسیی دەزانرێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە هەرکاتێکدا بێت ئەو مەترسییە بگۆڕێت بۆ رووداوێکی چاوەڕواننەکراو.

## مەترسیی کودەتا

پاش ئەوەی لەماوەی رابردوودا گرووپێکی گەورەو کارا لە تورکیا بەناوی گرووپی ئەرگەنەکۆن ئاشکرابوون، کە پلانیان هەبووە بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی پارتی دادوگەشەپێدان‌و کودەتاکردن بەسەر ئەردۆغاندا، بەوهۆیەوە پەیوەندیی نێوان سوپاو دەسەڵات گومانی تێکەوت، چونکە بەشێکی زۆری ئەندامە سەرەکییەکانی گرووپی ئەرگەنەکۆن بریتیبوون لە ئەفسەری باڵاو ژەنەراڵی سەربازیی، دەستگیرکردنی ئەندامانی ئەو گرووپە تائێستاش کۆتایی نەهاتووەو رۆژبەڕۆژ خەڵکی جیاواز لە پلەی حکومیی‌و حیزبی‌و سەربازیی لە شارەکانی تورکیا دەستگیردەکرێن بەهۆی پەیوەندیی هەبوونیان بەم گرووپەوە، ئەوەی لە میدیای تورکیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لە کۆتایینەهاتنی ئەو تۆڕە، ئەمەش وەک مەترسییەک دەبینرێت، کە تۆڕی ئەرگەنەکۆن تائێستاش لە هەوڵ نەکەوتووە، لە نوێترین بابەتدا رۆژی (٣/٢١) سایتی تودەی زەمان بڵاویکردەوە، کە لە هەشت پارێزگای تورکیا لە هەڵمەتێکدا (٢٨) کەس دەستگیرکراون، کە پلانیان هەبووە بۆ کودەتاکردن بەسەر حکومەتەکەی ئەردۆغانداو هەروەها پەیوەندیشیان هەبووە بە تۆڕی ئەرگەنەکۆنەوە، لە هەواڵەکەی زەماندا هاتووە؛ دەستگیرکردنی ئەندامانی ئەرگەنەکۆن تائێستاش بەردەوامەو رۆژبەڕۆژ خەڵکانی ناودارو پلە جیاواز بەو تۆمەتانە دەستگیردەکرێت، کە چەندان ئەفسەری باڵاو خانەنشینکراویان لەناودایە. بەپێی راگەیاندنە تورکیەکان، تائێستا زیاتر لە (٢٠٠) کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی ئەنجامدانی کودەتا.

## هەموارکردنی دەستوور

هەموارکردنی دەستووری تورکیا یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە پارتەکەی ئەردۆغان هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام ئەم هەنگاوە مەترسییەکی گەورەی لەپێشە، بۆیە تائێستا ئەردۆغان تەنیا لە رێگەی لێدوانەوە ئاماژەی بەو ئامانجە کردووەو هەنگاوی پراکتیکی نەناوە بۆ ئەو مەبەستە، لە تازەترین لێدوانیدا، کە لە سایتی تودەی زەماندا بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە هەموارکردنی چەند برگەیەکی دەستووری وڵات، ئەردۆغان لە بارەگای پارتەکەی رایگەیاند: «ئێمە هەوڵدەدەین گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بکەین بۆئەوەی چەند گۆڕانێکی باش لە دەستووردا ئەنجامبدەین، پاشان ریفراندۆمێک لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە دەکەین‌و دواتر کارەکە کۆتایی پێدێنین، ئێمە دەبێت لە نوێبوونەوەدابین، ریفۆرمکردن لە پلانی ژیانی تاکی تورکیادا لە رێگەی هەموارکردنی دەستوورەوە دەبێت، بەو هۆیەشەوە ئێمە دەتوانین هەنگاوێکی زۆر باش بنێین لە نزیکبوونەوەمان بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا».

ئەردۆغان لە وتارەکەیدا ئەوەشی خستەڕوو، کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا دژی هەموارکردنی دەستوورن، بەڵام ئێمە هەوڵی تەواو دەدەین کە گفتوگۆ بکەین.

لەبەرامبەردا هاککی شوها، جێگری وتەبێژی پارتی گەلی کۆماری لە پەرلەمان رایگەیاند: ئێمە بەهەموو شێوەیەک هەر هەوڵێکی لەوجۆرە رەتدەکەینەوە، هەروەها جیهان باچەچی، سەرۆکی کوتلەی پارتی نەتەوەپەرستیش، رایگەیاند: ئەوان لە ئێستادا لەگەڵ هەموارکردنی دەستووردا نین، بەڵکو ئەگەر هەوڵێکی لەوجۆرە هەبێت پێویستە دوابخرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو، نەک ئەم خولەی پەرلەمان.

## داخستنی ئەکەپە

یەکێکی دیکە لەو مەترسییە روون‌و گەورانەی کە ئەردۆغان رووبەڕووی بووەتەوە، بریتییە لە دەسەڵاتی دادگا، کە بەهۆی تەنیا کەیسێکی سادەوە توانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات قەدەغە بکات لە مەیدانی کاری سیاسیدا، لەساڵی (٢٠٠٨) حیزبەکەی ئەردۆغان رووبەڕووی یەکەم مەترسیی لەوجۆرە بووەوە، بەڵام زۆر بە زەحمەت کەیسەکەی لەسەر لاچوو، لە وتاری رۆژی ٣/٢٠دا ئەردۆغان رایگەیاند: ئێمە بەتوندیی دژی ئەو تۆمەتانە دەوەستینەوە کە دراونەتە پاڵ پارتی دادوگەشەپێدان، کە گوایە دژایەتی بنەماکانی عەلمانیەتی کردووە. ئەم وتانەی ئەردۆغان دوای ئەوە بوو، کە رۆژنامەی تەرەفی تورکیا بابەتێکی بڵاوکردەوە کە داواکاری گشتیی دادگا لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی دۆسیەکەیە بۆ ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدانی پێ دابخات، لە بابەتەکەی رۆژنامەی تەرەفدا هاتووە، کە رۆژنامەیەکی نزیکە لە حیزبەکەی ئەردۆغان‌و هەواڵ‌و راپۆرتەکانی بەهەند وەردەگیرێن، داواکاری گشتیی لەکۆتایی دۆسییەکە نزیکبووەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکاریی تەواو کراوە، بەڵام تائێستا نەزانراوە لەسەر چ بابەتێک ئەو شکاتنامەیە ئامادەکراوە، ئایا بابەتی دوورکەوتنەوە لە عەلمانیبوونی تورکیا یان لادان لە پرەنسیپەکانی ئەتاتورک یان هەوڵدان بە ئاراستەکردنی بارودۆخی وڵات بۆ کەشێکی ئیسلامیانە.



# لە هەندێک زیندانی ئاسایش‌و زانیاری‌و پاراستندا، ئەشکەنجەدان پـــ

**وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا – نووسینگەی دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ**

**راپۆرتی دەوڵەتان بۆ ساڵی (٢٠٠٩) لەسەر جێبەجێكردنی مافی مرۆڤ (٢٠١٠/٣/١٨)**

**عێراق — كوردستان، بەشێك لە راپۆرتەكە دەربارەی كوردستان (رووداوەكان نەكراون بە كوردی)**




## رێزگرتنی مافی مرۆڤ

### أ- بێبەشكردنی نایاسایی‌و كوێرانە لە ژیان

لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك، ئەو سێ پارێزگایەی هەرێمی كوردستانیان لێ پێكدێت، راپۆرتی كەمتر لەسەر ململانێی تاییفی دراوە لەچاو بەشەكانی دیكەی عێراق، جیاواز لە ساڵی رابردوو، راپۆرت لەسەر بەكارهێنانی كوشندەی هێزەكانی ئاسایش لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە بڵاونەكراوەتەوە. جیاواز لە ساڵی پێشوو، هێرشی تیرۆریستی لەناو كوردستاندا رووینەدا، هێرشكراوەتە سەر هێزەكانی پێشمەرگە لە پارێزگاكانی دیكەدا، هێزە ئاسمانییەكانی توركیا چەندجارێك بۆمبارانی پەكەكەیان كـــردووە، كە پێگەیان لە هەرێمی كوردستاندایە، هێزەكانی ئێران بۆمبارانی سنووری عێراق-ئێرانیان دەكرد بەهۆی بوونی هێزەكانی پارتی ئازادی ژیانی كوردو یاخیبووەكانی دژی ئێران.

### ب- ئـەشـكـەنـجـەدان‌و سـزادانـی نامرۆییانە

یاسای دژەتیرۆری هەرێم رێگە بە ئەشكەنجەدان دەدات لە هەندێك حاڵەتدا. ئەمجۆرە رووداوانـــەش لە هەندێك زینداندا روویداوە كە لەلایەن هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی حكومەتی هەرێم‌و هێزی موخابەراتی لایەنگری پارتی، واتە پاراستن‌و لایەنگری یەكێتی واتە زانیاری بەڕێوەدەبرێن.

بەڵگەكانی بەكارهێنانی توندوتیژیی، لێدان‌و پەنجەشكاندن‌و لێدانی شۆكی كارەبایی لەخۆدەگرێت، وەزارەتـــی مافی مرۆڤ راپۆرتێكی لەسەر دۆخی زیندانییەكان بـڵاوكـردەوەو تیایدا ئـامـاژە بـە بـوونـی «ئەشكەنجەدانی سیستماتیك» لە زیندانەكانی ئاسایش دەكات. چاودێری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێم زیندانەكانی هەرێم بەڕێوەدەبات، هێزەكانی ئاسایشیش هەندێك زیندان بـەڕێـوەبـەدەن، هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆو «موخابەراتیش» بەیەكەوە چەند زیندانێكی دیكە بەڕێوەدەبەن.

## دۆخی زیندانەكان

هـەرچـەنـدە بـەپـێـی یـاسـا تەنیا لەژێر دەسەڵاتی «وەزارەتـی داد»دان، بـەڵام چـوار وەزارەت زیندانەكان بەڕێوەدەبەن، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بەرگریی‌و وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی، كە ئەمەی دواییان زیندانەكانی زیاتر تایبەت بە نەوجەوانانە، بەرپرسانی چـاودێـری كۆمەڵایەتی هەرێم زیندان بەڕێوەدەبەن، بەرپرسانی ئاسایشی هەرێمیش چەند زیندانێكی تایبەت بەڕێوەدەبەن، هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم‌و موخابەراتیش جیا لە یەكتری زیندان بەڕێوەدەبەن. هەرچەندە حكومەت تائێستا ئـامـرازو ستافی تـەواوی بە وەزارەتـی داد نەبەخشیوە بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی تەواوی زیندانەكان بگرێتەدەست، بەڵام پێشكەوتنی تەواو هەبوو لە گواستنەوەی زیندانەكانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتـی بەرگریی بۆ وەزارەتی داد.

## رۆڵی دەزگاكانی پۆلیس‌و ئاسایش

حكومەتی هەرێم هێزەكانی ئاسایشی هەرێم‌و پێشمەرگەی هێشتووەتەوە وەك لـە دەسـتـووردا هـاتـووە، دوو حیزبە سەرەكییەكەی حكومەتی هەرێم پەیوەندیی خۆیان بە یەكەكانی هێزی پێشمەرگەوە پـاراسـتـووە، هـەروەك هێزەكانی ئاسایش‌و «موخابەرات» كە ئێستا لە دەرەوەی كۆنترۆڵی حكومەتی هەرێم‌و ناوەندان. هێزەكانی ئاسایش‌و موخابەراتی هەرێم بەشدارییان كردووە لە دەستگیركردنی چەند گومانلێكراوێك لە ناوچەی ژێر كۆنترۆڵی حكومەتی هەرێمدا. لە ماوەی ئەو ساڵەدا حكومەت هێزەكانی پێشمەرگەی پارتی‌و یەكێتی یەكخست لـەژێـر یەكەی كـاروبـاری پێشمەرگەدا، هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بەكردەوە بەجودایی ماونەتەوەو دابەشبوون بەسەر هێڵە حیزبییەكاندا، حكومەتی هەرێم‌و ناوەند دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هێزەكانی ئاسایشدا نییە، هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە بۆ كۆنترۆڵكردنیان.

چـەنـد راپـۆرتـێـك هـەیـە لەسەر ئـەوەی هێزەكانی ئاسایشی هەرێم گومانلێكراویان دەستیگركردووە بەبێ بوونی مۆڵەتی دادگاو گواستوویاننەتەوە بۆ زیندانی نائاشكرا، پۆلیسیش لە تەواوی وڵاتدا بەردەوامە لە بەكارهێنانی سیستمی توندوتیژیی بۆ دانپیانان.

## لێبووردن‌و بەخشین

لـەسـاڵـی (٢٠٠٧)دا پەرلەمانی كوردستان یاسای لێبووردنی گشتیی پەسەندكرد، بەرپرسانی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەكەن، كە زیاتر لە (٦٤٤) كـەس لـە نزیكەی (١٠٥٤) كـەس لە زیندانەكانی چـاودێـری كۆمەڵایەتی یاسای لێبووردن گرتنیەوە لەو ساڵەدا، ئەو ساڵەش تەنیا ساڵ بوو كە یاسای لێبووردن كاریگەریی هەبوو.

## بێبەشكردن لە دادگاییكردنی ئاشكراو دادپەروەرانە

لەساڵی (٢٠٠٧)دا هەرێم یاسای دەسەڵاتی دادوەریـی پەسەندكرد، كە هەوڵدرابوو دادگایەكی سەربەخۆتر دروستبكات، ئەنجومەنی دادوەریـی كوردستان (كە بەشێك بوو لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن) لە رووی یاساییەوە سەربەخۆبوو، بەرپرسیارێتی بودجە، بەڕێوەبردنی داهاتی مرۆیی‌و راپۆرتدانی كەوتە ئەستۆ، بەرپرسانی دادی هەرێم چیتر دەسـەڵاتـی راسـتـەوخـۆی لە كۆنترۆڵكردنی دەسەڵاتی دادوەرییدا نییە، بەرپرسانی داراییش وازیان لە بودجەی داد هێناو سەرۆكی دادگای باڵاش لەلایەن هەندێك دادوەرەوە دیاریدەكرێت، نەك دەسەڵاتی جێبەجێكاریی، بەڵام هێشتا دەسـەڵاتـی جێبەجێكار (حكومەت‌و سەرۆكی هەرێم) نفوزی لەسەر هەندێك كەیس هەیە لەو ناوچانەی لە رووی سیاسییەوە هەستیارن، وەك رای ئازادو ئازادیی رۆژنامەوانیی، بەپێی راپۆرتێكی نیسانی ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ لەسەر دادوەریـی لە هەرێمی كوردستان، ئەو حاكمەی كە رەخنەی لە دەستێوەردانی ئاسایش گرتووە لە كاروباری دادوەریی هـەرێـم، لـەلایـەن بەرپرسێكی باڵای ئاسایشەوە هـەڕەشـەی لێكراوە كە ئەوجۆرە نووسینانە بووەستێنێت دەنا رووبەڕووی بەڵا دەبێتەوە.

## دەستگیركردن‌و زیندانكردنی سیاسیی

زانـیـاریـی كـەم هـەبـوو لـەسـەر دەسـتـگـیـركـراوەكـانـی نـاو زیندانی ئاسایشی كـوردسـتـان، رێكخراوی زیندانە سیاسییەكان، كە رێكخراوێكی نیمچە حكومییەو (٥٠٠) ئەندامی هەیەو وەك نوێنەری زیندانیانی سەردەمی سـەدام كـاردەكـات بۆ یەكخستنەوەو ناساندنەوەی زیندانییە سیاسییەكان بە كۆمەڵگەو هێزی كار، ئەم دەزگایە مانگانە (٥٠٠) هەزار دیناری عێراقی بە كۆنە زیندانییان دەدات‌و بە دەزگایەكی كاریگەر لەقەڵەمدەدرێت.

## دەستێوەردانی نابەجێ لە كاری شەخسی‌و خێزانیی

لـە نـاوچـەكـانـی ژێـر دەسـەڵاتـی حكومەتی هەرێم، فشار هەبوو لەسەر هاوڵاتییان بۆ ئەوەی پەیوەندیی بكەن بە یەكێتییەوە لە سلێمانی‌و بە پارتییەوە لە هەولێرو دهۆك.

## رای ئازادو ئازادیی رۆژنامەوانیی

لەساڵی (٢٠٠٨)دا لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە یاسایەك دەركـرا كە ئـازادیـی میدیایی دەستەبەر دەكـرد، بەڵام جێبەجێكردنی بەردەوام نەبوو، لە یاساكەی ساڵی (٢٠٠٨)دا زیندانیكردن چیتر سـزای بڵاوكردنەوەی تەشهیر نـەبـوو، بـەڵام رۆژنـامـەنـووسـەكـان بـەردەوام بە یاسای سزادانی ساڵی (١٩٦٩) داگایی‌و مەحكوم‌و زیندانیی دەكـران. سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان باس لە بوونی (٤٤) كەیسی دژ بە رۆژنـامـەنـووسـان دەكـات، كە سێ یەكیان بە یاسای سـزادان بووە. بەرپرسان هانا بۆ غەرامەكردنی یاسایی دەبەن دژی ئەو میدیاكارو نووسەرانەی كە بابەتیان لەدژ بڵاودەكەنەوە، بەتایبەت لەسەر گەندەڵیی.

رۆژنـامـەنـووسـان لـە هـەرێـمـی كوردستان كە زۆر بە ئاسایی لەلایەن بەرپرسانی حكومەتی هەرێم، هێزەكانی ئاسایش، سەرۆك خێڵ‌و بزنسمانەكانەوە هـەڕەشـەیـان لێدەكرێت. خەمڵاندنە ناوخۆییەكان بۆ ئەو پێشێلكارییانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە لە دەرزەنـێـكـەوە تا زیاتر لە (١٠٠) كەیس دەژمێردرێت، بەپێی راپۆرتی ئـەی.ئـای ١٤ی نـیـسـان، زۆربـەی راگەیاندنكاران خۆیان لە رەخنەگرتن لە حكومەت، رەخنەگرتن لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆو ئاژانسە هەواڵگریی‌و دوو پارتە سەرەكییەكە دەپـارێـزن، پارتە سیاسییەكان خاوەنی زۆرینەی رۆژنامەكانن، یاخود كاریگەری زۆریان لەسەریان هەیە، تەنیا ژمارەیەكی كەمیان نەبێت رێنماییەكانی نیسانی پاری نەتەوەیەكگرتووەكان، كۆمسیۆنی باڵای ئاوارەكان ئاماژەبەوەدەكات، كە رەخنەگرتن لە حیزبە دەسەڵاتدارەكانی پارتی‌و یەكێتی دەبێتە هۆی هەڕەشەو لێدان‌و دەستگیركردن‌و زیندانیكردن، كوشتنی نایاسایی، لەو نێوەندەشدا رۆژنـامـەنـووسـان بـەتـایـبـەت لە مەترسیدان.

## ئازادیی كۆبوونەوە

دەسـتـوور ئـازادیـی كۆبوونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە دەستەبەردەكات، حكومەتیش بەشێوەیەكی گشتیی رێزی لەم مافە گرتووە، هەرچەندە راپۆرت لەسەر هەندێك پێشێلكاریی لە دژی پرۆتێستكاران دراوە، یاسای (طواریء) تا ساڵی (٢٠٠٧) كـاری پێدەكرا، ئەو یاسایەی مۆڵەتی بە سەرۆك وەزیران دەدا كە لە هەندێك دۆخدا هەموو جۆرە جووڵەو كۆبوونەوەیەك یاساغ بكات. بەشێوەیەكی گشتیی، ئەم یاسای (طواریء) ە رێ لە خۆپیشاندانی هێمنانە ناگرێت، هەرچەندە هەندێك كات بەكاردەهات بۆ سەپاندنی قەدەغەكردنی هاتوچۆ. جیاواز لە ساڵی رابردوو، هیچ راپۆرتێك لەسەر كوشتن‌و دەستگیركردنی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزەكانی ئاسایشی هەرێمەوە نەدراوە.

## ئازادیی كاری رێكخراوەیی

دەسـتـوور مـافـی دامـەزرانـدن‌و پەیوەندیكردن بە رێكخراو و پارتە سیاسییەكانەوە دەستەبەردەكات‌و ئـەوەی كە گرنگە ئـەم مافە بە یاسا رێـكـخـراوە، حكومەت بەشێوەیەكی گشتیی رێزی ئەم مافەی گرتووە، جگە لە یاساغكردنی دەسـتـووری حیزبی بەعس. لە پارێزگاكانی هەرێمدا زۆرێك لە رێكخراو و یەكێتییەكان راستەوخۆ پاشكۆی یەكێتی لە سلێمانی‌و پارتی لە هەولێرو دهۆكن.

## ئازادیی ئایینی

لەماوەی ئەو ساڵەدا بانگەشەی ئەوە دەكـرا كە حكومەتی هەرێم جیاكاریی بەرامبەر هەندێك كەمینەی ئایینی لە ناوچە جێناكۆكەكان پەیڕەوكردووە. ئێزدی‌و كریستیانەكانی باكووری موسڵ دەڵێن، كە بەرپرسانی حكومەت موڵكی ئەوانیان زەوتـكـردووە بێ قەرەبووكردنەوەو چەند نشینگەیەكیان لەسەر زەوی ئەوان دروستكردووەو هەندێك لە كریستیانە ئاشوورییەكانی موسڵ بانگەشەی ئەوە دەكـەن كە دەسەڵاتی دادوەریـی سەر بە پارتی لە پارێزگای موسڵ جیاكاریی بەرامبەر ناموسڵمانەكان پەیڕەوكردووەو نەیتوانیوە كەیسەكان لە بەرژەوەندیی ئەوانی دی یەكلایی بكاتەوە. چەند راپۆرتێك هەیە لەسەر ئەوەی كە قەیدو بەند هەبووە لەسەر ئێزدییەكان كە چوونەتە ناوچە جێناكۆكەكانی ژێر كۆنترۆڵی هەرێم‌و بەبێ رەزامەندیی حكومەتی هـەرێـم نەیانتوانیوە لە ناوچەكانی نەینەوای ژێـر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم یان ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، سەركردە سیاسییەكانی ئێزدی‌و شەبەك دەڵێن كە پێشمەرگە پێشێلكاریی دژی كۆمەڵگەكەیان ئەنجامداوە لـە پـارێـزگـای نەینەوا. سەركردەی كەمینەكان بانگەشەی ئەوە دەكـەن، كە حكومەتی هەرێم فشاری خستووەتە سەر كۆمەڵگەكانیان بۆ ئەوەی خۆیان وەك كورد بناسێنن، نوێنەرانی ئێزدییەكانیش ئەوە دووپاتدەكەنەوە كە لەكاتی گەشتكردنیاندا لە بەغداوە بەرەو كۆمەڵگەكانی خۆیان لە باكوور، نـەیـانـتـوانـیـوە بـە خـاڵـی پشكنینی پێشمەرگەكاندا بڕۆن.

حـكـومـەتـی هــەرێـم بانگەشەی ئەنجامدانی پێشێلكاریی لـە دژی مەسیحی‌و كەمینەكانی دی رەتدەكاتەوەو زۆربەی سكاڵاكان لە كەمینەی ناوچە جێناكۆكەكانەوە دەكرێن.

## پێشێلكاریی كۆمەڵایەتی‌و جیاكاریی

زۆرێـك لە شارۆچكە ئێزدییەكانی نەینەوا دەكـەونـە ناوچەكانی نێوان هــەرێـم‌و حكومەتی نـاوەنـد، هەر لـەبـەر ئـەمـەش بـەدەسـت كەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، حكومەتی هەرێم هەندێك خزمەتگوزاریی پێشكەش بەم ناوچانە كردووە، بەتایبەت بەو فێرگا ئێزدییانەی لەلایەن حكومەتەوە فەند دەكرێن، لە دەستووردا مافی كۆچكردن لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكەی وڵات‌و بۆ دەرەوەش دەستەبەركراوە، حكومەتیش بەشێوەیەكی گشتیی رێز لەم مافە دەگرێت، لە واقیعدا هەندێك سنووردراكردن لەسەر ئەم مافە هەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت رووبكەنە هەرێمی كـوردسـتـان، هیچ یاسایەك نییە كە هاتوچۆ لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم سنووردار بكات، بەڵام لەبەر هەندێك هۆی ئەمنیی‌و لە واقیعدا هەمیشە وانەبووە، هاوڵاتییان لە هەر نەتەوەیەك بـن تـەنـانـەت كـوردەكـانـیـش، كـە لە باشوورەوە بێنە ناو كوردستانەوە دەبێت لە خاڵەكانی پشكنیندا بووەستن، خۆی‌و ئۆتۆمبێلەكەی بپشكنن، ئینجا بە مۆڵەت بـەردەوام بێت. بەرپرسانی خاڵەكانی پشكنین، كە راپۆرت دەدەنە هێزەكانی ئاسایش، وێنەی گەشتیاران دەگرن‌و بەرپرسان رێگە بە كەسێك نادەن كە گومانی مەترسیی ئەمنیی لێبكەن، هاتنە ناوەوەی پیاوی عەرەب قورسترە لەوانی دیكە، ئەفسەری بەرپرسی خاڵی پشكنین مافی رێپێنەدانی چوونە ناوەوەی خەڵكی هەیە، بۆ رێكخستنی ژمـارەی زۆری گەشتیارانی هاوین، هێزە ئەمنییەكانی هەرێم لەگەڵ پارێزگاكانی دی كاردەكات بۆ زانینی ناوی ئەو گەشتیارانەی كە ناوی خۆیان لای ئاژانسەكانی گەشتیاریی تۆماركردووە، گەشتیاران پێویستە ئەوە روونبكەنەوە بۆ كوێ دەچـن‌و چەند دەمێننەوە.

## ئاوارە ناوخۆییەكان

بەپێی كۆمسیۆنی باڵای ئاوارەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان، لە كۆتایی ٢٠٠٩دا حكومەتی هەرێم میوانداریی (١٣٤) هەزار ئـاوارەی دوای شوباتی (٢٠٠٦) كـرد، (٦٣٥) هــەزاری دیكە كـوردی باكوور بوون‌و لە ناوچەكانی باشوورو نـاوەڕاسـت‌و لـە سـەردەمـی رژێمی پێشوودا دەركرابوون، بەڵام نشینگەی هەمیشەییان لە باكوور دروستكردبوو، بۆ ئـاوارەكـان هەرێمی كوردستان خاوێنترو تەندروستترە لە ناوچەكانی دیكە، بـەڵام نشینگەو خـۆراك‌و شتی دیكە گرانترە. راپۆرتەكان باسی ئەوە دەكەن هەڕەشەی مەرگ یان جێهێشتنی ناوچەكانیان كەمتر بـووە لەسەر سوننە‌و شیعەكان لەساڵی (٢٠٠٨)، بەڵام مەسیحییەكانی ناوچە جێناكۆكەكانی باكوور لە بەغداش بەردەوام هەڕەشەیان لێكراوە بۆ جێهێشتنی ناوچەكانیان.

## پاراستنی ئاوارەكان

حكومەت لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵای ئاوارەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان‌و رێـكـخـراوە مرۆڤدۆستەكانی دیكە هاوكاریی دەكات بۆ پاراستنی (١٢) هەزار ئاوارەی فەلەستینی، بەشێوەیەكی گشتیی ئاوارە كوردەكانی توركیاو ئێران دەچنە هەرێمی كوردستان، چونكە زۆرینەی كـوردە ئێرانییەكان كە ژمارەیان لای كۆمسیۆنی باڵای ئاوارەكانی یوئێن، (٩) هەزارو (١٧٣) كەسە كە لە هەرێمن. (١٥٧٥٨) ئـاوارەی كـوردی توركیاش بەردەوام لەلایەن UNەوە كار بۆ دووبارە گەڕاندنەوە بۆ شوێنی خۆیان كراوە. گرووپە ئاوارەكانی دیكەش بەتایبەت ئەوانەی كە لەلایەن رژێمی پێشووەوە یارمەتی دراون، وەك فەلەستینییەكان، ئەهوازییەكان لە بـاشـوورو عەرەبە سوورییەكانی بەغداو موسڵ كەمتر تێكەڵ بە كۆمەڵگەی عێراقی دەكرێن‌و رووبەڕووی جیاكاریی دەبنەوە.

## هەڵبژاردن‌و بەشداریی سیاسیی

پـارتـە سیاسییەكانی ئـەم وڵاتـە بەسەر چەند هێڵێكی ئایینی‌و نەتەوەییدا دابەشدەبن، لە شیعەكان، ئەنجومەنی باڵاو دەعوەی ئیسلامیی‌و سەدرییەكان، لە كوردستانیش پارتە نیشتمانییەكانی وەك پارتی‌و یەكێتی هێزی سیاسیی زاڵن. پارتە سیاسییەكانی دیكە لە عێراقدا

# پڕۆژە دووبارەکان، کێشەدارترین بڕگەی بودجەی هەرێم پێکدەهێنن

ئا: سیروان عەول

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە حکومەت ڕوونکردنەوەی پێویست بدات لەبارەی ئەو پڕۆژانەی دووبارە لە بودجەی (٢٠١٠)دا بودجەیان بۆ تەرخاندەکرێتەوە، چونکە ئەو پەرلەمانتارانە پێیانوایە، کە ناڕۆشنیی لە بودجەی پڕۆژەکاندا هەیەو نازانرێت ئەو پڕۆژانە چەندەمین ساڵە بودجەیان بۆ تەرخاندەکرێتەوە.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باس لەوە دەکات، کە هەر لەسەرەتاوە تێبینیو سەرنجیان هەبووە لەسەر گشت پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، بەڵام تا ئێستاش لایان ڕوون نییە کە ئەو پڕۆژانەی چەند ساڵێکە دواکەوتوون، بودجەیان بۆ سەرف نەکراوە، یان هێشتا بودجەیان ماوە.

ئەو پەرلەمانتارە بۆچوونی خۆی بۆ ڕۆژنامە ئاشکرا دەکات، کە لایان ڕوون نییە ئەم پڕۆژانە بە چ شێوەیەک بودجەیان تێپەڕیوەو چەند ساڵیان تێپەڕاندووە، بەم هۆیەشەوە بەپێویستی دەزانێت کە لەسەر پڕۆژەکان، حکومەت بە نووسراوێک ڕوونکردنەوە بدات بە پەرلەمان.

بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا لە پەرلەمانی کوردستانەو بەشێک لە پەرلەمانتاران لەبەر کەموکورتییەکانی دەیانەوێت بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، لە ناو گرفتەکانی بودجەشدا چەندین پڕۆژەی وەهمییو پڕۆژەی حیزبو پڕۆژەی دووبارە هەن.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایدەکات «چەند جارێک لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کۆبوونەوەیان کردووەو پێداگرییانکردووە لەوەی پەلە بکرێت لە تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی بە ناتەواویی ماونەتەوە».

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: ئەوەی کێشەی ئێمەیە، ئەوەیە کە چەند پڕۆژەیەک هەن لە (٢٠٠٨)ەوە کاریان تێدادەکرێت، بەڵام هێشتا تەواو نەبوون، لەکاتێکدا (٢٠٠٩) بودجەیان بۆ تەرخانکراوەو لە ٢٠١٠دا جارێکی دیکە بودجەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە، ئێمە لەسەر ئەوە هەڵوێستمان دەربڕیوە.

لێرەدا لیستی ئەو پڕۆژانە دەبینین کە تەواونەبوونو پێویستیان بە پارە ماوە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان.

لیستی ئەو پڕۆژانەی تەواونەکراونو پێویستیان بەپارە ماوە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان

| ژ. | ناوی پرۆژە | بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیار | پارێزگا | قەزا | ناحیە | پارەی پرۆژە | خەرجی | پێویستی بۆ ساڵی 2010 | بەرواری بەکاربوون | ماوەی پرۆژە | ماوەی زیدەکی | ڕێژەی جێ بەجێکردن ٪ تەکنیکی | ڕێژەی جێ بەجێکردن ٪ دارایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قیرتاو کردنی ڕێگای پردی تاتان – پردی گولی لە پێنجوین بەدرێژیی 13.2کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | پێنجوێن | گەرمک | 2,491 | 2,151 | 340 | 10/12/2008 | 300 | 40 | 99 | 86 |
| 2 | ڕێگای سەید احمدان – شێنێ – زەڵێ – ناوزەنگ بەدرێژیی 30کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | قەڵادزێ | قەڵادزێ | 7,379 | 6,308 | 1,071 | 8/1/2004 | 360 | 369 | 99 | 85 |
| 3 | دروستکردنی ڕێگای عەربەت –دووکانیان بەدرێژیی 31کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | تانجەرۆ | 8,908 | 7,478 | 1,430 | 6/26/2008 | 320 | 277 | 99 | 84 |
| 4 | بەستنەوەی تونێلی ئەزمەر بە ڕێگای سەرەکی یەکانەوە | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 2,342 | 1,945 | 397 | 1/12/2009 | 190 | 0 | 99 | 83 |
| 5 | چاککردنەوەی ڕێگای قیری دوکان – چوارقوڕنە بەدرێژیی 53.8کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | ڕانیە | چوارقوڕنە | 1,942 | 1,460 | 482 | 6/11/2008 | 120 | 0 | 99 | 75 |
| 6 | پڕۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگاکانی خاڵی پاسەوانی میوانخانەی سەرۆک کۆمار لە دەباشان بەدرێژیی 5.4کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 764 | 574 | 190 | 11/15/2009 | 60 | 24 | 99 | 75 |
| 7 | پرۆژەی دانانی هێمای هاتوچۆ بۆ سەر ڕێگای (سورداش،سەرگەلوو،دۆڵی جافایەتی) | چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | سورداش | 275 | 181 | 94 | 6/29/2008 | 90 | 30 | 99 | 66 |
| 8 | دروستکردنی نهۆمی دووەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 365 | 141 | 224 | 10/30/2009 | 120 | | 99 | 39 |
| 9 | دروستکردنی ڕێگای دەلین – ڕوستەم بەگ – بەشارەتی خواروو بەدرێژیی 15.6کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | هەڵەبجە | خورماڵ | 3,282 | 1,849 | 1,433 | 1/8/2005 | 450 | 433 | 97 | 56 |
| 10 | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی کاژاوی حەمە صالح بەدرێژیی 2.4کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | تانجەرۆ | 363 | 274 | 89 | 11/4/2009 | 60 | | 95 | 75 |
| 11 | دروستکردنی پردی چوارقوڕنە بەدرێژیی 80م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | چوارقوڕنە | 1,494 | 961 | 533 | 6/9/2009 | 200 | 70 | 95 | 64 |
| 12 | ڕوپۆشکردن و دیزاینی پردی وەیسە/ قەندۆڵ بەدرێژیی 120 متر | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | ماوەت | ئاوەکورتێ | 36 | 15 | 21 | 3/13/2009 | 60 | 0 | 95 | 42 |
| 13 | دیزاین و وردبینی دووسایدکردنی ڕێگای دوکان – چوارقوڕنە بەدرێژیی 54کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | چوارقوڕنە | 379 | 7 | 372 | 2/11/2009 | 90 | 0 | 95 | 2 |
| 14 | دیزاینی پردی قەڵاچووغەی شێخ سەلام لە ناحیەی ئاغجەلەر بەدرێژیی 45م | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | چەمچەماڵ | ئاغجەلەر | 24 | 0 | 24 | 6/8/2009 | 40 | 106 | 95 | 0 |
| 15 | دروستکردنی ڕێگای دۆڵەرووت – قزلەر – شەدەڵە بەدرێژیی 25کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | سورداش | 11,928 | 9,648 | 2,280 | 2/10/2004 | 360 | 115 | 94 | 81 |
| 16 | دروستکردنی ڕێگای بەرزنجە – کاژاو – تەگەران 34 کم لەگەڵ پردی کانی سارد | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | شارباژێڕ | بەرزنجە | 3,524 | 2,833 | 691 | 8/11/2003 | 360 | 443 | 94 | 80 |
| 17 | دروستکردنی دوو تەرازووی جێگیر لە(سەنگاو و شۆڕش) | ئاوەدانکردنەوەی چەمچەماڵ | سلێمانی | چەمچەماڵ | سەنگاو | 2,019 | 1,418 | 601 | 10/19/2008 | 160 | 172 | 94 | 70 |
| 18 | پرۆژەی خانەی دادی سلێمانی | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 33,317 | 28,630 | 4,687 | 4/12/2005 | 426 | 850 | 93 | 86 |
| 19 | نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی تەلاری مەڵبەندی کوردولۆجی لە سلێمانی | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 2,299 | 1,415 | 884 | 6/21/2008 | 450 | 110 | 92 | 62 |
| 20 | دامەزراندنی سێ تەرازووی جێگیر لە ماوەت – سلێمانی – پێنجوین | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | پێنجوێن | ماوەت | 4,630 | 2,488 | 2,142 | 4/10/2009 | 210 | 45 | 92 | 54 |
| 21 | قیرتاوکردنی ڕێگای باسنێ – سیرێ – دێرێ – مەروێ – شاناخسێ – ئاوکورتێ بەدرێژیی 22.5کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | چوارتا | باسنێ | 5,922 | 5,038 | 884 | 7/4/2009 | 250 | 0 | 91 | 85 |
| 22 | تیکەڵەڕێژکردنی ڕێگای گەڕەدێ–یەخیان–خوڕخوڕە–شارستێن–هەنجیرە بە درێژیی 56 کم پڕۆژەی 278 A پڕۆژەکانی OPC | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | بنگرد | 1,582 | 1,565 | 17 | 5/10/2002 | 457 | | 88 | 99 |
| 23 | دروستکردنی (50)خانوو لەناحیەی سیروان | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی/ هەڵەبجە | سلێمانی | هەڵەبجە | سیروان | 2,216 | 1,527 | 689 | 3/17/2009 | 300 | 50 | 87 | 69 |
| 24 | دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای تاسلوجە – دووکان( 23–46 کم ) کۆمپانیای H.G.G | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | پیرەمەگرون | 67,730 | 52,665 | 15,065 | 5/21/2007 | 483 | 130 | 80 | 78 |
| 25 | دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای سلێمانی – عربت (21.8) کم . | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | عەربەت | 26,423 | 19,649 | 6,774 | 4/11/2004 | 365 | 559 | 80 | 74 |
| 26 | دروستکردنی 150خانووی نیشتەجێ لەقەرەداغ | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | قەرەداغ | قەرەداغ | 6,176 | 3,426 | 2,750 | 5/16/2008 | 360 | 125 | 76 | 55 |
| 27 | دامەزراندنی سێ تەرازووی جێگیر لە کەلار – دربندیخان – خانەقین | ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان | سلێمانی | کەلار | دەربەندیخان | 2,951 | 926 | 2,025 | 19/9/2008 | 210 | 190 | 76 | |
| 28 | دروستکردنی ڕێگای قزلەر –مێرگەپان – شەدەڵە بەدرێژیی 13کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | سورداش | 11,961 | 8,294 | 3,667 | 6/26/2008 | 210 | 113 | 75 | 69 |
| 29 | چاککردنەوە و نۆژەنکردنەو ەو گواستنەوەی کارگەی مارینی بۆ چوارقوڕنە بەتوانای 80 تەن | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | ڕانیە | چوارقوڕنە | 167 | 14 | 0 | 8/29/2009 | 60 | | 75 | 8 |
| 30 | دامەزراندنی دوو تەرازووی جێگیر لە قەڵادزە – دوکان | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | دوکان – قەڵادزێ | دوکان – قەڵادزێ | 2,668 | 1,224 | 1,444 | 9/19/2008 | 180 | 316 | 71 | 46 |
| 31 | دروستکردنی پردی سەنگەسەر بەدرێژیی 160م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | سەنگەسەر | 2,870 | 1,750 | 1,120 | 6/9/2009 | 260 | 30 | 70 | 61 |
| 32 | دیزاینکردن و وردبینی و پەسەندکردنی پردی سەرکەپکان بەدرێژیی 200م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | سەرکەپکان | 22 | 10 | 12 | 5/30/2009 | 60 | | 70 | 45 |
| 33 | دیزاینکردن و وردبینی و پەسەندکردنی پردی باراوا بەدرێژیی 36م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | پشدەر | سەنگەسەر | 22 | 10 | 12 | 5/30/2009 | 60 | | 70 | 45 |
| 34 | دیزاینکردن و وردبینی و پەسەندکردنی پردی کلاوسوران بەدرێژیی 100م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | چوارقوڕنە | 22 | 10 | 12 | 5/30/2009 | 60 | | 70 | 45 |
| 35 | دیزاینکردن و وردبینی و پەسەندکردنی پردی قەسرۆک بەدرێژیی 100م | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | چوارقوڕنە | 22 | 10 | 12 | 5/30/2009 | 60 | | 70 | 45 |
| 36 | دابین کردنی ئامێرو کەرەستەی تاقیگەی بیناسازی سلێمانی | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 2,088 | 552 | 1,536 | 7/23/2008 | 270 | | 70 | 26 |
| 37 | قیرتاوکردنی ڕێگای ئالان – حاصل – قەڵبەزە بەدرێژیی 10.8کم | ڕێگاوبانی گەرمیان | سلێمانی | شارەزوور | وارماوا | 1,713 | 7 | 1,706 | 1/23/2009 | 270 | 60 | 70 | 1 |
| 38 | قیرتاوکردنی کانی سپیکە – گڵە زەردی شێخ حەسەن بە درێژیی (13.2)کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | تانجەرۆ | 2,224 | 929 | 1,295 | 7/7/2009 | 180 | 0 | 65 | 42 |
| 39 | هۆڵی پرسەی ژنان لەهەڵەبجە | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی/ هەڵەبجە | سلێمانی | هەڵەبجە | هەڵەبجە | 272 | 2 | 270 | 7/13/2009 | 240 | 0 | 65 | 1 |
| 40 | چاککردنەوەی ڕێگای قیری دووسایدی ناو کۆمەڵگەی تەکیە بەدرێژیی 2.5کم | چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | چەمچەماڵ | تەکیە | 569 | 220 | 349 | 10/6/2009 | 70 | | 58 | 39 |
| 41 | تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای ناحیەی شێخ تەویل و گوندەکانی بێستانە – بەکر بایف –تمتمە – درکە بەدرێژیی 32.8کم | ڕێگاوبانی گەرمیان | سلێمانی | کەلار | شیخ تەویل | 1,761 | 763 | 998 | 12/2/2008 | 450 | | 55 | 43 |
| 42 | قیرتاوکردنی ڕێگای مەزرەعە بەدرێژیی 650م لە خانەقین | ئاوەدانکردنەوەی خانەقین | سلێمانی | خانەقین | خانەقین | 145 | 0 | 145 | 11/8/2009 | 75 | | 50 | 0 |
| 43 | دابینکردنی (4) چوار قەپانی گەڕۆک کۆمپانیای مینا جێ بەجێی دەکات | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | شوێنی جیا | شوێنی جیا | 632 | 0 | 632 | 1/13/2009 | 60 | | 50 | 0 |
| 44 | دروستکردنی 600 خانو لە ناحیەی کوڵەجۆ | ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان | سلێمانی | کفری | کوڵەجۆ | 12,120 | 4,947 | 7,173 | 6/29/2009 | | | 48 | 41 |
| 45 | دروستکردنی ڕێگای ڕەزڵە – گولان – دۆڵپەموو بەدرێژیی 40کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | پێنجوێن | نالپارێز | 1,241 | 473 | 768 | 10/21/2004 | 270 | 534 | 45 | 38 |
| 46 | ڕووپۆش کردنی جۆگەلەی کوردەرە لە گەڕەکی مەیدان– بەشی دووەم و دروستکردنی شۆستەی بیهارتۆن و کیربستۆن بۆ شەقامی سەرەکی مەزرەعەو دروست کردنی پردی بانمیل لە خانقین | ئاوەدانکردنەوەی خانەقین | سلێمانی | خانەقین | خانەقین | 534 | 95 | 439 | 9/13/2009 | 150 | | 45 | 18 |
| 47 | چاککردن و تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای (بێناسە – باوزێ) بەدرێژیی 6کم | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | قەڵادزێ | هێرۆ | 300 | 51 | 249 | 7/20/2009 | 120 | 20 | 45 | 17 |
| 48 | قیرتاوکردنی سێ پارچە ڕێگا لە فلکەی عبدالعزیز بۆ گەڕەکی دارەکونارە بەدرێژیی 1.295کم لە خانەقین | ئاوەدانکردنەوەی خانەقین | سلێمانی | خانەقین | خانەقین | 255 | 0 | 255 | 11/8/2009 | 75 | 29 | 45 | 0 |
| 49 | دروستکردنی ڕێگای گوندی باوزێ لە قەڵادزێ بەدرێژیی 5.1کم | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | قەڵادزێ | ئیسیوە | 204 | 0 | 204 | 9/5/2009 | 120 | | 45 | 0 |
| 50 | دروستکردنی (Under pass) لە خانەقین بەدرێژیی 30م | ئاوەدانکردنەوەی خانەقین | سلێمانی | خانەقین | خانەقین | 197 | 0 | 197 | 11/2/2009 | 150 | | 45 | 0 |
| 51 | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی کانی شەیتان بەدرێژیی 0.920کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | بازیان | بازیان | 129 | 0 | 129 | 22–11–2009 | 80 | | 45 | 0 |
| 52 | دیزاینی کۆمەڵگای ڕاگەیاندن | ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 70 | 25 | 45 | 5/11/2009 | 60 | 40 | 40 | 36 |
| 53 | دروستکردنی پردی شیوە سوور بەدرێژیی 60م | ئاوەدانکردنەوەی چەمچەماڵ | سلێمانی | چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | 1,034 | 282 | 752 | 9/4/2009 | 180 | 0 | 40 | 27 |
| 54 | چاککردن و تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای (هێرۆ – وەسوێنە – گیرە– دارەشمانە) بەدرێژیی 10.4کم | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | قەڵادزێ | هێرۆ | 521 | 129 | 392 | 7/20/2009 | 185 | 20 | 40 | 25 |
| 55 | دروستکردنی پردی هەنجیرە بەدرێژیی 80م | ئاوەدانکردنەوەی چەمچەماڵ | سلێمانی | چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | 1,566 | 385 | 1,181 | 9/4/2009 | 270 | 0 | 40 | 25 |
| 56 | قیرتاوکردنی ڕێگای دەربەندی ڕانیە– بنگرد – قەرەسرد بە درێژیی (16.5)کم (بەشی یەکەم) | ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە | سلێمانی | ڕانیە | بنگرد | 3,624 | 0 | 3,624 | 7/24/2009 | 200 | 90 | 40 | 0 |
| 57 | قیرتاو کردنی ڕێگای دوو خاڵی پاسەوانی سەرۆک کۆمار لە قەڵاچوالان بەدرێژیی 1.2کم کە لەلایەن کۆمپانیای (ڕێنوار)ە وە جێ بەجێدەکرێت. | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | چوارتا | قەڵاچوالان | 362 | 0 | 362 | 8/3/2009 | 180 | | 40 | 0 |
| 58 | دروستکردنی ڕێگا بۆ کارگەی ئاو و خواردنەوەی غازی و کحوولی لە بازیان بەدرێژیی 680م | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | بازیان | بازیان | 142 | 0 | 142 | 10/26/2009 | 90 | | 40 | 0 |
| 59 | چاککردن و تێکەڵڕێژکردنی ڕێگای گوندی قامیشە بەدرێژیی 2کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | خەلەکان | 131 | 0 | 131 | 9/8/2009 | 90 | | 40 | 0 |
| 60 | قیرتاوکردنی ڕێگای مەزاری ئەنفالکراوەکان لە دووکان بەدرێژیی 0.45کم | ڕێگاوبانی سلێمانی | سلێمانی | دوکان | دوکان | 66 | 0 | 66 | 14–12–2009 | 60 | | 40 | 0 |
| 61 | دروستکردنی میوانخانە بۆ قائمقامیەتی خانەقین (دار أستراحە) | ئاوەدانکردنەوەی خانەقین | سلێمانی | خانەقین | خانەقین | 397 | 113 | 284 | 9/13/2009 | 210 | | 38 | 28 |

# حکومەت هانا بۆ ڕاگەیاندنی حیزب دەبات

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**زۆربەی بۆنەو ڕێوڕەسمە حکومییو فەرمییەکان، لە سلێمانی بە بێژەری کەناڵەکانی یەکێتیو لە هەولێرو دهۆک بە بێژەری کەناڵەکانی پارتی پێشکەش دەکرێن، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە فەرمانگە حکومییەکان، خۆیان بەشی ڕاگەیاندنیان هەیە.**

لەچەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی بۆنەو ڕێورەسمە حکومییو فەرمییەکان بە بێژەرە حیزبییەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنو ڕادیۆییەکانی یەکێتیو پارتی پێشکەش دەکرێن‌و لە هەندێک حاڵەتیشدا دوو بێژەری یەکێتیو پارتی ئامادەدەبن، لە نزیکترین نموونەشدا (٢٢یەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاهەنگی دەرچووانی (١٠٠)یەمین خولی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان، کۆنفرانسی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد لە هەولێر،...هتد)، ئەمە لەکاتێکدا کە پێویست بوو، وەزارەتی ڕۆشنبیریی بە دیاریکردنی ئەو کەسانە هەستایە، بە شێوەیەک کە کارمەندی کەناڵە حیزبییەکان نەبوونایە.

ڕۆژنامەنووس، نەبەز گۆران پێیوایە «لە کوردستاندا حیزب هەموو شتێکی گۆڕیوە، بە یادو بۆنەو مەراسیمە نەتەوەییەکانیشەوەو هەموو ئەو شتانەی بارگاویی کردووە بە مۆرکی حیزبیی‌و کردوونی بە موڵکی خۆی، بۆنەو مەراسیمە فەرمییەکان‌و یادە نەتەوەییەکان لە سلێمانی بارگاوین بە ئایدیای یەکێتیو لە هەولێر بە ئایدیای پارتییەوە، کە ئەمەش مەترسیدارترین کارە کە حیزبی کوردی ئەنجامیداوە، ئەگەر ئەم کارە بەردەوام بێت، وردە وردە خەڵک لەم یادو بۆنانە دەکشێتەوە».

سەبارەت بە بوونی ئەم حاڵەتەش، د. کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە دانانی ئەو پێشکەشکارانەدا جیاوازی ناکەین لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، بەڵکو ئەو کەسانە زیاتر بەسیفەتی ئەوەی کە فەرمانبەرن لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بۆ ئەو کارە دیاریدەکرێن، نەک ئەوەی کە سەر بە چ لایەنێکی حیزبین.

وتەکانی وەزیری ڕۆشنبیریی لە کاتێکدان کە لە ڕێگەی دانانی ئەو بێژەرە حیزبییانەوە، زۆربەی بۆنە حکومییەکان بە حیزبیی دەکرێن‌و خەڵکی وا تێدەگات کە ئەو بۆنانە حیزبەکان ڕێکیانخستوون، نەک حکومەت.

کاری پێشکەشکردن لەلایەن بێژەرە حیزبییەکانەوە بۆ بۆنە نەتەوەییەکان‌و ئەو گوتارە حیزبییەی کە لەو بۆنانەدا کاری لەسەر دەکرێت، بە بڕوای نەبەز، ئەوە دەگەیەنێت کە لە کوردستاندا حیزب خاوەنی بۆنەو یادەکانە، وتیشی «مەراسیمە فەرمیو نەتەوەییەکان بەو ئاڕاستەیەدا دەبرێن کە لە سلێمانی یەکێتیو لە هەولێر پارتی خاوەنیانن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر زیندووهێشتنەوەو بە نەتەوەییو حکومیکردنی ئەو یادانە».



هەربۆیە نەبەز گۆران بە پێوستی دەزانێت کە حکومەت ڕێگەنەدات، بەحیزبیکردنی بۆنەو یادەکان درێژە بکێشێت، هەروەک وتی «دەبێت حکومەت خۆی سەرپەرشتی ئەو یادو بۆنانە بکات‌و هەرخۆشی تیمێک دروست بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم یادانە، چونکە ئەوە ئیشی حکومەتە، نەک حیزب، بەڵام لە کوردستان، چونکە حکومەت غایبە، حیزب بووەتە خاوەنی هەموو شتێک».

کارمەندانی ڕاگەیاندنەکانی حیزب، لە کاتێکدا ئەم ڕۆڵە بۆ حکومەت دەبینن کە فەرمانگە ڕەسمییەکان خۆیان بەشی ڕاگەیاندنیان هەیە، بەڵام ڕۆژنامەوانان جەخت لە لاوازیی ڕاگەیاندنی حکومەت دەکەنەوەو ئەم لاوازییەش بە هۆکارێک دەزانن بۆ تەدەخولاتی حیزب لە کاروباری حکومەتدا.

بەرهەم خالید، دەرچووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن، پێیوایە «هەر لە بنەڕەتدا پێویست نییە کە فەرمانگە حکومییەکان بەشی ڕاگەیاندنیان هەبێت، چونکە دەسەڵاتی لێدوانیان نییە بۆ ڕاگەیاندنەکان‌و بەرپرسی فەرمانگەکان زانیارییەکانی فەرمانگەکەشیان لای خۆیان قۆرخ دەکەن».

بەرهەم خالید جەخت لەوەش دەکاتەوە، ئەو کادیرانەی ڕاگەیاندنەکانی حیزب کە مەراسیمی بۆنەکان پێشکەش دەکەن، حیزب وەک فەرمانبەر دایمەزراندوون، بەڵام لە فەرمانگەکان دەوام ناکەن، لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو پارتی دەوام دەکەن.

# لەگەڵ سەردانی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەریتانیا، (١٥٠) پەنابەر نێردرانەوە

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، نزیکەی (١٥٠) پەنابەری کورد لە بەریتانیاوە بەزۆر ڕەوانەی کوردستان کرانەوە، ئەوەش لەکاتێکدابوو، کە وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەردانێکی ڕەسمیی لە بەریتانیابوون‌و داواکارییەکیان، ڕاگرتنی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بوو، ئەندام پەرلەمانێکی وەفدەکەش ڕوونیدەکاتەوە ئەو بەڵگانەی کە هەن، دەریدەخەن، ئەگەر حکومەتی ڕێککەوتنیشی نەبێت، هەماهەنگیی هەیە بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە.**



## بەزۆرناردنەوە درێژەی هەیە

ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران لە وڵاتانی ئەوروپاوە، بەتایبەت بەریتانیا درێژەی هەیەو لە هەفتەی ڕابردوودا نزیکەی (١٥٠) پەنابەری دیکە لە ڕێی فڕۆکەخانەکانی بەغداو هەولێرەوە ڕەوانەی کوردستان کرانەوە.

ئامانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ڕوونیکردەوە، کە سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران درێژەی هەیەو لە هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە (١٥٠)کەس بەزۆر لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداو هەولێرەوە نێردراونەتەوەو «ئێستاش (١٥٠) پەنابەری دیکە بە مەبەستی ناردنەوەیان ئامادەکراون بۆ ناردنەوە، ئەگەر ئەوەش بەردەوام بێت، ژمارەیەکی زۆر دەنێردرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە ڕێژەکەی لە (٢٥) هەزار کەس زیاترە»، ئەوەشی خستەڕوو کە پشکی شێری ئەو ناردنەوانە بەر بەریتانیا دەکەوێت، بەڵام وڵاتانی دیکەش وەک ئەڵمانیا، ئەو ڕێککەوتنانەیان ئیمزا کردووەو ئەوانیش دەیاننێرنەوە.

ناردنەوەی ئەمجارەی پەنابەران، هاوکاتبوو لەگەڵ سەردانی وەفدێکی ڕەسمیی پەرلەماندا، ئەوەش نیگەرانیی زیاتری دروستکرد.

پەرلەمانتار نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامێکی وەفدەکەی پەرلەمانی کوردستان لە بەریتانیا، وتی «لەبارەی ئەو کێشەیەوە، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانیشتنمان کرد، بەڵام بەداخەوە، دوو ڕۆژ دوای ئەو دانیشتنە، بە فڕۆکەی عەسکەری وەجبەیەکیان بەزۆر ناردەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەش ڕێزنەگرتن بوو لە بوونی وەفدێکی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان کە داوەتی بەریتانیا بوو، من داوام کرد، یاداشتێک بدەینە حکومەتی بەریتانیا، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان وتی، لە پەرلەمان گفتوگۆی زیاتری لەسەر دەکەین‌و ڕێگاچارەی بۆ دەدۆزینەوە».

## حکومەتی هەرێم ڕازییە

هەرچەندە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێککەوتنیان نییەو ناڕازین بەرامبەر بەزۆرناردنەوەی پەنابەران، بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێمیش، لە لێدوانێکی پێشوویدا ئەوەی بۆ ڕۆژنامە دووپاتکردەوە، بەڵام فیدراسیۆنی پەنابەران‌و پەرلەمانتارەکەی کوردستان، جەخت لە بوونی ڕێککەوتن‌و هەماهەنگیی حکومەتی هەرێم دەکەنەوە بە کردنەوەی دەرگای فڕۆکەخانەکان بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران.

ئامانج عەبدوڵڵا، دەڵێت «ئێمە دەزانین، ڕێککەوتن لە نێوان حکومەتی هەرێم‌و بەریتانیادا هەیە، چونکە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە ٣/٧دا، بە وڵاتانی ئەوروپایان ڕاگەیاندبوو کە لەوکاتەدا خەڵک نەنێرنەوە، ئەوەش دەریدەخات کە حکومەتی هەرێم دەستی لەو مەسەلەیەدا هەیە».

وتیشی: «ئەو وتانەی بەرپرسانی هەرێم بۆ ئەوەی لەگەڵ بەزۆرناردنەوەی پەنابەراندا نین، دوورن لە ڕاستییەوە، بە ئاماژەی ئەوەی، ئەو کەسانەی کە دەنێردرێنەوە، ناویان لە فڕۆکەخانەکان هەیە».

ئەوەشی خستەڕوو کە فیدراسیۆنەکەیان بەردەوام ناڕەزاییو یاداشتیان داوەتە حکومەتی هەرێم لە کابینەی پێنج‌و شەشیشدا، بەڵام «وەڵامی ئێمەیان نەداوەتەوە، ئێمە لە مانگی نیساندا کەمپینێکمان بەدەستەوەیەو داوامانکردووە، لە ڕێی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە فشار بخرێتە سەر وڵاتانی ئەوروپیو ئەو بەزۆرناردنەوانە ڕابگیرێن».

نەریمان عەبدوڵڵا، ئاماژەی بەوەکرد، کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەریتانیا بەدرێژیی باسی ئەو کێشەو کارە ناڕەوایانەمان کردووە کە دەرهەق بە پەنابەرانی کورد دەکرێن، «ئەوان نەیانشاردەوە کە ڕێککەوتنیان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقیو هەماهەنگییان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە، ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەربڕی بەرامبەر ئەو هەڵوێستەو ڕامانگەیاند کە دژی بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانین‌و وتیشمان، ئەگەر هەر وەزیرێک لە کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە هەبێت بۆ ئەو مەبەستە، ئێمە متمانەی لێدەسێنینەوەو لە حکومەت دەریدەکەین».

وتیشی: «ئەو کەسانەی نێردراونەتەوە بە منیان ڕاگەیاندووە، لە فڕۆکەخانەی هەولێر، پۆلیسی خۆمان لەبری ئەوەی ڕەفزی وەرگرتنەوەیان بکەن، داوایان لێکردوون دابەزن‌و ئەمنیەتی فڕۆکەخانەیان بۆ پاراستووە، کەواتە حکومەتی هەرێم ئاگادارەو جگە لەوەش، ئەو سەفەرانە پارەیەکی زۆری تێدەچێت، ئەگەر بەریتانیاو ئەو وڵاتانە دڵنیا نەبن لە وەرگرتنەوەی ئەو پەنابەرانە، ئەو پارەیە سەرفناکەن‌و نایاننێرنەوە».

دووپاتیشی کردەوە، کۆمەڵێک بەڵگە هەن کە دەریدەخەن، ڕێککەوتن‌و هەماهەنگیی حکومەتی هەرێم هەیە بۆ ناردنەوەی بەزۆری ئەو پەنابەرانە. «ئەگەر وانەبێت، لەکاتی ناردنەوەی وەجبەیەکی پەنابەراندا بۆ بەغدا، ئەفسەرێک پێیوتوون، کێ بەزۆر نێردراوەتەوەو نایەوێت، با دانەبەزێت، تەنیا (٦)کەس دابەزیون‌و ئەوانەی دیکە ئێستا لە بەریتانیان‌و کەیسەکانیان زیاتریش چووەتە پێشەوەو لجوئیان پێدراوە، ئەی بۆ ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین؟».

## کاریگەرییە خراپەکانی

ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپاوە، بەبێ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویستی بۆ گیرابێتەبەر، چەندین گرفتی لێدەکەوێتەوە، ئەوەش بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون‌و بێکارییەوە، کە بەوهۆیەشەوە چەندین گرفتی دیکە دروستدەکات‌و بەشێکی ئەو پەنابەرانە تووشی گرفتی دەروونییو حاڵەتی نائاسایی دەبن.

ئامانج عەبدوڵڵا، پێیوایە ناردنەوەی ئەو کەسانە بەوشێوەیە، کاریگەریی زۆر دروستدەکات، «چونکە ناتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوون‌و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنرێت‌و هیچ ڕێگە چارەیەک نییە بۆ ئەوانە، لەو کاتەشدا بەشێکیان تووشی نەخۆشیی جیاوازو دەروونیی دەبن‌و تا ئێستا (٥)حاڵەتی خۆکوشتنیش هەیە دوای ناردنەوەیان بۆ کوردستان».

## هەڵوێستوەرگرتن

لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و پەنابەرانیش بەپێویستی دەزانن کە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بدۆزرێتەوەو هەڵوێست وەربگیرێت بۆ ڕێگرتن لەو بەزۆر ناردنەوانە.

پەرلەمانتارەکەی کوردستان دەڵێت: «ئێمە چارەسەری ئەوەمان خستە بەردەم بەرپرسانی بەریتانیا کە ئەوانەی لەو وڵاتەن، هاوکاریی بکرێن‌و هەر جۆرە مافی پەناهەندەییەک بێت بیاندەنێ بۆ مانەوەیان، تەنیا بڕیاری ناردنەوە بەسەر ئەوانەدا جێبەجێبکرێت کە لەمەودوا دەچنە ئەو وڵاتانە، چونکە ناردنەوەی پەنابەرە کۆنەکان، گرفت دروستدەکات چ بۆ خۆیان چ بۆ هەرێمی کوردستان‌و حکومەتیش».

وتیشی «ئەو هەڵوێستەی حکومەتی هەرێمیش بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەرەکان، کارێکی خراپەو ڕەخنەم هەیە لە حکومەتی هەرێم، ئەگەر تەنسیق‌و ڕێککەوتن لەوبارەیەوە هەبێت، ئێمەش لەوە بێدەنگ نابین‌و لە کردنەوەی کۆبوونەوەکاندا دەیهێنینە پێشەوەو سەرۆکی پەرلەمانیش بەڵێنی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو ئیستیلزاماتی خۆی لەو بوارەدا داوە».

لای خۆشیەوە، ئامانج، وتی «ئێمە وتوومانە، حکومەت ڕەفزی ئەو پەنابەرانە بکاتەوە یا قەرەبوویان بکات، داواش دەکەین، پەرلەمانی کوردستان‌و ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستیان هەبێت لەسەر ئەو کەیسە هەستیارە، چونکە ئەوەی دەرهەق بە هاوڵاتییانی هەرێم دەکرێت، هیچ وڵاتێک قبووڵی ناکات».

# زانكۆكانی رانیەو هەڵەبجەو گەرمیان، هێندەی قوتابخانەیەک بودجەیان بۆ تەرخانكراوە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

ئەو سێ زانكۆ نوێیەی، كە بڕیارە لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی حكومەتی هەرێم لە هەڵەبجەو گەرمیانو دەربەندیخان دروستبكرێنو تائێستا سەرۆكی حكومەت بەردی بناغەی دوانیانی داناوە، هێندەی یەک قوتابخانەی ئەهلیی بودجەیان بۆ دانراوە، كە كەرتی تایبەت لە دهۆک دروستیدەكات، جگە لەوەی رەخنە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ناوەندانە دەگیرێت، هەندێک پێیانوایە؛ بەو بڕە پارەیە ناتوانرێت زانكۆكان وەک پێویست بنیادبنرێن.

لە وادەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ساڵیادی راپەڕینی كوردستاندا د.بەرهەم ساڵح، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردی بناغەی زانكۆی رانیەی دانا، دوای (١١) رۆژو لە فێستیڤاڵی ساڵیادی كارەساتی كیمیابارانكردنی هەڵەبجەشدا، بەردی بناغەی زانكۆی هەڵەبجەشی دانا، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە، كە ئەو زانكۆیانە بە زانكۆی گەرمیانیشەوە هێندەی یەک قوتابخانەی ئەهلیی لە دهۆک بودجەیان بۆ دانراوە، كە تەنیا قۆناغی سەرەتایی تێدایەو منداڵی بەرپرسو دەوڵەمەندەكان لەخۆ دەگرێت، وادەی دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەكانو كەمیی بودجەكەیان، كە هەر یەكەیان سێ یەكی قوتابخانەیەكی ئەهلیی بودجەی بۆ دانراوە، جێی رەخنەی بەشێكی شارەزایانو پەرلەمانتارانی كوردستانە.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی لە پەرلەمانی كوردستان، لە لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەكرد؛ كە ئەو پڕۆژانەی سەرۆكی حكومەت بەردی بناغەی داناوە، پڕۆژەی پێشنیازكراونو لە گفتوگۆی پەرلەماندان، بەشێوەیەک تا ئەوەی پەسەندیش نەكرێن دەسەڵاتی جێبەجێكردن بە سەرۆكی حكومەتیشەوە مافی ئەوەی نییە بەڵێنی جێبەجێكردنیان بدات، هەروەک سەردانی سەرۆكی حكومەت بۆ رانیەو لەو كاتەدا بەشێوەیەكی نایاساییو بە ئامانجی جوڵاندنی سۆزی خەڵكو بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ یەكێتی دەزانێت، وتی: «راستە سەردانی سەرۆكی حكومەت لەگەڵ یادی راپەڕینی رانیە بوو، بەڵام هێندەی ئامانج لەو سەردانە بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، هێندە هێنانی پڕۆژەو خزمەتی ناوچەكەو ئیدارەی سەربەخۆ نەبوو، دەستخۆشی لە هەر كەسێک دەكەین زانكۆیەک لەسەر بنچینەی زانستییو بەپێداویستی تاقیگەییو كەرەستەی زانستیی دەستەبەر بكات، بەڵام پڕۆژەی كردنەوەی سێ زانكۆ نازانرێت ئەنجامەكەی چی دەبێت».

ئاماژەش بەوەدەكات، زانكۆكانی كوردستانو عێراقو وڵاتانی عەرەبیش هیچیان لە ئاستی پێوەرە جیهانییە زانستییەكاندا نین، كردنەوەی چەند زانكۆیەكیش بەم پەلە پەلە لە كوردستاندا بەبێ ئەوەی بنەمای زانستیو بنەمایەكی مادییو بنچینەیەكی ئەكادیمی باشی بۆ دانرابێت بە بڕیارێكی سەرەوە بۆخۆی بێپلانییەكی قووڵی لەدواوەیە، «ئێمە پێمانباشە زانكۆ بكرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەک كە ببێتە ناوەندی بەرهەمهێنانی زانستو خەڵكی رۆشنبیرو ئەكادیمی نەک تەنها بڕیارێكی سیاسیی لەپشتەوە بێتو بۆ راكێشانی دەنگی خەڵک بێت».

هەرسێ زانكۆ تازەكەی كوردستان، كە بڕیارە لەو سێ قەزایە جێبەجێبكرێت، لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا بڕی (٣٦) ملیار دیناریان بۆ تەرخانكراوە، ئەوە لەكاتێكدایە، كە هاوكات لە هەمان پڕۆژەی بودجەدا بڕی (٣٦) ملیار دینار بۆ دروستكردنی بینای خوێندنگەی شوەیفاتی ئەهلیی لە دهۆک تەرخانكراوە (لەگەڵ ئەو بڕەدا (١٠) ملیار بۆ دروستكردنی بینای خوێندنگەی شوەیفات لە سلێمانی تەرخانكراوە، جگە لەوەی پارەی خوێندنگەكە تەنیا لە دهۆک یەكسانە بە پارەی تەرخانكراو بۆ هەرسێ زانكۆكە، یەكسانە بە پارەی دروستكردنی (٤٦) خوێندنگەی (١٨) پۆلی لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستاندا، كە هەرێمی كوردستان پێویستی بە دروستكردنی نزیكەی (٣) هەزار بینا هەیە)، جگە لەوەش تەنیا زانكۆیەكی ئەهلیی لە هەولێر بودجەی (٢١) ملیارو (٢٥٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە.


خوێندنگای شوەیفات لە هەولێر

عەبدوڵڵا مەلانوری، پەرلەمانتاری كوردستان لەبارەی جیاوازیكردن لەنێوان بودجەی تەرخانكراو بۆ ئەو خوێندنگەو زانكۆیانە رەخنەدەگرێتو دەڵێت: «تەرخانكردنی ئەو پارەیە بۆ ئەو قوتابخانانە پێچەوانەی یاسایە، چونكە كەرتی تایبەت پێی هەڵدەستێتو ئەركی كەرتی تایبەت ئەوەیە؛ قورسایی لەسەر حكومەت كەمبكاتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا بۆ هەرسێ زانكۆی گەرمیانو هەڵەبجەو رانیە، كە منەت بەسەر خەڵكدا دەكرێت، هەریەكەیان (١٢) ملیار دیناریان بۆ سەرفكراوە، ئەوەش بێویژدانییەو دەیسەلمێنێت، كە پارەی ئەم وڵاتە بە هەدەر دەدرێت».

د. جەعفەر پێشیوایە كردنەوەی زانكۆ دوای دیراسەی قووڵی دامەزراوەیەكی ئەكادیمیو رووپێوێكی باشی ناوچەكەو چۆنێتی هێنانی كادیرەوە دەكرێت، لەبارەی بودجەكەشیەوە وتی: «بۆنموونە لە بودجەی ئەمساڵ، ٤ ملیار دینار بۆ زانكۆی رانیە دانراوە، كەواتە پڕۆژەیەكی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەو ٤ ملیارە بینای یەک بەشە ناوخۆیی پێ دروستناكرێت چ جای بتوانیت پێداویستی زانستیو ئەكادیمیو تاقیگە بۆ زانكۆیەک دابنێیت، جگە لەوەش هیچ یەكێک لە بنچینە زانستیو ئەكادیمیانە لەبەرچاو نەگیراونو كردنەوەی زانكۆكانیش تەنها بڕیارێكی تەواو سیاسییەو لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بووە لە هەڵبژاردندا بۆ لایەنی دەسەڵات».

لەلایەكی دیكەوە، پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراكسیۆنی گۆڕان بەپێویستی نازانێت (١٠) ملیار دینار بۆ قوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانیو (٣٦) ملیار بۆ هەمان قوتابخانە لە دهۆک تەرخانبكرێت، پێیباشە لەبری ئەوە حكومەت قوتابخانە بۆ ئەو ناوچانە دروستبكات كە پێویستن، وتی: «ئەوەی گرنگە كۆی دوو قوتابخانەكە (٤٦) ملیار دیناری بۆ تەرخانكراوە، كە لەكاتێكدا ئەگەر قوتابخانەیەكی (١٨) پۆلیی دروستبكەیت، ناگاتە (١) ملیار دینار، كەواتە بەو بڕە پارەیە دەتوانرا (٤٦) قوتابخانەی ئاسایی لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان دروستبكرایە، بەڵام دەدرێت بە دوو قوتابخانەی شوەیفات، كە ئەهلییەو رێژەیەكی كەمی خوێندكاری منداڵی دەوڵەمەندو مەسئول وەردەگرێت».

پەیمان، جەخت لەوە دەكاتەوە؛ كە پێداگرییان كردووە لەسەر لابردنی ئەو قوتابخانانە، بۆئەوەی پارەكەی بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە بۆ دروستكردنی قوتابخانە، بەڵام داواكەی ئێمە رەتكرایەوەو دەنگی بۆ نەدرا، كە لە بەرژەوەندیی كۆی خوێندكاراندایە، وتیشی: «بە بڕوای ئێمە ئەو خوێندنگانەش پێویستن، بەڵام لەكاتێكدا كە منداڵمان نەبێت لە دەواجنو خانووی قوڕدا بخوێنن، یان قوتابخانەمان نەبێت چوار دەوامی تێدا بێت، جگە لەوەش پێویستە پارەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەگەڕ بخرێت، نەک كەرتی تایبەت».

# خوێندكارانی كورد، لە زانكۆی كەركوک بێبەشدەكرێن

راپۆرتی: رێباز محەمەد


خوێندكارە كوردەكانی كەركوک دەگوازرێنەوە بۆ تكریتو موسڵ

خوێندكارانی دەرچووی قۆناغی ئامادەیی لە بەشی خوێندنی كوردی لە پارێزگای كەركوک، بەهۆی بێبەشبوونیان لە زانكۆی كەركوک، هەڕەشەی خۆپیشاندان دەكەنو ئاماژە بەوەدەكەن كە ئەگەر كێشەكەیان چارەسەر نەكرێت، ناچارن واز لە خوێندن بهێنن.

هەڵۆ كەمال كە دوای دەرچوونی لە قۆناغی ئامادەیی، لە یەكێک لە كۆلێژەكانی زانكۆی تكریت وەرگیراوە، بە رۆژنامەی راگەیاند «لە پۆلی یەكەمی سەرەتاییەوە بە زمانی كوردی خوێندومە، ئێستا كە دەچمە زانكۆ، راستەوخۆ مامۆستاو وانەكانمو ئەو شارەی تیای دەخوێنم، مۆركی عەرەبی هەڵبگرێت، بێگومان سەركەوتوو نابم، چونكە ئەوە كۆتایی ساڵەو تا ئێستا لە هیچكام لەوانەكان تێنگەیشتووم، بەهۆی تێنەگەیشتنم لە زمانی عەرەبی».

لەبەرامبەردا یوسف سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی كەركوک- بەشی كوردی بە رۆژنامەی راگەیاند «بەهۆی نەبوونی شوێنو مامۆستای پسپۆڕەوە، نەتوانراوە لە زانكۆی كەركوک وەربگیرێن، جگە لەوەش راگری كۆلێژەكان دەڵێن، جێگەمان نییە، دواتر سەقامگیری لە ناوچەكانی تكریتو موسڵ هەیە، با لەوێ بخوێنن».

هەموو سێكتەرەكانی ژیان لە ناوچەدابڕاوەكانو بەتایبەتیش كەركوک، لەناو كێشەی دوو ئیدارەیی ناوەندو هەرێمدا دەخولێنەوەو لەو ناوەندەشدا، پڕۆسەی خوێندن بەسەر زمانی عەرەبیو كوردیدا دابەشبووەو خوێندكارانیش زەرەرمەندی یەكەمن.

هەڵۆ كەمال، ئەو پاساوانە رەتدەكاتەوە كە باس لە نەبوونی شوێن دەكەن لە زانكۆی كەركوكو دەڵێت «ئەو جۆرە بیانوانەی كە دەوترێت، زانكۆی كەركوک جێگەی نییە، هەمیشە كارتی دەستیان بووە. وەكو ئەوەشی كە لە شارەكەی خۆمان وەرماننناگرن، بێبەشكراوین لە زانكۆكانی كوردستانیش، لە كاتێكدا دەڵێن، كەركوک قودسو دڵی كوردستانە، كەوابوو بۆچی وەرمانناگرن كە دەیانجار بەرپرسەكانی یەكێتیو پارتی بەڵێنیان پێداوین».

سەبارەت بە هۆكاری وەرنەگرتنی خوێندكارە كوردەكانی بەشی خوێندنی كوردی لە زانكۆكانی كوردستان، یوسف سەعید، وتی «ئێمە هەوڵمانداوە لە ساڵی ئایندەدا، واتە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٠دا زۆرترینیان لە زانكۆكانی كوردستان وەربگیرێن».

ئەو خوێندكارە كوردانەی كە بەهۆی ئاوارەبوونیانەوە بۆ پارێزگاكانی كوردستان، خوێندنیان بە زمانی كوردی بووەو لە دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراقەوە نەتوانراوە كێشەو گرفتەكانیان چارەسەر بكرێن، هەرچەندە لە شاری كەركوک چەندین قوتابخانەی ئامادەیی بە زمانی كوردی هەیە، بەڵام ساڵانە رێژەیەكی كەمیان لە پەیمانگاو زانكۆكانی كەركوک وەردەگیرێن.

هەروەها خوێندكارە وەرگیراوەكانی زانكۆی كەركوكیش ئاماژە بەوە دەكەن، ئەگەر لە كاتی تاقیكردنەوەكاندا نەهێڵن بە زمانی كوردی وەڵام بدەنەوە، ئەوا مەترسیی دەرنەچوونیان هەیە.

ساڵانە چەندین خوێندكار، هەرچەندە زمانی (عەرەبی)ش نازانن، رەوانەی زانكۆكانی خوارووی كەركوک دەكرێن، بەتایبەت زانكۆكانی موسڵو تكریت، لە خوێندنی ئەمساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠شدا (٤٠٥) خوێندكاری دیكەی كوردی لە زانكۆكانی تكریتو موسڵو كەربەلاو بەغدا وەرگیران.

یەكێک لەو خوێندكارانە ئاماژە بەوە دەكات «سەرەتای ساڵ كە ناومان لە زانكۆكانی خوارووی كەركوک هاتەوە، بڕیارماندا خۆپیشاندان بكەین، دوای ئەوەی خۆپیشاندانەكەمان ئەنجامداو بەیاننامەیەكی نارازیبوونمان دەركرد، سەرۆكی حكومەتی هەرێم كە هاتە كەركوک، بەڵێنی پێداین، هەر ئەمساڵ كێشەكەمان چارەسەر بكات، بەڵام پێچەوانەكەی دەرچوو، بۆیە بڕیاری دووبارە خۆپیشاندانمان داوەتەوە، ئەگەر هەڕەشەو توندوتیژیمان بەرامبەر نەكەن».

## (١٧٪)ی پارە گەڕاوەکانی، بۆ هەرێم دەبێت

# دۆسیەی نەوت بەرامبەر خۆراک، دادەخرێت

هەستیار قادر

حکومەتی عێراق، بەشێوەیەکی رەسمیی داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە دۆسیەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک رابگیرێتو وێڕای رادەستکردنی سندووقی بووژاندنەوەی عێراقیش (DFA) بۆ حکومەتی عێراق، (١٧٪)ی ئەو پارانەی عێراق کە دەگەڕێتەوە، بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

لەبەیاننامەیەکدا وەزارەتی دەرەوەی عێراق، رایگەیاند: لە کۆتایی ئەم مانگەدا، حکومەتی عێراق بەشێویەکی رەسمییو لە رێگەی نووسراوێکەوە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی دەکات، بە مەبەستی داخستنی دۆسیەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، وەک هەنگاوێک بۆ کۆتاییهێنان بەو کۆتو بەندانەی کە لەژێر بەندی حەوتەمی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا لەسەر عێراق دانراون.

بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، بەپێی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە (١٩٩٥/٤/١٤) دانراو بەپێی ئەو بەرنامەیە، بەشێوەی سێ مانگیی، بە بڕی یەک ملیار دۆلار لە نەوتی عێراق دەفرۆشرێت بۆ کڕینی پێداویستیی مرۆییو پارەدارکردنی چالاکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراقو لە (١٩٩٦/٥/٢٠)یشدا عێراقو نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیماننامەیەکی لێکگەیشتنیان ئیمزاکرد، کە قۆناغی نوێی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی هێنایە کایەوە، کە شەش مانگ جارێک نوێ دەکرایەوە.

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامەی روونکردەوە «پێشتر نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە حکومەتی عێراقی کردووە، تا (٢٠١٠/١٢/٣١) دۆسیەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک دابخاتو سندووقی بووژاندنەوەی عێراقیش کە بە (DFA) ناسراوە، رادەستی عێراق بکرێتو ئاڕاستەکردنی ئەو نامەیەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی عێراق ئامادەیە ئەو دوو هەنگاوە بنێت».

بۆ کۆتاییهێنان بەو دوو دۆسیەیەش، حکومەتی عێراق دوو لیژنەی جیاوازی پێکهێنا، یەکەمیان، لیژنەی بالایەو لەلایەن د. رۆژ نوری شاوەیشی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرێتو دووەمیشیان، لەلایەن هوشیار زێباریی وەزیری دەرەوەوە سەرۆکایەتی دەکرێتو چەند وەزارەتێکی دیکەی پەیوەندیداریش تیایدا بەشدارن.

بە بڕوای د. بوخاری عەبدوڵلا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە پەرلەمانی عێراق، ئەو هەنگاوە رزگاربوونی عێراقە لە ئیلتیزاماتەکانی بەندی حەوتەمی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو گرنگییەکی سیاسییو ئابووریی زۆری بۆ عێراقو هەرێمی کوردستان هەیە، کە دەبنەوە خاوەن سەروەرییو عێراقیش دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی کۆمەلی نێو دەولەتی.

بڕیارە لە داخستنی دۆسیەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا، بڕێک پارەی عێراق کە لە دەرەوە بلۆککراون، یان لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیدا سەرف نەکراون، بگەڕێتەوە بۆ عێراقو بڕی ئەو پارەیەش بە وردیی دیار نییە، لەکاتێکدا کە بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە بڕی ئەو پارەیە کەمترە لە یەک ملیار دۆلار، بەڵام بوخاری عەبدوڵلای پەرلەمانتار، بڕی ئەو پارەیە بە نزیکەی (٥٠)ملیار دۆلار مەزەندە دەکات، بەڵام ئەوەشی کە لەو دۆسیەیەدا روونە، ئەو رێژەیەیە کە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، کە (١٧٪)ی تێکڕای بڕەکەیەتی.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە سەر بودجەی دەوڵەوتی عێراقو بەپێی بڕیارێکی سالی (٢٠٠٥) حکومەتی ئەیاد عەلاویش، هەرێمی کوردستان رێژەی (١٧٪)ی هەموو ئەو پارەیەی بەردەکەوێت کە دێتە سەر بودجەی دەولەتی عێراقی، بە جیاکردنەوەی بودجەی سیادیی لێی.



# شاری هەڵەبجە

د. گیان کامل حسێن

هەڵەبجە، ئەو شارە کوردستانییەی کە راگەیاندنەکان بە هەموو ئامرازەکانیەوە لەو رۆژەی لە هەموو سالێکدا باسی دەکەن، وەک ئەو رۆژانەی سالیادی هەڵەبجە کە دەڕازێنرێتەوە بە پەیڤی ماتەمینیو ناخۆشی لەسەر شەهیدەکان، کە هەموو تاوانەکەیان بریتی بوو لەوەی کوردبوونو خەڵکی شارێکی کوردڕەسەن بوون.

لێرەدا یادەوەرییەک کە لە بیرم بێتو هەڵوێستێکە کە ئێرەیی پێ نابەین، ئەوەیە کە کاتێک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووین، لەگەڵ زەحمەتو بارودۆخی ئەوکاتو راکێشانە جیاوازەکان کە باڵی بەسەر چالاکیو کاری زۆربەی لیژنە پەرلەمانییەکاندا کێشابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەک ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ، توانیمان بەسەر هەموو ئاستەنگو فەرامۆشکردنەکاندا لەلایەن سەرۆکی کوتلەکانو بیرۆکراتییەتی پیشەیی لەسەر زۆربەی بوارەکانی کاری پەرلەماندا سەرکەوینو لە رێکەوتی (٢٠٠٧/١١/٢٣)دا هەلساین بە رێکخستنی گەشتێک بۆ ئەو شارە شەهیدە، ئێمەو خەلکی ئەو شارە، کەوتین بەسەر زۆر بەلێنی دیکەدا کە جێبەجێ نەکران بۆ خەلکێک کە زۆریان بەخشیو رازی بوون بە نەبوون. گەشتەکە بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤو هەموو ئەندامەکانی ئەو لیژنەیەو ئەندامی هەموو کوتلە سیاسییە جیاوازەکانی ئەنجامدرا، بەڵام هاوهەلوێست لەسەر تراژیدیای ئەو شارە مەزنە، ئا بەم شێوەیە وەفدە هەژارەکە لەلایەن قایمقامی ئەو شارەوە پێشوازیکرا کە بە دەست دلتەنگیو خزمەتگوزارییە



خراپەکانو فەرامۆشکردنەوە دەنالێنێت، بەهەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر ئەو شارە، سەرۆکی ئەو لیژنەیەی مافی مرۆڤ، داوای ئاماری ناوی شەهیدەکانی کرد، بۆ ئەوەی شتێک بۆ خەلکی ئەو شارە بکات، بەڵام نەگبەتییەکە لە پڕێکدا زیاتر بوو، کاتێک کە ئەو ئامارانە کە هەر لە موزادەیەکی نائاشکرا دەچوو، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، دەستمان نەکەوت کە ئەو ئامارە خۆی دەبینێتەوە لە ئاماری راستەقینەی ئەو کارەساتە، بۆیە تکا دەکەم لە سەرۆکی هەموو کوتلەکانو ئەوانی دیکە کە زیاتر یارمەتی لیژنەی مافی مرۆڤی داهاتوو بدەن کە دەستکورت نەبن لە پالپشتیکردنو هاریکاریکردنو هاندەر بن بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە نوێنەری ئەو لیژنەیە بێت، کە بە هەموو مانایەک بریتی بێت لە لیژنەی (مافەکانی مرۆڤ)و بۆ هەموو ئەمانەش کە بەسەر هەلەبجەدا هاتووە، تەنیا بۆ خەلکی هەلەبجە گوتارێکەو بۆ گوێگرەکانی سوالی فرمێسک هێنە، بۆ ئەوەی کوژراوەکان لە گۆڕستانی لەبیرچوونەوە بنێژرێن.

با لە خۆمان بپرسین، باشتر نییە کە لە زیندووکردنەوەو یادکردنەوەی شەهیدەکانمانداو لە سالیادیاندا بە کردنەوەی مەلبەندێکی تەندروستی، یان دەروونیی بۆ چارەسەرکردنی باری تەندروستیو دەروونییو کۆمەلایەتییەکانی کەسوکاری شەهیدەکان کە بە لێدانی کیمیایی لەسەریان بەجێماوە، یان لە رێگەی کردنەوەی مەلبەندی گەشەپێدانو مەشقکردنی تواناکانو بەهرەکان بۆ ئەو نەوانەی کە ماونەتەوەو بپرسین، خەلکانی خاوەن پێویستییە تایبەتییەکان لە کوێی دامودەزگاکانی ئەو شارەدان، بۆیە پێویستە ئەو بۆنەیە ئامرازێکی یەکلاییکەرەوە بێت کە واقیعی ئەو دۆخە بەرەو ئەو ئاقارە ببات کە ئەو رۆژانە ببینین کە دەستکەوتەکانی راستی بن، نەک تەنیا ئەو وشانە بن کە لەبیر دەکرێن، وەک چۆن کوردە فەیلییەکان لە (نوگرە سەلمان) کە لەسەر گیانی پاکیان تاقیکردنەوە کیمیاییەکان ئەنجامدەدران، لەبیرکران.

ئەی شەهیدانی کورد، لە قوربانییانی زیندانە سیاسییەکانو لەسێدارەدراوانی هەڕەمەکیو ئەنفالەکانو بەرکەوتووەکانی کیمیاییو راگوێزراوەکان بە ئارامی خامۆشبن. داوای ئێمەش بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە توانایاندایە شتێکی زۆر پێشکەش بکەن، مینبەری پێشکەشکردنی وتارەکانو هاوارە بێهودەکان جێبهێڵنو شتێکی واقیعی خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن کە هەموومان لە هەموو سالێکداو لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا فەخری پێوە بکەین.

*** ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# مانشێتی گەورەمان...

# دانانی بەردی بناغەو دروشمی بریقەدارو پڕۆژەی بێ سەقف

کێ دەلێت؛ خەلکی هەڵەبجە نارازین، با بچێت لە بەرپرسانی حیزبو حکومەت بپرسێت؟

کێ دەلێت؛ شاری هەڵەبجە خزمەت نەکراوەو لە دوبەی ناچێت، با بچێت ژمارەی پڕۆژەخزمەتگوزارییەکانی ناو سجیلاتی وەزارەتەکان ببینێتو پاشان چاو بنوقێنێتو شەرم دایبگرێت!

کێ دەلێت؛ دەسەلات بایەخی بە بریندارو کەسوکاری کیمیابارانی هەڵەبجە نەداوە، با مانشێتی رۆژنامەی حیزبیو تێکەڵ لە حیزبو حکومەت لە رۆژی (٣/١٦)ی هەموو سالێکدا بخوێنێتەوە؟.

ئەو رۆژەو ئەو یادە لای دەسەلاتو دامودەزگاکانیان زۆر جیاوازە لەوەی کە خەلک بەگشتییو هەڵەبجە بەتایبەتی، یادی دەکاتەوەو هەناسەی ساردی بۆ هەلدەکێشێتو زامەکانی چەندبارە دەکولێتەوە.

رۆژنامەکانی حیزب هەموو سالێک لەو یادەدا بە خەلک دەلێن؛ ئێمە هەڵەبجەمان زۆر خۆشدەوێت، بۆیە لاپەڕەی رۆژنامەکانمانی بۆ رەش دەکەینو ئەو هەموو مانشێتە گەورەیە دەخەینە خزمەتیانو ئەو هەموو دروشمە جوانەیان پێشکەشدەکەین. دەلێن؛ خەلکینە ئەمسالیش وەک سالانی پێشوو چی ماوە بۆ هەڵەبجەی نەکەین؟!

ئەوە نییە تاوانی هەڵەبجەمان لە ئەستۆی حیزبی بەعسو سەدامو عەلی کیمیایی خستە گەردنی هاورێکانی رێی خەبات، ئەوە نییە فرۆکەوانەکەمان بە سزای گەل گەیاند.

ئەوە نییە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەمان بۆ دروستکردنەوە، کە دەستی تێکدەری هەندێک لاوی هەڵەبجە لە خۆشیی زۆری خزمەتگوزارییو خۆشگوزەرانیی بەنیازبوون بیسووتێنن.

ئەوە نییە هەموو سالێک لە سالیادی ئەو کارەساتەو لەکاتی هەلمەتی هەلبژاردندا سەردانتان دەکەینو لە پێداویستییەکانتان دەپرسینو بەلێنی بەدلی خۆتانتان پێدەدەین، چی ماوە بۆتانی نەکەین؟!

کام شەقام ماوە قیرتاوی نەکەین، کام لێقەوماو ماوە ژیانو گوزەرانی مسۆگەر نەکەین، کام مندالی بێ ناز بەجێماوە لە ئامێزی نەگرین، کام گرێکوێرە ماوە رۆژنامەو بەرپرسو دامودەزگاکانمان هەولی کردنەوەو چارەسەرکردنیمان نەدابێت.

ئێمەش برایانی هاوپیشە لە (رۆژنامەی ئاسۆ) لەئاستی ئەو هەموو خزمەتگوزارییو خۆشگوزەرانییەی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان دەستەوەستانو دۆشداماوینو هیچمان نییە پێیانببەخشین، تەنانەت نامانەوێت بەلێنی هیچ پڕۆژەیەکی سەر کاغەزیشیان پێبدەین، چونکە بەدلنیاییەوە هیچ بوارێکتان بۆ کەس نەهێشتووەتەوە تا بەدروشمێکیش موزایەدەتان بەسەردا بکاتو هیچ کەلێنێکتان بەجێنەهێشتووە تا کەس دزەی لێوە بکات.

ئێوەش ئەی خەلکی هەڵەبجە، هەموو سالێک ئەم یادە بەخۆشیی بکەنەوەو شادو شوکر بن، چونکە هیچ نەماوە بەرپرسانی حکومەتو رۆژنامەکانی حیزب بۆتانی نەکەنو منەتو قەرزارباریشتان نەکەن.

هەموو سالێک لە گیرفانی بەتالی بەرپرسەکانی، لە پارووی دەمی مندالەکانیان بە قەرزو قولەی ناوەوەو دنیای دەرەوەو خێرخوایان هەڵەبجەتان بۆ کراوە بە بەهەشت، بۆیە تکامان وایە نارازیی مەبن با لەو بەهەشتە دەرنەکرێنو بەلای ئەو درەختەدا نەچنو ئەو سێوەش نەخۆن، چونکە تاموبۆنی رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)ی هەیەو ئالودەیە.

ڕۆژنامە

# زەوییە بەراوەکانی هەرێم سوودیان لێنابینرێت

## «بەهۆی بێ پلانییەوە گرنگیی بە کەرتی کشتوکاڵ نادرێت»

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق


کشتوکاڵو هەموو کەرتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان لە پاشەکشەدان

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم ئاشکرای دەکەن، لەکۆی (١٦) بەشی زەوییە بەراوەکانی هەرێم، تەنیا سوود لە یەک بەشی بینراوە بۆ کشتوکاڵی هاوینە، ئەم ژمارەیەش جێگای سەرنجو تێڕامانی شارەزایانی بوارەکەیەو زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن «پلانی زانستیی بۆ بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا نییە».

عەلی رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانو بەدواداچوونی وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێریی، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «هەرێمی کوردستان (٨) ملیۆن دۆنم زەوی بەراوی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پرۆژەی ستراتیژیی ئاو، تەنیا سوود لە (٥٠٠) دۆنم زەوی وەرگیراوە، واتە (١٥) بەشی تەنیا بۆ کشتوکاڵی یەک وەرزی وەک گەنم، جۆ، نۆکو دانەوێڵەی زستانە سوودی لێوەردەگیرێت». بەمەش لە (١٦) بەشی زەوییە بەراوەکان سوود لە بەشێکی دەبینرێت بۆ کشتوکاڵی هاوینە، کە دەکاتە (٦٪)ی هەموو زەوییە بەراوەکان.

هەرچەندە ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم هۆکاری سوودنەبینین لە زەوییە بەراوەکان بۆ نەبوونی پرۆژەی ستراتیژیی ئاو دەگێڕێتەوە، بەڵام پسپۆڕو شارەزایانی دیکەی بواری کشتوکاڵ فاکتەرەکانی پشت بەگەڕنەخستنی ئەو زەوییانە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی جیاوازی کشتوکاڵی، بۆ نەبوونی پلانو بە گرنگ نەزانینی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێم دەگێڕنەوە.

محەمەد حاجی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو، پێیوایە؛ هۆکاری سوودوەرنەگرتن لە زەوییە بەراوەکان، تەنیا بۆ نەبوونی پرۆژەی ستراتیژیی ئاو ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا پلانێکی تەندروست نییە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە جیاوازەکان لەسەر ئەو زەوییانە.

لەوبارەیەوە وتی: «پلانێکی ستراتیژییو زانستیانە نییە بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئاوانەی لە زستاندا هەن، بەتایبەت ئەو شوێنانەی پێویستیان بەوە هەیە بەنداویان تێدا دروستبکرێت، جۆگاکان گڵنو ئاوێکی زۆر لە ئاودانی زەوییەکان بەهەدەر دەچێت، ئەمەش پێویستی بە کۆنکرێتکردنی ئەو جۆگایانەیە، هاوکات ئاوڕی جدیی لە سەرچاوەو کانیاو و کارێزەکان نەدراوەتەوەو ئاوەکان وەک پێویست سوودیان لێنەبینراوە، جگە لەوەی ئاودانیش بەشێوەی دڵۆپاندنو بە سیستمی بۆریی زۆر کەمە، رێگاکانی دیکەش ئاوێکی زۆر لە زەوییە رووبەرە بچووکەکان بەفیڕۆدەدات».

هاوڕا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوە، د.مەی ئیبراهیم، راگری کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی، جەخت لە حاڵەتی نەبوونی پلان بۆ بەرەوپێشچوونی کشتوکاڵو هاندانی جوتیاران دەکاتەوە بۆ وەبەرهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانو بڕوای وایە؛ کشتوکاڵ پێویستی بە یارمەتیو پشتگیریی حکومەت هەیە، بەشێوەیەک حکومەت هەوڵی زیادکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان بداتو پێویستییەکانی جوتیار لە زەویو کەرەستە کشتوکاڵییەکان دەستەبەربکات، هاوکاتیش گوندەکان ئاوەدانبکرێتەوەو جوتیاران هانبدرێن بە خێزانەکانیانەوە خزمەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان بکەنو دۆخێکیش برەخسێت کە بەروبوومە ناوخۆییەکان بە سوودەوە بۆ جوتیاران ساغبکرێتەوە.

لە پلانی پێنج ساڵەی بەڕێوەبەرێتی ئاودێرییو ئاوی سەرزەوی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠)، کە ئەوکات سەر بە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێم بووە، پێشنیازی دابینکردنی (٢٧) ملیار دینار کراوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵێک پرۆژەی ئاودێریی ستراتیژییو چەند بۆندێک بۆ گلدانەوەی ئاوی باراناو، نۆژەنکردنەوەی کانیو کارێزەکانی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام بەپێی قسەی بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرێتییە تائێستا ئەو داواکارییەیان وەڵامی نەبووە.

نەجمەدین سدیق ئیسماعیل، بەڕێوەبەری ئاودێرییو ئاوی سەرزەوی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەساڵی ٢٠٠٩دا (٥٧) پرۆژەمان لە بواری ئاودێرییو نۆژەنکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان جێبەجێکردووە، بۆ ئەمساڵیش ئەگەر بودجەی تەواومان بۆ خەرجبکرێت، بەپێی پلانی پێنج ساڵە، بڕیارە ژمارەیەک پرۆژەی ئاودێریی ستراتیژیی دروستبکرێت، جگە لە هەوڵدان بۆ گلدانەوەی ئاوی باراناو، نۆژەنکردنەوەی کانیو کارێزەکانی ناوچەکەشمان لەبەرنامەدایە».

هاوکات سوودوەرنەگرتن لە زەوییە بەراوەکان بۆ نەبوونی پرۆژەی ستراتیژیی ئاو ناگێڕێتەوەو وتی: «هۆکاری سوودنەبینین لەو رووبەرە زۆرەی زەوییە بەراوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، وەک پێویست ئاوڕ لە بواری کشتوکاڵ نەدراوەتەوەو کاری کشتوکاڵیی بووەتە کاری دووەمو سێیەمی جوتیارەکانو لە ئەولەویەتی کاری حکومەتیش نییە».

بە بڕوای محەمەد حاجی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو؛ لەوکاتەوەی حکومەتی عێراقی دامەزراوەو بە ئێستای هەرێمیشەوە بەرنامەی (تۆکمە، ستراتیژیی، ئابووریو زانستیانە بۆ کشتوکاڵ نەبووە)، دەسەڵاتداران زیاتر چاویان لەسەر نەوت بووەو نەوتەکە بۆ ئەوان هەموو شتێک بووە! لەکاتێکدا عێراق بەگشتییو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وڵاتێکی کشتوکاڵییەو لە بواری رووەکیو ئاژەڵیشدا زۆر گونجاوە، بەڵام کاتێک ئیمکانیەتی پێویست نییەو ئاوڕ لەو کەرتە نادرێتەوەو بەگرنگ نازانرێت، ئەنجامەکەشی لەئێستا باشتر نابێت.

لەگەڵ ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی خەمڵێنراوی (٢٠١٠)و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: «ئەمساڵ ساڵی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیی دەبێت». پێشتریش وەزارەتی کشتوکاڵی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، پلانێکی (٥) ساڵەی بۆ پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی راگەیاندبوو، کە پێویستی بە دابینکردنی زیاتر لە (٨٠٠) ملیار دینارە بۆ جێبەجێکردنی (٦٤) پرۆژە، بەڵام وەک پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان پێشتر بۆ رۆژنامە ئاماژەی پێکردبوو، بڕێکی زۆر کەم لەو پرۆژە بودجەیە بۆ کەرتی کشتوکاڵیی دەستنیشانکراوە.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی پەرلەمانی کوردستان، لەمبارەیەوە دەڵێت: «لە بودجەی (٢٠١٠)دا، تەنیا (٥٠) ملیار دینار دانراوە بۆ کەرتی کشتوکاڵیی، کە ئەمەش بە رای زۆربەی پسپۆڕانی بوارەکە پارەیەکی زۆر کەمە».

د.مەی ئیبراهیم، راگری کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی، دەیەوێت سۆراخی ئەو پلانە بکات، کە پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ماوەی (٥) ساڵ رایگەیاندبوو، لەوبارەیەوە وتی: «نازانم ئەو پارەیە بۆ ئەو پلانە خەرجکراوە یان نا، یاخود لە پرۆژەی بودجەدا حساب بۆ ئەو پلانە کراوە یان نا، بەڵام دەزانم پێویستبوو ئیش لەسەر قۆناغبەندیی ئەو پلانە بکرێتو بودجەی تەواوی بۆ دەستەبەربکرێت، ئەمەش بەئامانجی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیی».

سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی پەرلەمانی کوردستان، گومانی هەیە لە راستیی هەبوونی (٨) ملیۆن دۆنم زەوی بەراو لە هەرێمداو «بەهەڵەی دەزانێت»، بۆ ئەو مەبەستەش «رۆژنامە» زۆر هەوڵیدا بۆچوونی وەزیری کشتوکاڵو ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەی وەزارەتی ناوبراو وەربگرێت، بەڵام بێئەنجام بوو.

جەلال عەلی عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی، ئاماژەبەوەدەکات؛ پرۆژەی بودجەی ئەمساڵ پرۆژەیەکی سەرکەوتووە بۆ بواری کشتوکاڵو بە رۆژنامەی راگەیاند: «بودجەی تەرخانکراوی هیچ دەوڵەتێک بۆ کشتوکاڵ ناگاتە سەرووی (١٠٪)، بەڵام لە بودجەی ئەمساڵدا، دوای ئەوەی (٥٠) ملیار دینار لە بودجەی نیشتەجێبوون گواسترایەوە بۆ بەشی پلانی پەرەپێدان، ئێستا نزیکەی (١٢٪) بۆ کشتوکاڵو ئاودێریی تەرخانکراوە».

سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی ئەوەشی ئاشکراکرد، بەپێی پلانی ستراتیژیی (٥) ساڵەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەگەر بودجەی پرۆژەکان دابینبکرێت، (١٠٠) بەربەست (سەدی) بچووکو مامناوەندو گەورە دروستدەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئاو لە کوردستان، بەمەش پێویستمان بەپلان هەیە بۆ گلدانەوەی ئەو ئاوانە، جگە لەوەی پلانیش هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئاو و خزمەتکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانو زیادکردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی.

# تەنیا لە رێگەی (٢) دەروازەوە (١٠) هەزار گەشتیاری ئێرانی هاتوونەتە کوردستان

والی عوسمان: پێنجوێن

بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی نەورۆزو دەستپێکردنی وەرزی گەشتوگوزار، لەماوەی (٣) رۆژی پێش نەورۆزدا زیاتر لە (١٠) هەزار گەشتیاری ئێرانی لە رێگەی هەردوو بنکەی نشینگەی مەرزی باشماخو سەیرانبەنەوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

فریبا عەلی، کچە کوردێکی دانیشتووی شاری (پاوە)یەو یەکێکە لەو گەشتیارانەی هاتبوونە هەرێم، وێڕای جەژنە پیرۆزە لە گەلی کورد، بۆ رۆژنامە وتی: «لەبەرئەوەی هاتوچۆکردن ئاسانتربووەو دەتوانین بە ئۆتۆمبێلی خۆمانەوە بێین بۆ کوردستان، پێمانخۆش بوو جەژنی نەورۆز لە کوردستان بەسەربەرین، لەناو خزمو کەسوکارماندا».

هەروەها ئەحمەد حسێن، گەشتیارێکی دیکەی کورد بوو کە لەشاری (کرماشان)ەوە هاتبوو بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ رۆژنامە وتی: «جەژنی نەورۆز لە کوردستان خۆشترەو ئازادانەتر دەتوانین خۆشیو شادی دەربڕینو پێمانخۆشە سەیرانگاکانی کوردستانیش ببینین».

جەژنی نەورۆز یەکێکە لەو بۆنانەی کە زۆرێک لە نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت فارسو کورد بە جەژنی نەتەوەیی خۆیانی دەزاننو لە (٣/٢٠)ی هەموو ساڵێکدا ئاهەنگ دەگێڕنو ئاگردەکەنەوە، لە ئێستاشدا کە هەرێمی کوردستان ئارامیی بەخۆیەوە بینیوە، خەڵکی فارسو کوردو عەرەب لە وڵاتانی دراوسێوە لە جەژنی نەورۆزدا روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەرچاوەیەک لە مەرزی باشماخ لەبارەی هاتنی گەشتیارانی بیانییەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەردانی گەشتیارانی ئێرانی لەمساڵدا زیاترە لە ساڵانی رابردوو، بەهۆی ئەوەی کە ئێستا گەشتیارانی ئێرانی بە پاسپۆرتو ئۆتۆمبێلی خۆیانەوە سەردانی کوردستان دەکەن، چونکە پێشتر ئەو خزمەتگوزارییە لەم مەرزەدا نەبووە».

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ئاشکراکرد؛ «لەماوەی (٣) رۆژی پێش جەژنی نەورۆزدا (١٠) هەزار گەشتیار لە بنکەکانی نشینگەی باشماخو سەیرانبەنەوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە».

لەیلا محەمەد، ژنە شۆفێرێکی کوردی ئێرانییەو لەگەڵ دەربڕینی خۆشیی بۆ گەشتەکەی، بەشادییەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان کردو وتی: «ئاوو هەوای کوردستان زۆر بە لامەوە خۆشەو ئەم جەژنەش پێمخۆش بوو لە کوردستان بم».


دەروازەی سنووریی مەرزی باشماخ

# فەڵەستینو حاکمەکانی عەرەب: کەرکوکو دەسەڵاتدارانی کورد



مەحمود رەزا ئەمین

**تەزویرکردن بێجگە لە قازانجی حیزبە زلەکانی کوردو مەسئولە مشەخۆرەکان، چ قازانجێکی بە کوردو بە کوردستانیبوونی کەرکوک گەیاندوە تا لەباتی تەزویرکردن، تەزویرنەکردن ببێ بە خیانەت؟**

عەسری دووشەممە، ٢٠١٠/٣/١٥ لە گردەکە لەگەڵ ژمارەیەک هەڵسوڕاو و ڕۆشنبیری کەرکوک دانیشتبوین، قسەمان لەسەر هەلومەرجی کەرکوک و هەڵبژاردن لە کەرکوک ئەکرد. یەکێکیان وتی: «ڕۆشنبیرێک»ی یەکێتی پێی وتم: ئەو کوردەی توانیبێتی لە کەرکوک تەزویر بکاو نەیکردبێ، خائینە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٧ یش بە ئیمێڵ پەیامی (کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی کەرکوک) م پێ گەیشت، ئەمە ناونیشانەکەی بو: « بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی کەرکوک داوا لە لیستی گۆڕان ئەکەین سکاڵاکانی لەسەر هاوپەیمانی کوردستان لە کەرکوک بکشێنێتەوە». ئەوان لە درێژەی پەیامەکەیاندا نوسیبویان: «... سەرباری ئەمەش ململانێیەکی بێهوودە لە نێو قەوارە جیاجیاکانی کورد لە پاش هەڵبژاردن هێشتا هەر لە ئارا دایە و لیستی گۆڕان کۆمەڵێک سکاڵای لەسەر لیستی هاوپەیمانی لە کەرکوک تۆمار کردووە. لەگەڵ تەواوی ڕێزمان بۆ ئازادی لە بۆچوون و هەڵوێست بەڵام زۆری(ی) ناحەزان و ناسکی وەزعی گەلەکەمان بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی (وا) دەکات (دەکەن) داوا لە لیستی گۆڕان بکەین لە پێناو بەرژەوەندی یە باڵاکانی میللەتەکەمان کە سکاڵاکانی لەسەر لیستی هاوپەیمانی بکشێنێتەوە».

### تەزویر و کوردایەتی (؟!)*

کێ ئەتوانێ ڕازیم بکا، ئەو «ئەفسەرە پایەبەرزە»ی کورد کە لە کەرکوک ٣٦ جار دەنگی داوەو، ئەو کەسانەی ڕێگەیان بۆ خۆشکردوە ئەو هەمو تەزویرە بکا، بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کەرکوکیان کردوە، نەک لەترسی لە دەستدانی پلەو پایەو بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان؟

بە پێچەوانەی ڕەئی «ڕۆشنبیر»ەکەی یەکێتی یەوە، من گومانم لە مۆراڵ و لە ئیمان و لە نیشتمانپەروەری ئەو «ڕۆشنبیر!» و حیزب و کادرە حیزبیانەی کورد هەیە، کە لە کەرکوک یان هەر جێیەکی تر تەزویریان کردبێ یان نەخشەیان بۆ تەزویرکردن دانابێ یاخود هانی خەڵکیان دابێ تەزویر بکەن وەیان بە تەزویرچییەکیان زانیبێ و ڕێگەی تەزویریان لێ نەگرتبێ. بۆچی؟ چونکە:

– نەتەوە بە تەزویر دروست نابێ؛

– تەزویر و هاندانی خەڵک بۆ تەزویرکردن نەوەی تەزویرچی و بێ ئیرادە بەرهەم ئەهێنێ. ئەمرۆ تەزویر بۆ تۆ بکا، سبەی بە برێ پارە بۆ دوژمنی خاک و خەڵکی ئەکا؛

– تەزویرکردن ئەخلاقی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی خەڵک ئەشێوێنێ و مرۆڤی نەخۆش و بێ دەسەڵات و خۆفرۆش بەرهەم ئەهێنێ و ئەبێ بە ڕێگر لەبەردەم فەراهەمکردنی زەمینەی دیموکراتیزەکردنی سیستمی حوکمدا؛

– یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو هەلومەرجی تایبەتی دابو بە کەرکوک، ئەگەر دڵسۆزی کەرکوک بونایە نەئەبو تەزویری تیا بکەن؛

– بە گوێرەی ئەو یاسایە، ٥٠ ئەندام پارلەمان، ئەگەر گومانیان لە پاکژیی هەڵبژاردن لە کەرکوک هەبێ، ئەتوانن داوای بەتاڵکردنەوەی ئەنجامەکانی بکەن؛

– سەرکردەکانی کورد ئەم ڕاستیەیان ئەزانی و بە (سەبقی ئیسرارو تەرەسودەوە) لەبەرخۆشی و بەرژەوەندی کاتیی خۆیان، گوێیان بە چارەنوسی کەرکوک نەدا؛

– حیزبەکانی کورد و لێپرسراوەکانیان لە کەرکوک بە پلەی یەکەم، بەرپرسن لە نەمانی متمانە لەنێو پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکوکدا، تەزویرکردن ئەوەندەی تر بێ متمانەیی و گرژی دروست ئەکا؛

– نابێ شەرعییەتی مێژویی، جوگرافی و ئارکیولۆجیی کوردستانی بونی کەرکوک بگۆڕینەوە بە شەرعییەتی تەزویر و، کەمینەو زۆرینە. ئەگەر ئەم پرەنسیپەمان بۆ کەرکوک قبوڵ کرد، ئەی لە بەغدا چۆن بتوانین مافە دەستورییەکانمان بچەسپێنین؟

– سەرکردەکانی کورد لە سەردەمی نوسینەوەی دەستوردا، لەبەرامبەر هەندێ دەسکەوتی حیزبی و تایبەتی دا سازشیان لەسەر کەرکوک کرد (قبوڵکردنی ڕاپرسی لەسەر کوردستانی بونی کەرکوک)، ئێستاش ئەیانەوێ بە تەزویرکردن درێژە بە بەرژەوەندییەکانیان و بە تاقیکردنەوەی شکستخواردوی خۆیان بدەن؛

– هەڵبژاردنی پڕ لە گزی و تەزویری ئەمجارەی کەرکوک ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانی قوڵتر کردەوە. لە هەمو پێکهاتەکان کەسانی وەها ئەچنە ناو پارلەمانی عێراق کە بڕوایان بە پێکەوە ژیان نیە. ئەمە چارەنوسی کەرکوک و کەرکوکییەکان بەرەو هەڵدێری هەزار بەهەزار ئەبا؛

– کەرکوک بە تەزویر دەرباز نابێ و ناگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە چاندنی تۆوی خۆشەویستی و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن و برەودان بە کەلتوری پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و بوژاندنەوەی ئابوری و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ دانیشتوانەکەی، بەبێ جیاوازی، ئەگەڕێتەوە. ئەوەی زامنی گێڕانەوەی کەرکوک بو بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەو بیرە نوێیە بو کە کاندیدەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک بانگیان بۆ ئەدا، نەک تەزویرکردنی ئیرادەی دەنگدەر و سوتاندنی دەنگەکانی گۆڕان.

کەواتە تەزویرکردن بێجگە لە قازانجی حیزبە زلەکانی کورد و مەسولە مشەخۆرەکان، چ قازانجێکی بە کوردو بە کوردستانی بونی کەرکوک گەیاندوە تا لەباتی تەزویرکردن، تەزویرنەکردن ببێ بە خیانەت؟

### کەرکوک و فەلەستین.. دەسەڵاتدارانی کوردو حاکمەکانی عەرەب:

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ ڕەئی (کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی کەرکوک) کە دڵنیام بەوپەڕی نیاز پاکی و دڵسۆزییەوە داوایان لە بزوتنەوەی گۆڕان کردوە سکاڵاکانی لەسەر هاوپەیمانی بکێشێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی پێ بزانن، داواکەیان خزمەتی ڕەگ داکوتانی پایەکانی دیکتاتۆری و فەسادی سیاسی و ئەخلاقی و نیشتمانی و نەتەوەیی ئەکا.

لەساڵی ١٩٤٨ وە سەرکردەو دەسەڵاتدارانی دنیای عەرەب کێشەی فەلەستینیان کردوە بە بیانو بۆ سەرکوتکردنی ڕەوتی دیموکراسی و بەرگرتن لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە. لەو ماوەیەدا هەر ڕەهەندو بزوتنەوەیەکی دیموکراتخواز، لە هەر وڵاتێکی عەرەبی سەریان هەڵدابێ، داوای دیموکراسی و خۆشگوزەرانی و ئازادی یان کردبێ، بە بیانوی تابوری پێنجەم و نۆکەرایەتی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و دوژمنانی ئوممەی عەرەبی و ئیسلامیەوە عەسکەریان بۆ ڕژاندونەتە سەر جادەو سەرکوتیان کردون.

ئێمەش ئەگەر لە ئێستاوە، بەناوی « زۆریی ناحەزان و ناسکی وەزعی گەلەکەمان بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی»یەوە پشتیوانی لە حیزبە نادیموکراتی و تەزویرچییەکانی کورد بکەین، کەواتە شەرعییەت ئەدەین بە سەقامگیربون و درێژەکێشانی حوکمی زاڵمانەو نادیموکراتیانەی دەسەڵاتدارانی کورد؛ کەواتە بە دەست و بەویستی خۆمان دیموکراتیزەکردنی سیستمی حوکم دوا ئەخەین.

لە حاڵێکدا چارەسەری ڕاست و دروست بریتیە لە دیموکراسیی ڕاستەقینە؛ لە هەڵبژاردنی دەوری و بێ گزی و تەزویر، بریتیە لە قبوڵکردنی سەرەتای دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات و بریتیە لە سەلماندنی مافی وەک یەکیی پێکهاتەکانی کەرکوک، لەسەر بناغەی هاووڵاتی بون، نەک برەودان بە تێزی «ناحەز و دوژمن» و شەرعاندنی تەزویر و سەرکوتکردن.

### تەزویرکردن چارەسەری کەرکوکە یان ڕێگەی تر هەیە؟

نیلسۆن ماندێلای سیمبول ئەڵێ: «ئەفریکای باشور موڵکی ئەو خەڵکانەیە کە تیایدا ئەژین، بە ڕەش و سپییانەوە. هیچ حوکمەتێک ناتوانێت لەبەر ئەو دەسەڵاتەی کە لەسەر نبچینەی ویستی هەمو خەڵک دانەمەزراوە، بە خۆیەوە بنازێت. هەمو گروپە ئێتنییەکان مافی یەکسانیان هەیە... هەمو لەبەردەم یاسادا وەک یەکن. پێویستە ئاشتی و برایەتی لەنێو هەمو خەڵکی ئەفریکای باشوردا بەرقەرار بێت»**.

ئەسقەفی سپی پێستی ئافریکای باشور، دێزمۆند توتو ئەفەرموێ: «ئێمە دەربەستین بەوەی ئازادیی بە ڕەش پێستەکان ببەخشین، چونکە دەربەستین بەوەی کە سپی پێستەکانیش ئازاد بکەین. تا ئەو کاتەی ڕەشەکان ئازاد نەبن، سپییەکانیش ئازاد نابن»**.

دەلای لامای ڕابەری ڕۆحی و نیشتمانیی تیبت–یەکان ئەڵێ: «تیبتێکی ئازادم ئەوێ کە ... حەرەمی ئاشتی و سەفا بێ، کە لە توانای هەمو کەسێکدا بێ ئازادانە بچێتە ناوی تا سەرلەنوێ خۆی تیا دروست بکاتەوە»**.

کەواتە کەرکوکی کوردستانیش بەوە دەبێتەوە بە کەرکوک کە:

– زوڵم و تەزویری تەزویرچی یان قبوڵ نەکا؛

– ڕێگە نەدا دەسەڵاتداران بە دروشمی بریقەدار بیخەڵەتێنن؛

– حوکمێکی نوێ لەسەر بنچینەی ویستی هەمو پێکهاتەکانی دانەمەزرابێ؛

– تێ بگا چەوساندنەوە و فێڵکردن لەوانی دی، هەرگیز ناکاتە ئازادیی و سەربەستی خۆی؛

– ئازادی خۆی لە ئازادی ئەوانی تردا ببینێتەوە؛

– کەرکوک ببێ بە حەرەمی ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان.

تکایە بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە کەرکوک نە دۆڕێنین، بەهیچ بیانویەک بەرگری لە دەسەڵاتی ناعادل و نادیموکراتی و بەرگری لە گزی و تەزویر و ناهەقی و زوڵم و لوتبەرزیی نەتەوەیی مەکەن. کەرکوک فرۆشراوە بە کۆنتراکتەکانی نەوت و، تۆرێنراوە بە مەسئولی نا مەسئول. بە تەنیا حوکمی دیموکراسیی عادل ئەتوانێ لە بارمتەیی ڕزگاری بکاو ئاشتی بکاتەوە.

وریا نەبین دەسەڵاتدارانی کورد سورن لەسەر ئەوەی کەرکوک ببێ بەفەلەستین و خۆشیان بە حاکمەکانی عەرەب. بەتەمان سیستمی حوکمی کوردستانیشمان بۆ بکەن بە «کۆماریی پاشایەتی» یان «پاشایەتی ڕەها».

---

* پێکهاتەکانی تریش لە کەرکوک بە ئارەزوی دڵی خۆیان تەزویریان کرد. لێ بەئەرکی سەرشانمی ئەزانم پێش هەر هێزو پێکهاتەیەکی تر لۆمەو سەرکۆنەی حیزبە کوردییەکان بکەم. مەخسەرەکە ئەوەیە، ئەوانەی شەوو ڕۆژ کوردایەتیمان پێ ئەفرۆشن، هەرچی لە توانایاندا بو بۆ شکاندنی گۆڕان و کەمکردنەوەی دەنگەکانی، کردیان، کەچی دەستی پێکهاتەکانی تریان ئازادکرد بۆ تەزویرکردن. ئەشی ئەم دوو فاقییە ناوبنێین: کوردایەتی دوو زەردێنە.

** قسەکانی ئەو زاتانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: (هزری ناتوندوتیژی، ڕامین جەهانبەگلو، وەرگێڕانی مراد حەکیم، پێداچونەوەی موسلح ئیروانی، چ١ ٢٠٠٢، چاپخانەی موکریانی).

# هەموارکردنی دەستوور لە مەنگەنەی عەلمانیو ئیسلامییەکانی تورکیادا



مەجید ساڵح

وابڕیارە کۆتایی ئەم مانگە تورکیا دەستوورەکەی هەمواربکاتەوە، بۆئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپادا گونجاو بێت، حکومەت پێیوایە؛ ئەو هەموارکردنەی دەستوور دەبێت ئازادیی زیاتر بۆ هاوڵاتییانی تورکیا دابینبکات، بەڵام ئەم هەنگاوەی حکومەت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەپەرستەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەتەوە، ئەوان پێیانوایە؛ ئەو هەنگاوەی ئەردۆغان پلانێکی ژێربەژێری ئەوە بۆ پەکخستنی سیستمی عەلمانی لە تورکیاو هێنانە سەرکاری سیستمێکی تیوکراتی ئیسلامیی.

لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا سەرۆک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی حیزبی دادو گەشەپێدان، لە تەقەللایەکی بێوچاندایە بۆ گۆڕینی ئەو رووخسارەی کە زیاتر لە (٨٠) ساڵە تورکیا دەقی پێوەگرتووە، ئەو دەزانێت بەبێ گۆڕینی دەستوور، هەرگیز تورکیا ناتوانێت بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە، کە خەونێکی دێرینی تورکەکانە بە عەلمانیو ئیسلامییانەوە.

تورکیا لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە هەوڵەکانی بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا چڕکردووەتەوەو بۆ ئەو مەبەستە ئێستا دەیەوێت پێداچوونەوە بە دەستوورەکەیدا بکات، چونکە هەندێک لە مادەکانی ئەو دەستوورە نەک هەر کۆنو نادیموکراسین، بەڵکو لەگەڵ پێوەرەکانی سیاسەتی هاوچەرخیشدا گونجاو نین، بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێت لە دەرگای یەکێتی ئەوروپاوە بچێتە ژوورەوە، دەبێت سیستمێکی دادوەریی بەپێی پێوەرەکانی ئەوروپا پەیڕەو بکات.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: لەم هەفتەیەدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا سەبارەت بە گۆڕینی دەستوور دەکەوێتە وتووێژەوە، بەڵام وەک هەڕەشەیەکی پێشوەختیش ئەوەی بە بیر ئۆپۆزسیۆن هێنایەوە، کە پەرلەمانی تورکیا ئیرادەو توانای ئەوەی تێدایە ئەرکی گۆڕینی دەستوور لە ئەستۆبگرێتو دواتریش گەلی تورکیا لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگی لەسەر دەدەن، بۆیە باشتروایە ئۆپۆزسیۆن بە حیکمەتەوە هەنگاو هەڵنێت، لای خۆشیانەوە ئۆپۆزسیۆن هەڕەشەی ئەوەیان لە ئەردۆغان کرد، کە ئەوان پەنا بۆ دادگای دەستووریی دەبەن ئەگەر هەنگاوی لەوشێوەیە هەڵنێت.

ئەردۆغان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە دەبێت دەستووری وڵاتەکەی بەپێی پێوەرە دیموکراسییەکانی ئەوروپایی دابڕێژرێتەوە. ئەردۆغان بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: «ئامانجی ئێمە گۆڕینی دەستوور نییە، بەڵکو دەمانەوێت پێداچوونەوە لە چەند مادەیەکیدا بکەین».

یەکێک لەو بابەتانەی کە حەتمەن دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، دوو ئەسڵی دەستوورە، کە یەکێکیان پەیوەندە بە قەدەغەکردنی حیزبە سیاسییەکانو ئەوی دیکەشیان پەیوەندیی هەیە بە سیستمی دادوەریی تورکیاوە، حیزبی ئیسلامگەرای دادو گەشەپێدانی ئەردۆغان بە نیازە تا کۆتایی مانگی مارس پێشنیازەکەی خۆی بخاتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبی دەسەڵاتدار ڕێژەی دەنگی پێویستی لە پەرلەماندا نییە بۆ گۆڕینی دەستوور، بۆیە دەبێت بخرێتە ڕیفراندۆمەوە.

ئەم دەستوورەی تورکیا پاش سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠) دانرا، لە (٢٣) ساڵی ڕابردوودا ئەم دەستوورە (١٣) جار هەموارکراوەو تارادەیەک لەگەڵ پێوەرە مۆدێرنەکاندا گونجاوە، بەڵام ناوەندەکانی ئەکادیمیو کۆمەڵی مەدەنی وڵاتەکە پێیانوایە؛ پێویستە کۆنگرەیەکی دەستووریی ببەسترێت بۆ گۆڕینی ڕۆحی دەستوورەکە.

بەگشتیی کێشەی سەرەکیی گۆڕینی دەستوور ئەو مادانەن کە پەیوەستن بە بڕیارە شەرعییەکانەوە، حیزبی دادو گەشەپێدان بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕۆحی نامەزهەبی دەستووری تورکیادا نەگونجاوە، بۆیە هێزە سکیۆلارەکانی تورکیا بە پشتبەستن بە دەستوور، تائێستا چەندینجار هەوڵی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی ئەو حیزبەیان داوە.

حکومەتی تورکیا تائێستا چەندینجار باسی لە پلانگێڕیی هێزە ناسیۆنالیستیو ناوەندە سەربازییەکان کردووە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتای سەربازییەوە، لەبەرامبەردا هێزە نەتەوەپەرستەکان حکومەت بەوە تاوانبار دەکەن، کە دەیەوێت لە ڕێگەی لاوازکردنی دامەزراوە نەتەوەییەکانو سوپاوە سیستمی ئیسلامیی لە وڵاتەکەدا بسەپێنێت.

سوپای تورکیا کە خۆی بە پارێزەری سیستمی عەلمانی وڵات دەزانێت تائێستا چوار جار کودەتای لەو وڵاتەدا ئەنجامداوەو حکومەتە یاساییەکانی ڕووخاندووە، هێزە سیاسییەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشێوەیەکی سوننەتی ترسیان لە زیادبوونی دەسەڵاتەکانی سوپای تورکیا هەیەو بە مەترسییەکی بەردەم بەهێزبوونی پێگەی دیموکراسییەتی دەزانن لە وڵاتەکەدا.

لەماوەی ڕابردوودا حەفتا ئەفسەری دیکە لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکران، حکومەت ڕایگەیاند، ئەوانە بەنیازی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی بوون دژ بە حکومەتی شەرعیی تورکیا، دادگای تورکیا دۆسیەی بۆ زیاتر لە (٣٠) ئەفسەری چالاکو خانەنشین کردووەتەوە، دەبێت بە زووترین کات ئەوانە دادگایی بکرێن.

ئەو مەسەلەیە گورزێکی دیکەیە لە پێگەی سوپا، سوپای تورکیا لە یەکەمین کاردانەوەدا ڕایگەیاند: ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە کودەتا سەربازییەکە بەدەستهاتوون، ساختەن، بەڵام لە سەرەتای ئەم مانگەدا فەرماندەی سوپا وتی: دەکرێت ئەو بەڵگەنامانە ڕاستەقینەبن.

جیا لەو پێگەیەی کە سوپای تورکیا لەناو نەتەوەپەرستەکانی تورکیا هەیەتی، بوونی هێزی سەربازیی تورکیا لە قوبرس زەمینەیەکی دیکەیە بۆ بەهێزیی سوپای تورکیا، پێدەچێت ئەردۆغان بیەوێت لەو مەیدانەشدا لەگەڵ سوپادا بکەوێتە ململانێوە.

لە (٢)ی مانگی مارس حکومەتی تورکیا مەیلی خۆی بۆ درێژەپێدان بە دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ قوبرسدا دەربڕی، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا وتی: «ئێمە ئامادەین ئەرکەکانی سەرشانمان لەو پێناوەدا جێبەجێکەین». بەپێی قسەکانی ئەردۆغان، کە لە میدیاکانی قوبرسدا بڵاوکرایەوە، تورکیا ئامادەیە سەبارەت بە کشانەوەی (٣٠) هەزار سەربازی ئەو وڵاتە لە باکووری قوبرس دانوستانو دیالۆگ بکات.

تورکیا لەساڵی (١٩٧٥)ەوە باکووری ئەو دوورگەیەی داگیرکردووە، بەشی باشووری وڵاتەکەش، کە لەلایەن یۆنانەوە دەپارێزرێت، ئەندامی یەکێتی ئەوروپایەو ڕایگەیاندووە تا ئەو کاتەی هێزەکانی تورکیا لە قوبرس نەکشێنەوە، دژی بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتە دەبێت لە یەکێتی ئەوروپا.

# لە (٣/١٦)دا خزمەتگوزاریی بە چاوی هەڵەبجەییەکاندا دەدرێتەوە

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**(٣٠) هەزار ژنی هەڵەبجە تەنیا یەک پزیشکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی ژنانیان هەیە، کە ئەویش لەهەفتەیەکدا چوار ڕۆژ ژنان دەبینێت، نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بووژانەوەی دڵ ئەوەندە لەیەکترەوە دوورن تائێستا چەندین حاڵەتی مردن بەهۆیەوە ڕوویداوە، منداڵانی هەڵەبجە تەنیا یەک پزیشکیان هەیەو بەهەمانشێوە تەنیا چوار ڕۆژ لە هەفتەیەکدا منداڵانی نەخۆش دەبینێت**

ساڵانە لە (٣/١٦)دا بەرپرسانی حکومیو حیزبیی کوردستان دەستەدەستە ڕوودەکەنە هەڵەبجە بۆ یادکردنەوەی کیمیابارانی ئەو شارە شەهیدەو بەڵێنەکانیش وەک تەرزەو باران لە زاریانەوە دێنەخوار، ئەمە لەکاتێکدا کە هەڵەبجە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەک ئاوەداننەکراوەتەوە تا بوار بۆ بەڵێنپێدانی دیکە نەمێنێتەوە.

ڕۆژی (٢٠١٠/٣/١٦) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی «زۆر» لە میوانانی ناوخۆو دەرەوەو بەرپرسانی حکومیو حیزبیی یادی (٢٢) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە کرایەوە، کە لە هەمان ڕۆژی ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەو شارە شەهیدکراو تێیدا (٥٠٠٠) کەس گیانیان بەخشی، جگە لە هەزاران بریندار کە هەندێکیان هەتا ئەمڕۆ بەدەست ئازارەکانیانەوە دەناڵێنن، بەڵام لە ڕۆژی یادکردنەوەی (٢٢) ساڵەی تەمەنی ئەو کارەساتەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەو کارانەی دایەوە بەچاوی کەسوکاری شەهیدانی شارەکەدا، کە حکومەت بۆی کردوون.

د.بەرهەم لەوتارەکەیدا وتی: «بڕیاری زیادکردنی مووچەی واریسی شەهیدانمان داوە، هەر کەسێکی بە ویژدانیش سەیری هەڵەبجەی ئەمڕۆ بکاتو بەراوردی بکات بە ساڵانی ڕابردوو، دەبینێت هەنگاوی گرنگی ئاوەدانیی بۆ نراوەو دەستخۆشیی لە حکومەتەکەی خۆمانو دەزگاکانی دەکەین بۆ ئەو هیمەتەی کردوویانە».

بە وتەی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێم تەنیا (١٥٪)ی ئەو ئیلتیزاماتەی جێبەجێکردووە کە لەسەر شانی بووە بەرامبەر بە خەڵکی هەڵەبجە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ میللەتێک لەدنیادا نابێت مەمنوونی حکومەتەکەی خۆی بێت کە پرۆژەی بۆ بکات، بەڵکو ئەوە ئەرکەو لەسەر شانی حکومەتە کە خزمەتی میللەتی خۆی بکات، بەتایبەتیش هەڵەبجە نابێت بە منەتەوە شتیان پێبفرۆشرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەردەوام بەرپرسانی ئیداریو سیاسی ئەم وڵاتە لەئاست ئەو کارەساتەدا خۆیان بەکەمتەرخەم بزانن بەرامبەر بە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزارییو دڵنەواییکردنی کەسوکاری شەهیدەکانی ئەو شارە».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان باشترین بەڵگەش بۆ پەراوێزخستنی هەڵەبجە، ئەوەیە، کە لە پرۆژە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا تەنیا (٧) پرۆژە بۆ هەڵەبجە دیاریکراوە، بەشێوەیەک کە ناحیەی وا هەیە دوو ئەوەندەی قەزای هەڵەبجەی بۆ تەرخانکراوە.

## (٣/١٦) ڕۆژی بەڵێنە گەورەکان

ئەمساڵ لە قسەکانی سەرۆکی حکومەتدا جگە لە نوێکردنەوەی بەڵێنەکان چەندین بەڵێن درا کە بۆ شاری هەڵەبجە جێبەجێبکرێت لەوانەش؛ «بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەو دانانی کۆمەڵێک ناوەندی ئیداریی لە هەڵەبجەو چەند بەڵێنێکی دیکە...»، هاوکات بەردی بناغەی زانکۆی هەڵەبجەی دانا، ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا پەرلەمان بودجە تەتەڵە دەکات.

هەروەک سەرهەنگ فەرەج وتی: «دانانی بەردی بناغەی زانکۆکە، بۆ ورووژاندنی ڕای گشتیی هەڵەبجە بوو، دەنا کە بودجە پەسەندنەکرابێت چۆن بەردی بناغەی پرۆژە دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو بودجەیەی بۆ کردنەوەی زانکۆکانی هەڵەبجەو کەلارو زاخۆو ڕانیە دانراوە بودجەی تەنیا زانکۆیەکی ئەهلیە کە لە هەولێرو لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم دەکرێتەوە».

ئەم بەڵێنانەو چەندین بەڵێنی دیکە لەلایەن خودی سەرۆکی حکومەت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)وەو چەندین وەزیری حکومەتەکەی لەسەرەتای تەشکیلکردنی کابینەی شەشەم بە هەڵەبجەییەکان دراوە، بە نموونەش (نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوی بەشێک لە گەڕەکەکانو گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەو قیرتاوکردنی شەقامەکانو تەواوکردنی شۆستەکان لەساڵی (٢٠١٠)دا بەشێک بوون لەو پرۆژانە (لەلایەن وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزار)، ژمارەیەک خانووی پلاستیکی بۆ جوتیاران دابینبکرێتو بەشێک لە جۆگەکانی ئاودێریش کۆنکرێت بکرێن (لەلایەن وەزیری کشتوکاڵ)، دیزاینو دەرخستەی بەدووسایدکردنی سەیدسادق-هەڵەبجە، کە دیزاینو دەرخستەکەی تەواوبووەو دروستکردنی ژمارەیەک خانوو (لەلایەن وەزیری ئاوەدانکردنەوە)، وەزارەتی دادو ئابووریی بە کردنەوەی بەڕێوەبەرێتی تاپۆو خەزێنە لەو شارەدا ڕاسپێردراون.

ئەم بەڵێنانە چەندین مانگە لەلایەن بەرپرسانی حکومییەوە بە هەڵەبجەییەکان دراون، بەڵام لە (٣/١٦)ی ئەمساڵدا جێبەجێنەکرابوون، بەڵکو ئەوەی لەدەستی ئەو بەرپرسانە هات دانانی تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدەکانو کولانەوەی زامی کەسوکارەکانیان بوو.

هەربۆیە نووسەرانو ڕۆشنبیرانو گروپی (٨٨)ی هەڵەبجە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیاندا، کە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/١٤) ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانو ڕای گشتییو خەڵکی مەزلومی هەڵەبجەو ڕاگەیاندنەکانیان کرد، دەپرسن؛ «هەڵەبجەییەکان بۆ کرانە قوربانیی؟ کێ بوون ئەوانەی بازرگانییان بە گیانو ژیانی خەڵکەوە کرد؟ بەرهەمی کارەساتی هەڵەبجە چووە باخەڵی کێوە؟ کێن ئەوانەی پۆستو کورسیو پلەوپایەی دەسەڵاتیان لەسەر حسابی خەڵکی هەڵەبجەو شەهیدەکان لە بەغداو هەولێر بەدەستهێناوەو لەماوەی دەسەڵاتیشیاندا جگە لە زیان هیچی دیکەیان بۆ هەڵەبجە نەبووە؟!».

## ژیانو گوزەران

زۆربەی گەڕەکەکانی هەڵەبجە تائێستا تاپۆیان نییەو بەوهۆیەشەوە لەپێشینەی خانووبەرە بێبەشن، ئاوو کارەبای هەڵەبجە خراپەو ژمارەیەک لە گەڕەکەکانیش تۆڕی ئاوو ستوونی کارەبایان بۆ نەبراوە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕێگاوبانو کۆڵانەکانی پێویستیان بە قیرتاوو کۆنکرێتکردن هەیەو تائێستا نەکراوە، هاوکات بەپێی زانیارییەکان (٩٥٠) بنەماڵەی شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجە لەهیچ خزمەتێکی حکومەتێکی هەرێم سوودمەندنەبوون، هەربۆیە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران لە وتەی بەشداربوونیاندا لە یادی (٢٢) ساڵەی کیمیابارانی شارەکەیاندا، داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد کە ژیانو گوزەرانی قوربانیان باشتر بکاتو مووچەکانیان بۆ زیادبکاتو یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینبکات.

## بواری تەندروستی

هەرچەندە هەڵەبجە بریندارترین شاری کوردستانە، بەڵام کەمترین خزمەتی لە بواری تەندروستیدا بۆ کراوەو ئەو بوارە لە قەیراندایە، نموونەش ئەوەیە کە نزیکەی (٣٠) هەزار ژنی هەڵەبجە تەنیا یەک پزیشکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی ژنانیان هەیە، کە ئەویش لە هەفتەیەکدا چوار ڕۆژ ژنان دەبینێت، نەخۆشخانەی فریاکەوتنو بووژانەوەی دڵ ئەوەندە لەیەکترەوە دوورن تائێستا چەندین حاڵەتی مردن بەهۆیەوە ڕوویداوە، منداڵانی هەڵەبجە تەنیا یەک پزیشکیان هەیەو بەهەمانشێوە تەنیا چوار ڕۆژ لە هەفتەیەکدا منداڵانی نەخۆش دەبینێت، هاوکات لەئێستادا کە نەخۆشخانەی منداڵبوون لە ٢٠٠٨/٨/١ەوە لە نوێکردنەوەدایە ئەو بەشەیان بردووەتە پزیشکی دادوەرییو لەنێوان لاشە مردووەکاندا منداڵانی هەڵەبجە دێنە دنیاوە.

## بواری پەروەردە

ئەو ژمارە قوتابخانەیەی کە هەیە لەسەردەمی بەعسیشدا هەر ئەو ژمارەیە لە هەڵەبجەدا هەبووە، بەڵام بەشێوەیەک کە لەپێش کیمیابارانکردنی شارەکەدا هیچ قوتابخانەیەک نەبووە لە دوو دەوام زیاترو هیچ پۆلێک لە (٢٥) قوتابی زیاتری تێدابووبێت، بەڵام لەئێستادا زۆربەی قوتابخانەکان سێ دەوامیان تێدایەو هیچ پۆلێکیش لە (٣٥-٤٠) قوتابی کەمتری تێدانییەو بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکە داوای (١٥) قوتابخانەی کردووە، بەڵام تائێستا دروستنەکراوە.

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی هەڵەبجە لە بینای پەیمانگای مامۆستایانی هەڵەبجەدایەو بیناکە بەشێوەیەک بچووکە، کە تەنیا بەشی ئامادەییەک دەکات نەک کۆلێژێک، ئەمە جگە لەوەی ئەو کۆلێژە کێشەی کەمیی مامۆستای پسپۆڕی هەیە.

لە هەڵەبجەدا هیچ دایەنگەیەکی منداڵان نییەو تەنیا سێ باخچەی ساوایانی هەیە، کە دووانیان لە خانووی ماڵاندان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو باخچانە تەنیا ئەو منداڵانە وەردەگرن کە دایکیان فەرمانبەرە، بەو هۆیەشەوە منداڵانی دیکە لێی بێبەش دەبن، ئەمانەو جگە لەوەی کە ئەو باخچانە توانای وەرگرتنی سێیەکی ئەو ژمارەیەیان لە منداڵ هەیە، کە ئێستا منداڵی تێدایە.

بە بڕوای هەڵسوڕاوێکی گروپی ٨٨ی هەڵەبجە، پێویستە ئەو شارە بکرێتە دادگایەک بۆ لێپرسینەوە لە ئەدای حکومەتو بەرپرسان، کە لەماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا بەپێی پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، ناسیح مەلا حەسەن وتی: «ڕۆژی (٣/١٦)ی هەموو ساڵێک هەڵەبجە دەبێتە شوێنی خۆنمایشکردنی بەرپرسانو بەڵێندان بە خەڵک، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت (٣٦٤) ڕۆژەکەی دیکەی ساڵ بەڵێنی تێدا بدرێت بە خەڵکی هەڵەبجەو پرۆژەیان بۆ ئەنجامبدرێت تا لە (٣/١٦)دا ئەو بەرپرسانە بێن پرۆژەکان بکەنەوەو خەڵکی پێ دڵخۆشبکەن، نەک تەنیا لەو ڕۆژەدا بەڵێنبدەن».

لە بەیاننامە هاوبەشەکەی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو گروپی (٨٨)ی هەڵەبجەدا ڕەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵاتو حکومەتی هەرێم کراوەو پێیانوایە؛ جگە لەوەی ماوەیەکی درێژ هەڵەبجەیان کردووەتە گۆڕەپانی شەڕی حیزبیی بۆ بەدەستهێنانی کورسیو پارەو دەسەڵات، بە هەموو هێزی خۆشیانەوە دژایەتی شارەکەیان کردووە، هاوکات ئازادکردنی فڕۆکەوان تاریق ڕەمەزانیش بە تاوانێک دەزانن کە «لێخۆشبوونی نییە».

لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە؛ باوەڕمانوایە کاتی ئەوە هاتووە هەڵەبجەییەکان قسەی ناو دڵی خۆیان بکەنو ئەوەی تائێستاش لەوبارەیەوە وتراوە تەنیا قسەی باقو بریقی ئەو سەرکردەو سیاسییانەیە، کە هەندێکیان لە ڕابردوودا دەستیان هەبووە لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئێستاش درێژە دەدەن بە تاوان.

## برینداران

سەدان برینداری چەکی کیمیایی تائێستا لە هەڵەبجەدا بەدەم ئازاری برینەکانیانەوە دەتلێنەوە، بەڵام وەک پێویست چارەسەریان بۆ نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە ماوەیەکی زۆرە دەستکراوە بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنیان، کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە وتەی بەشداربوونیاندا لە یادی (٢٢) ساڵەی کیمیابارانی شارەکەیاندا، داوایان لە حکومەتی هەرێمو وەزارەتی تەندروستی کرد، کە هیممەت بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو سەدان بریندارەی کیمیایی کە لە هەڵەبجەدا هەیەو چاوەڕوانیی چارەسەرکردنیان هێندەی کیمیاییەکە ئازاریان دەدات، لە وتەکەشیاندا هاتبوو؛ «با ئەم کابینەی حکومەت نەیانداتە دەست ئەو کابینەی حکومەتەوە»، ئاماژەشیان بەوەکردبوو کە لە بەشە بودجەی خۆیاندا مووچەیان بۆ ببڕدرێتەوەو پەلەبکەن لەتەواوکردنی نەخۆشخانەکەیاندا.

## هەڵەبجە دەکرێتە پارێزگا

لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٨)داو لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هەڵەبجەییەکاندا، کە شارەکەیان بکرێتە پارێزگا، بەڵام تائێستا ئەو بەڵێنە کارێکی ئەوتۆو بەرچاوی بۆ نەکراوە، بەو هۆیەشەوە لە ڕۆژی (٣/١٦)ی ئەمساڵەوە ڕێکخراوی (ڕا) بۆ پرسە نەتەوەییەکان بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی هەڵەبجەییەکانو تەواوی ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەدان ئەو شارە بکرێتە پارێزگا، هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەیان دەستپێکردووەو لە بەیاننامەیەکیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بۆ کەمکردنەوەی بەشێک لە خەمو ئازاری هەڵەبجەییەکان داوا لە هاوڵاتییانی کورردستان دەکەن کە لە هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیان بۆ کردنی هەڵەبجە بە پارێزگا بەشداریی بکەنو بە ئیمزایەک ڕۆحی شەهیدانی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان ئاسوودە بکەن.

## فێستیڤاڵی تەقلیدیی

لەساڵی (١٩٩٥)ەوە خەڵکی هەڵەبجە بەگشتییو گەنجانی ئەو قەزایە بەتایبەتی لەو ڕێورەسمو فێستیڤاڵە تەقلیدییانە بێزارن، کە هەموو ساڵێک بەرپرسانی حیزبیو حکومیی لەو شارەدا بەڕێوەی دەبەن، بەشێوەیەک کە تا ئەو ساڵە خەڵک خۆی بەشداریی لە یادەکەدا دەکرد، بەڵام ئێستا لە ڕێگەی فەرمانگەو دەزگا حیزبییەکانەوە خەڵک بۆ ئەو یادە کۆدەکرێنەوە. هەربۆیە وەستا سالاری چایچی ئەو بەیانییە (٣/١٦) وەک هەموو بەیانیەکانی دیکە چایخانەکەی کردبووەوە، لەوبارەیەشەوە بە ڕۆژنامەی وت: «ئێمە هەموومان کیمیاباران کراین، بەڵام ئێستا کۆمەڵێک دەیخۆن»، سالار گرنگییەکی ئەوتۆی بەو یادە تەقلیدییە نەدەدا.

بەڵگەش بۆ ئەوە ڕۆژی (٢٠٠٦/٣/١٦) خەڵکی هەڵەبجەو بەتایبەتی گەنجانی شارەکە خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ ڕێگرتن لە چوونی بەرپرسانی حیزبیو حکومیی بۆ شارەکەیان ڕێکخستو تێیدا مۆنۆمێنتی یادگاریی هەڵەبجەیان سووتاند، کە بەهۆیەوە پەیامیان دایە بەرپرسان کە چیتر مۆنۆمێنتەکە نەکەنە ڕووکاری هەڵەبجەو خەمو ئازارەکانی هەڵەبجەو وێرانیو بێ خزمەتگوزاریی هەڵەبجە لە میوانانی بیانیی نەشارنەوە، بەڵام لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو پێشمەرگەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراو بەهۆیەوە گەنجێکی (١٧) ساڵان بەناوی کوردە ئەحمەد کوژراو (١١) گەنجی دیکە بریندارکرانو بە دەیانیشیان لێ دەستگیرکرا، هەربۆیە ئێستا کوردەی «شەهید» ناونراوە «شەهیدی ئاوەدانیی»، چونکە بە بڕوای گەنجانی قەزاکە، بەرپرسانی حکومیی لەدوای ئەو ڕووداوەوە کەوتنە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی بۆئەوەی ئەو تاوانەی خۆیانی پێ بشارنەوە.



لە ٣/١٦ی هەموو ساڵێکدا هەڵەبجەییەکان بریندار دەکرێنەوە

# بۆچی دەسەڵات سوکایەتیی بە ئۆپۆزسیۆن دەکات؟

**مەحمود یاسین کوردی**

ئـــەوەی تـــۆزێـــک بە ویـــژدانـــەوە سەیری هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردبێت لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان، ئـــەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە لیستی دەسەڵات (پارتی‌و یەکێتی) چەند هێرشی نارەواو توندو ئاگرینیان کردە سەر هەرسێ لیستەکەی ئۆپۆزسیۆن، بە تایبەتی (گۆڕان‌و یەکگرتوو) تەنانەت لەدوا ساتەکانی بانگەشەشدا لە ئاستی زۆر بەرزی حیزبیی هەڵمەتەکان توندتر کران، بەجۆرێک کار گەیشتە دروستکردنی چەندین تۆمەتی ترسناک لە چەشنی بە تیرۆریست ناساندنی چەند کاندیدێکی یەکگرتوو، هەروەها بە خائیندانەقەڵەمی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان‌و کاندیدەکانیان، ئەمە جگە لە پەنابردن بۆ مەلەفی شەخسیی‌و خێزانیی، کە لوتکەی داڕووخانی بەها ئەخلاقیی‌و سیاسییەکانی دەسەڵاتی نیشاندا.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، تا بایکۆتکردنی دانیشتنەکان‌و سوێندخواردنی حکومەت‌و دەستکێشان بە مێزی پەرلەماندا لەپێناو ڕزگارکردنی پارەو سامانی خەڵک‌و نانی ئەم میللەتە هەژارە (بودجە) لە قوڕگی شـێـرو هـــەردوو (حیزبی دەســـــەڵات)، ئا لەوساتەوە هێرشێکی چڕوپڕی ڕاگەیاندن بۆسەر ئۆپۆزسیۆن بەرپاکراو لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەموو سنوورەکانی شارستانییەتی بەزاندو گەیشتە چڵەپۆپە، کە هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو بابەتانەی ئۆپۆزسیۆن دەیورووژاند لەناو پەرلەمان‌و میدیاکان، بەڵکو ئەو هەڵمەتە بە چەندینجار نابەرامبەر بوو.

لەم هەڵمەتەدا هەر وەکـو (نەوشیروان مستەفا) وتەنی: «درۆو دراویان بەدەستەوە ما بوو»، بۆیە زۆر باش توانییان بەکاریبهێنن بۆ دروستکردنی مەترسیی وەهمیی بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و دروستکردنی مەلەفی ئیرهابیی بۆ ئیسلامییەکان، مەلەفی خیانەت بۆ گۆڕانخوازەکان، تا نانبڕینی مەلاو پێشمەرگەو کارمەندو مامۆستاو خەڵکانی بەهەڵوێست، ئەمە جگە لە ڕشتنی بەلێشاوی پارەی میللەت‌و سامان‌و دارایی گشتیی دەوڵـەت‌و بەخشینی ئیمتیازات بە خێڵ‌و عەشیرەت‌و گرووپ‌و تاقم لەملاو لـەولا، تا بەخشینی دەمانچەو چەک لەپێناو هێشتنەوەی حالەتی پڕ لە هەڵەی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغداو هێشتنەوەی قەبارەی لیستی دەسەڵات لە پەرلەمانی عێراق، ئەمەش بۆ زیاتر شێواندنی وێنەی کورد لە عێراق‌و شاردنەوەی ژمارە ترسناکەکانی مافی خەڵک، لە بەغدا لەپێش هەمووشیانەوە بودجە، بۆیە دەسەڵات درێغی نەکرد لەم بوارەدا، بەڵام خۆشبەختانە ئەنجامە سەرەتاییەکان ئەوەمان پێدەڵێت:

**پێویستە سنوورێک بۆ ئەو بێڕێزیی‌و سووکایەتییەی دەسەڵات دابنرێت، ئەگەر دەسەڵات ڕێزیش لەخودی سەرکردە سیاسییەکان ناگرێت، بەڵام پێویستە ڕێز لە ئیرادەی لایەنگرو جەماوەری کوردستان بگرێت**



ئایا سەرۆکی حیزبەکانی تریش بەوشێوەیە دەپشکێنرێن؟

«کە خەڵک لە کەرنەڤاڵی (٣/٧)دا، توانی ئیرادەی چاکسازیی‌و گۆڕانکاریی بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێت‌و دەنگێکی زۆر بخاتە ناو خەرمانی ئۆپۆزسیۆن‌و پشتیوان‌و هاوکارێکی سەرسەختی هەرسێ باڵەکەی ئۆپۆزسیۆن بێت، گـۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو»، ئەمەش ئومێدێکی دیکەی گـەورەی بەخشییەوە بە ڕەوتـی گۆڕانکاریی‌و کۆتایی پێهێنان بە سیستمی ناعەدالەتیی‌و گەندەلیی لەم هەرێمەدا، کە بە خوێنی کەسوکارمان ئازادکراوەو خشتە خشتەمان بنیادناوە.

ئـــەوەی بـــەلای مـــنـــەوە زۆر جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەویش سوکایەتیی‌و شکاندنی کەسایەتیی ئەو سەرکردەو نووسەرو گۆڤارو ڕۆژنامە ئازادانەی دەرەوەی دەسەڵاتە، جا چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن میدیای هەر دوو حیزبەکە پەلاماردەدران، یاخود کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤارو ناوەندی دیکە لێرەو لەوێ بە هاندان‌و پشتگیریی مادیی دەسەڵات لەماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن ئەو کارەیان پێ سپێردرا بوو.

دەســـەڵات بـەچـاوی دوژمـنـەوە سەیری بزووتنەوەی گۆڕانی دەکـرد، بۆ شکاندن‌و هێنانەخوارەوەی شکۆی سەرکردە باڵاکانی لەبەر چـــاوی جـــەمـــاوەرو ئاراستەکردنی دەنگدەر بۆ لای لیستی دەســـەڵات، پەنایان بۆ هەموو کارێک برد، جا چ تاودانە بابەتی شەخسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ساغکردنەوەیان بەسەر ئـەو هـەڵـسـوڕاو و سەرکردانەی گـــۆڕان بەهەمانشێوە بـۆ دوو باڵەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن (کۆمەڵ‌و یەکگرتوو) دووچاری هەمان هێرش بوونەوە، دەسەڵات هەمیشە دەیویست ئاراستەی ململانێکان لە ئاراستەیەکی مەدەنیی‌و سیاسییەوە ببات بۆ بابەتی شەخسیی‌و تاکەکەسی و هەڵدانەوەی ڕق‌و کینەی ڕابردوو.

هەمیشە دەسەڵات ویستوویەتی چاو لەم هەموو دەنگدەرە زۆرو بەرفراوانە بنوقێنێت، کە بەبێ بەرامبەرو ئیمتیازات دەنگی بە ئۆپۆزسیۆن داوەو پشتگیریی کردووە.

ئەو هێرشە شەخسییانەی دەســـەڵات، تا ڕۆژی دەنگدانیش درێــژەی کێشا، ئەویش کاتێک ئاسایشی پارتی لە بنکەیەکی دەنگدان لە شاری هەولێر دووبارە وەکو هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) ڕێگریی‌و سوکایەتیی بە (سەلاحەدین بەهائەدین) ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد، وەکو کەسی یەکەمی یەکێک لە بەهێزترین باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەویش لەکاتی دەنگدان نەیانهێشت کامێراو تیمی کەناڵەکەیان بچێتە ناو بنکەی دەنگدان بۆ ڕوومالکردنی دەنگدانی ئەو سەرکردەیەی ئۆپۆزسیۆن، ئەو ڕەفتارە ناشیاوو دوور لە ئەخلاقی سیاسییە نموونەیەکی ناشرینی تێڕوانینی دەسەڵاتی بۆ ئۆپۆزسیۆن خستەڕوو، هەروەها ئەو هەڵسوکەوتەی کارمەندانی ئاسایش، کە بەداخەوە هەروەکو لە وێنەکان دەردەکەوت لەژێر فشارو ڕێنمایی بەرپرسە باڵاکانیان ئەنجامیاندەدەن، چونکە (لەوکاتەی ئەمینداری یەکگرتوو بنکەی دەنگدانی بەجێهێشت، یەکێک لە پۆلیسەکان سلاوێکی سەربازیی بۆ کـرد)، بۆیە پێویستە سنوورێک بۆ ئەو بێڕێزیی‌و سووکایەتییەی دەسەڵات دابنرێت، ئەگەر دەسەڵات ڕێزیش لەخودی سەرکردە سیاسییەکان ناگرێت، بەڵام پێویستە ڕێز لە ئیرادەی لایەنگرو جەماوەری کوردستان بگرێت، کە بەبێ تەزویرو ساختەکاریی‌و بەخشینەوەی ئیمتیازات، دەنگی خۆی بە ئۆپۆزسیۆن داوە.

**ونبوون**

پێناسێکی سەندیکای پارێزەران بەناوی (ساماڵ سـەردار محمد) بە ژمـارەی پەروەند (٢٩٨٠) ونبووە هەرکەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: ٠٧٧٠١٥٤٩٩٨٠

# بەئاستەنگکردنی حوکمڕانیی

**بەهرۆز عەلی**



یـەکـێـک لـە خەسڵەتەکانی سیستمی تـاکـڕەو و سولتەویی، قورسکردنی حوکمڕانییە، ئامانجیش لێی ئەوەیە، کاتێک دوای خۆی هەر سیستمێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو بێتە سەر دەسەڵات، ئەوەندە حوکمڕانیی بۆ ئاستەنگ بکات، تا بەڕێوەبردنی لا قورس بێت‌و نەتوانێت بە ئاسانیی بەرنامە چاکسازییەکانی خۆی پەیڕەو بکات، یاخود پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەبێت بۆ گۆڕینی سیستمەکە، دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، کاتێک ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لە ئەوروپای خۆرئاواو کۆریاو یابان ڕووخان، ئەگەر بەرنامەی پەرەپێدانی جەنەراڵ جۆرج مارشاڵ لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بە هاوکاری مادیی ئەو وڵاتە نەبووایە، ئەستەم بوو ڕژێمە دیموکراسییەکانی ناوەوەی ئەو وڵاتانە کە هاتبوونە سەرحوکم، بتوانن حوکمڕانیی بکەن، هەروەها لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتیشدا، دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت‌و پاشەکشەکردنی ڕژێمە کۆمۆنیستییەکان‌و هاتنی هێزە لیبراڵەکان بۆ سەر حوکم، کاتێکی زۆری ویست بۆ ڕێککردنەوەی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی وڵاتەکەیان‌و هێنانە ئارای سیستمێکی نوێتر. ماوەی پێشووش هەموومان بەچاوی خۆمان بینیمان کاتێک ڕژێمی دکتاتۆری بەعس لە عێراق ڕووخا، حوکمڕانیکردنی بەو ئەندازەیە قورس‌و ئاستەنگکرد، تا ئەم ساتەش بەم هەموو پشتگیرییە نێودەوڵەتی‌و مرۆییەوە، ئەم وڵاتە زۆری ماوە بچێتە سەر ڕێڕەوی موئەسەساتی. هاوزەمان کاتێک بزووتنەوەی حەماس دەسەڵاتی لە ڕێکخراوی فەتحی فەلەستینی وەرگرت‌و حکومەتی پێکهینا، کێشەی حوکمڕانی بۆ دروستبوو تا ئەو ڕادەیەی نەتوانن لەژێر کۆنترۆڵی بزووتنەوەی فەتح حوکم بکەن‌و حکومەتەکەیان گواستەوە بۆ کەرتی غەزە، ئێستاش کە خواستێکی لەبار هەیە بۆ گۆڕانکاریی لە سیستەم‌و دەسەڵاتی هەندێک وڵاتی دیکەی خۆرهەڵاتی بە تایبەتی عەرەبی، ئۆپۆزسیۆنەکانیان زۆر سڵ لەوە دەکەنەوە، حوکمڕانیی وەربگرن، چونکە ئەوەندە حوکمیان ئاستەنگکردووە، دەرەقەتی ئەوە نایەن بیری لێبکەنەوە. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان (١٩)ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیی هەیەو جیاوازە لە چاو بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام ئەم حوکمڕانییە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسییانەی دەستاودەستکردنی ئاشتی نەبووەو بە تەوافوق‌و بە شەڕو بە ئاشتبوونەوەی سیاسیی، نەک ئاشتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بنیادنراوە، حوکمڕانیی دەسەڵاتدار لەپێناو مانەوەیان لە کورسی دەسەڵات، لە زۆر لایەنی هەستیارەوە حوکمڕانییان ئەوەندە قورس‌و ئاستەنگکردووە، نەک هەر ڕێگە بۆ سیستمیکی دیکە خۆش نەبووە بۆ حوکمڕانیی، بەڵکو چاودێریکردنیشیان ئاستەنگکردووە، دیارترین ئاستەنگکردنەکانی حوکمڕانیی لە هەرێمی کوردستان کە هەستیان پێدەکرێت بریتین؛ لە دامەزراندنی بێسەرەوبەرەی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرو مووچەخۆری نا پێویست‌و تێکشکاندنی ئیرادەی ئینسان‌و تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بژێویی ژیانیانەوە، خاڵێکی دیکەی ئاستەنگکردنی حوکمڕانیی، کۆنترۆڵکردنی ئاسایش‌و هێزە چەکدارەکانە لەژێر فەرمانی خۆیان، هەروەها زۆربوونی زێدەڕۆیی‌و عەشوائیاتی نیشتەجێبوون‌و چاوپۆشی لێکردنیان لەبەرئەوەی دەنگی داوە بە دەسەڵات، دابینکردنی بژێویی دەیان هەزار هاوڵاتی لە ڕێگەی لەقالبدانیان لەناو ئۆرگانەکانی حیزبەکانیاندا، بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکیان هەبێت‌و وزەکانیان بەهەدەربرێن، لە کاتێکدا لەم قۆناغەدا ئەوپەڕی پێویستیمان بە وزەی هەموو مرۆڤێک هەیە بۆ بنیادنانەوەی هەرێم، نەڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ پیاوانی کارو سەرمایەداری نیشتمانی‌و خستنە ژێر ڕکیفی بازاڕو بازرگانیی بۆ خۆیان، هەموو ئەمانەی ئاماژەم پێکردن هۆکارێکن‌و وای نیشاندەدەن، مانەوەی ئاسایش‌و بژێویی ژیان‌و وەبەرهێنان‌و پەرپێدان بەندە بە مانەوەی خۆیان، لەو پێناوەشدا ئەوەندە پایەکانی حوکمڕانییان قورسکردووە، چاویان بەرایی نایەت دوای خۆیان سیستمێکی دیکە حوکمڕانیی بەڕێوەبەرێت، لێرە بە دواوە بەو هۆیەی ئۆپۆزسیۆنێک بە ویستی خەڵک هاتووەتە ئاراوە، باشتروایە کاری یەکەمی ئەوە بێت چاودێریی چڕتر بخاتەسەر ئەم دیاردانەی کە حوکمڕانییان قورس‌و ئاستەنگکردووە، تا هەوڵبدرێت سنوورێکی بۆ دابنرێت‌و بووەستێنرێت، ئەو کاتە بیر لە وەرگرتنی دەسەڵات بکاتەوە، بە مانایەکی دیکە، ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی چاودێریکردنەوە هەوڵبدات ئاسایش‌و ئاسایشی بازاڕو پایەکانی دیکەی دەوڵەت بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی سرووشتیی خۆی‌و هەوڵبدات ئیرادەی تاک بۆ تاک بگەڕێنێتەوەو ئەوکات بیر لە حوکمڕانیی بکاتەوە.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو

## پڕۆژەیەک بۆ یەکخستنی گوتاری کورد لە بەغدا

ئاکۆ حەمەکەریم *

بەشداریکردنی ئەمجارەی کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، جیاوازبوو لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، کورد نەیتوانی پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات‌و بەهەمان هێزو قورسایی پێشوو بەشداربێت، چونکە لەلایەکەوە یەکڕیزیی کورد هاوشێوەی هێزە سیاسیی‌و تایفییەکانی دیکەی عێراق دووچاری پەرت پەرتبوون‌و دابەشبوون بوو، لەجیاتی ئەوەی بە یەک لیست‌و هاوپەیمانیی بەشداربێت، دابەشبوو بەسەر چەندین لایەن‌و هێزی جیاوازدا، کە ڕەنگدانەوەیەکی سرووشتیی بارودۆخی کوردستان‌و بەشێکە لەو گۆڕانانەی کە لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە، هێزو ژمارەی دەنگ‌و کورسییەکانی کورد کەمتربوو لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، هەروەک چۆن بەشداریی‌و ڕۆڵی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق (سوننە‌و شیعە) زیاترو کاراتر بوو لەم هەڵبژاردنەدا لەچاو کورد دا.

هەموو ئەمانەش کاریگەریی لە ڕۆڵ‌و پێگەی کورد دەکات لە بەغدا، کورد لە هێزێکی سەرەکیی‌و گەورەوە دەکاتە هێزێکی مامناوەند، یاخود بچووک، کورد پێشتر هێزی ژمارە (دوو) بوو، لە هاوکێشەی عێراقداو ئێستاش بووەتە هێزی ژمارە (چوار)، هەرچەندە ئەمە نابێتە هۆی پەراوێزخستنی کورد وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، بەڵام کاریگەریی لە ڕۆڵ‌و قورسایی کورد دەکات، بەتایبەتیش لە دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان‌و بەشداریی‌و هاوبەشیکردنی کورد لە حکومەتی عێراقیی، هەروەها کاریگەریی لە هەوڵەکانی کورد دەکات بۆ پاراستن‌و چەسپاندنی داواو خواستە نەتەوەییەکان.

وەک ئەرکێکی نەتەوەیی‌و هاوشێوەی هەموو خەمخۆرو دڵسۆزەکانی ئەم گەلە، بەپێویست‌و زەروورەی دەزانم لەم ساتەوەختە هەستیارو گرنگەدا پڕۆژەیەک وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی‌و سادە بۆ یەکخستنی گوتاری کورد لە بەغدا گەڵاڵە بکەم‌و بۆ بەرچاوڕوونیی بیخەمە بەردەم ڕای گشتیی‌و بەرپرس‌و نوێنەرانمان لە بەغداو هەموو حیزب‌و لایەن‌و هاوپەیمانێتییەکان.

مەبەست لە پڕۆژەی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو (الجبهة الكردستانية المتحدة) ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردو پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی کوردی یەکگرتووە لە بەغدا، بەشێوەیەک بتوانێت هەموو لایەنە کوردییەکان بەهەموو جیاوازیی‌و ناکۆکیی‌و ململانێ سیاسیی‌و ئایدیۆلۆژییەکانەوە یەکبخات‌و یەکڕیزیی‌و یەکهەڵوێستییەک دروست بکات لەمەڕ پرسە نەتەوەییە هەستیارو گرنگەکانمان‌و ببێتە قەڵغان بۆ پاراستن‌و چەسپاندنی داواو ماف‌و دەستکەوتەکانمان، ئەم پڕۆژەیە ڕەنگدانەوەی خواست‌و ویستی هاوڵاتییانە، هەڵقووڵاوی خەم‌و خۆزگەو ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکەو گوزارشت لە بەرژەوەندیی یەک هێزو لایەن ناکات، بەڵکو گوزارشت لە بەرژەوەندیی هەموو کوردێک دەکات بەهەموو ڕەنگ‌و دەنگ‌و ئاڵاو دروشمەکانەوە، ئەم پڕۆژەیە چەندین هێڵ‌و بنەمای گشتیی لەخۆدەگرێت:-

### یەکەم: پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو

بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بەشێوەیەکی ڕەزامەندییانە لەهەموو ئەو لایەنە کوردستانییانە پێکدێن، کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووەو توانیویانە کورسی بەدەستبهێنن، وەک: هاوپەیمانیی کوردستان (یەکێتی‌و پارتی‌و ئەو حیزبانەی کە کورسییان بەدەستهێناوە) بزووتنەوەی گۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی، بەبێ گوێدانە ژمارەی کورسی‌و قەبارەی سیاسیی‌و ئینتمای ئایدیۆلۆژیی‌و ئایینی، ئەم بەرە کوردستانییە یەکگرتووە لە دوو دەستەی سەرەکی پێکدێت:

#### أ- دەستەی بەڕێوبردنی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو

پێکهاتن‌و کارو ئەرکەکانی ئەم دەستەیە وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) وایە لە دەوڵەتداو ئەندامانی دەستەکە ژمارەیان کەمەو لە سەرۆکی کوتلەو فراکسیۆن‌و لایەنە کوردییەکانی ناو پەرلەمان پێکدێن، ئەرکی دەستەی بەڕێوەبردن بریتییە لە؛ یەکخستن‌و ڕێکخستنی سیاسەتی لایەنە کوردییەکان لە بەغداو دروستکردن‌و گەڵاڵەکردنی هەڵوێستێکی یەکگرتووە لەبارەی مەسەلە گرنگ‌و چارنووسسازەکانەوە، وەک پرسی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکان‌و بودجەو پێشمەرگەو نەوت‌و گازو سنووری هەرێم.

دەستەی بەڕێوەبردن بە هاوبەشیی‌و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەفدی نوێنەری هەرێمی کوردستان، (کەوا باشترە ئەم وەفدە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێکبێت، وەک مەرجەعی شەرعیی خەڵکی کوردستان) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی دانوستان‌و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت‌و لایەن عێراقییەکان لەسەر ئەو مەسەلانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، هەموو بڕیارو ئەنجامەکان پێویستە بە کۆدەنگیی‌و بە تەوافوق‌و بەشداریی‌و هاوبەشی هەموو لایەنەکان بدرێت، هەروەها زۆر زەروورە بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان، بگەڕێتەوە بۆ ڕای گشتیی کوردستان، یاخود دەشێت پرس‌و ڕاو گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی هەموو لایەن‌و حیزبەکاندا بکرێت.

#### ب- دەستەی گشتیی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو

ئەم دەستەیە پێکدێت لە هەموو ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،کەلەڕێگەی فراکسیۆن‌و حیزبەکانیانەوە بەشدارییان کردووە لە بەرەکەدا، ئەرکی ئەم دەستەیە بریتییە لە؛ یەکخستن‌و ڕێکخستنی ئەرک‌و سیاسەتی پەرلەمانتارە کوردەکان لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەتایبەتیش لە لیژنە تایبەتەکانی پەرلەماندا، بەشێوەیەک بتوانرێت هەمئاهەنگییەکی هاوسەنگ لە ئەرکی پەرلەمانتارەکاندا دروستبکرێت‌و ئەندامێتی لیژنەکان لەسەر پسپۆڕیی‌و قەوارەی پەرلەمانیی دابەشبکرێت.

پێویستە دەستەی گشتیی لەگەڵ دەستپێکردنی هەر خولێکی پەرلەماندا چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەکان‌و دیاریکردنی ئەولەوییەت‌و میکانیزمەکانی کارکردن، هەروەها پێویستە پێش دەرچوونی هەر پڕۆژەبڕیارێک لە پەرلەمان، دەستەی گشتیی سیاسەتی بەرە ڕێکبخات‌و چوارچێوەو هێڵە گشتییەکان دیاریی بکات.

> **فەلسەفەی سەرکەوتوویی‌و یەکڕیزیی بریتییە لە؛ یەکترقبووڵکردنی بەرامبەر بە هەموو جیاوازییەکانەوە، پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بە مانای لادان‌و سڕینەوەو نەهێشتنی فرەدەنگیی‌و جیاوازیی لایەن‌و حیزبە کوردییەکان نایەت‌و نایەوێت هەموو لایەنەکان لە بۆتەقەی خۆیدا بتوێنێتەوەو کیانێکی نوێ‌و جیاواز دروست بکات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەستنی پەیماننامەی شەرەف‌و دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی کورد لەسەر هێڵە سوورەکان**

### دووەم: گرنگیی‌و پاساوەکانی ئەم پڕۆژەیە

بێگومان لە هەموو دەوڵەتە پەرلەمانییەکاندا ژمارەی کورسی هێزو قورساییە، هەتا ژمارەی کورسی حیزب‌و لایەنەکان زیاتر بێت، ئەوا پێگەو قورساییان بەهێزتر دەبێت‌و زیاتر دەتوانن داواو بەرژەوەندییەکانیان بهێننەدی، دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانیی یەکگرتوو یەکخستنی گوتارو هەڵوێستەکان، بەمانای بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە بەغداو زیاتر چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردە، بەپێچەوانەشەوە مانەوە بەپەرشوبڵاویی‌و یەکنەگرتوویی هێزو قورسایی کورد لاواز دەکات.

هەروەها ئەمڕۆ کوردستان‌و عێراق بە قۆناغێکی گواستنەوەی گرنگ‌و هەستیاردا تێپەڕدەبن، چاوەڕێدەکرێت بنەماکانی دەوڵەتی عێراقی نوێ لە چوارساڵی ئایندەدا بەتەواویی بچەسپێت‌و سیستم‌و مۆدێلی فەرمانڕەوایی سیاسیی عێراق فۆڕمی کۆتایی خۆی وەربگرێت، ئامادەگیی‌و بەشداریی کاراو ئەکتیڤی کورد لەم قۆناغەدا زۆر گرنگ‌و زەروورە، چونکە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا، هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشێ دەکەن‌و عێراق سەربەخۆیی‌و سیادەی خۆی وەردەگرێتەوە، عێراقییەکان خۆیان بەڕێوەدەبەن، نەبوونی هێزێکی دەرەکیی وەک ئەمریکا لە عێراق، هەژموون‌و کۆنترۆڵی لایەنە ناوخۆییەکانی وەک شیعەو سوننە بەهێز دەکات‌و دەستی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان دەکاتەوەو دوور نییە لەگەڵ بەهێزبوونی حکومەتی مەرکەزی جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە لە بەدیهێنانی داواو مافەکانی کورد هەبێت (مێژوو دووبارە ببێتەوە)، بۆیە یەکڕیزیی‌و یەکهەڵوێستیی کورد گرنگ‌و پێویستە، تابتوانرێت بەهەموو لایەک بەرگریی لە مافەکانی کورد بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە یەکڕیزیمان لە بەغدا، دەبێتە هۆی هێورکردنەوەو کاڵکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی هەرێم‌و جۆرێک لە ئاشتبوونەوەی نەتەوەیی لەنێوان حیزب‌و لایەنە جیاوازەکاندا دروستدەکات، کە پێویستە لێبووردنی سیاسیی بێتەدی‌و ململانێی ئاشتییانە جێگەی جەنگی ڕاگەیاندن‌و توندوتیژیی بگرێتەوەو هەموو لایەنەکان یەکتری قبوولبکەن‌و لەوە تێبگەن، کە هیچ هێزو لایەک ناتوانێت بەدژایەتی‌و توندوتیژیی‌و جەنگی ڕاگەیاندن کۆتایی بەلاکەی دیکە بهێنێت، یاخود پاشگەزیان بکاتەوە، دەکرێت یەکڕیزیمان لە بەغدا ببێتە خاڵی دەستپێکردنی لێبووردن‌و ئاشتبوونەوەو یەکتر قبوولکردن بەهەموو جیاوازییەکانەوە.

### سێیەم: ئامانجەکانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو

ئامانجەکانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو، ئامانجی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی کوردەو ڕەنگدانەوەی خواست ویستی خەڵکی کوردستانە، لە گرنگترین ئەو ئامانجانە، کە پێویستە بەرەکە هەوڵی بەدیهێنانی بدات:

١- یەکخستنی هەڵویست‌و سیاسەت‌و گوتاری هێزە کوردییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد.

٢- پاراستن‌و داکۆکیکردنی لە مافە یاسایی‌و دەستوورییە ڕەواکانی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان‌و کارکردنی جدیی بۆ گەڕانەوەی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانی‌و دیاریکردنی سنووری هەرێم‌و بودجەو دەسەڵاتەکانی هەرێم‌و یەکلاییکردنەوەی کێشەی نەوت‌و غازو هێزی پێشمەرگە... هتدو چەسپاندنیان بەشێوەیەکی یاسایی.

٣- بەشداریی‌و نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتییانی کورد لە هەرسێ دامەزراوە ڕەسمییەکەی دەوڵەتی عێراقدا: دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەک حکومەت‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیرو سوپا... هتد، دەسەڵاتی یاسادانان، ئەنجومەنی نوێنەران، دەسەڵاتی دادوەریی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی‌و دادگای باڵای فیدراڵی، یان لە دەزگا سەربەخۆکاندا.

٤- دروستکردنی پردی پەیوەندیی لەنێوان کوردو پێکهاتە نەتەوەیی‌و مەزهەبیی‌و ئایینیی‌و سیاسییەکانی دیکەی عێراق، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش‌و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو هاوسەنگی هێز، هەروەها دروستکردنی هاوپەیمانێتی‌و ڕێککەوتنەکان لەگەڵ ئەو هێزانەی باوەڕیان بە مافەکانی گەلی کورد هەیەو کار بۆ بەدیهێنانی دەکەن.

٥- پاراستنی سیستمی فەرمانڕەوایی (دیموکراسی‌و فیدراڵی) عێراق‌و چەسپاندنی ئاشتیی‌و ئاسایش‌و سەقامگیریی عێراق‌و خاکی کوردستان‌و کارکردن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت‌و عێراق بەشێوەیەکی گشتیی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ‌و هێزە نێودەوڵەتییەکان.

### چوارەم: میکانیزم‌و شێوازەکانی کارکردنی بەرە

بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی سەرەوەو وەرگێڕانیان بۆ ئەرزی واقیع، بەپێی چەند میکانیزم‌و شێوازی دیاریکراو کاردەکات، لەوانە:

١- بەشداریی‌و هاوبەشیکردنی جدیی لە ژیانی سیاسیی عێراقدا لە هەموو دەزگا ڕەسمیی‌و نارەسمیی‌و سەربەخۆکاندا هەر لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە، تا ئەنجومەنی وەزیران، بەشێوەیەک کورد بتوانێت ڕۆڵێکی کاراو فیعلی بگێڕێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، نەک تەنیا ڕۆڵێکی ڕووکەشی، واباشترە بۆ کورد ئەم بەشداریی‌و هاوبەشیکردنە سەرەتا لەسەر بنەمای تەوافوقی نیشتمانیی بێت، پاشان لەسەر بنەمای ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن.

سەبارەت بەو پۆست‌و پلەو پایەو بەهاو دەستکەوتانەی، کە دەدرێت بە بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو، پێویستە دابەشبکرێت بەسەر لایەن‌و حیزبەکانی ناو بەرەکەداو هیچ لایەک بێبەش نەکرێت، یاخود پەراوێز نەخرێت، ئەویش لەسەر بنەمای:-

* لەسەر بنەمای ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن‌و بنکەی جەماوەریی‌و قورسیی‌و قەبارەی لایەنە کوردییەکان.

* ئاساتی لێهاتوویی‌و شیاویی‌و پسپۆڕیی‌و شارەزایی کەس‌و لایەن.

٢- دەستپێشخەری لە پێشکەشکردن‌و پێشنیازکردنی پڕۆژەو ڕەشنووسە یاساییەکاندا، بەتایبەتیش لەو مادە دەستوورییانەی، کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیەو تائێستا دانەنراون، یان یەکلایی نەکراونەتەوە، ئەوەش لەڕێگەی پرس‌و ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم، هەروەها کارکردن بۆ ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی دادگای دەستووریی‌و پەنابۆبردنی لەکاتی ناکۆکییەکان‌و هەڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڕێگەی یاسایی‌و دەستوورییانە.

٣- ئەنجامدانی دانووستان‌و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی‌و لایەن‌و حیزبەکان لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندیپان بەکوردو هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەوڵدان بۆ دروستکردنی تیم‌و وەفدی دانووستانکاریی بەتواناو لێهاتوو، کە پسپۆڕیی‌و شارەزایی تەواویان هەبێت، لە هونەرو بنەماکانی دانووستان‌و بزانن چۆن‌و کەی کارت‌و ستراتیژیی‌و تاکتیییەکان بەکاردەهێن‌و چۆن فشار دروستدەکەن‌و کەی دەکشێنەوەو چۆن دەگەنە ڕێککەوتن‌و ڕێکردنەوە، پێویستە دانووستانەکان لەسەر بنچینەی هاوسەنگیی هێزبێت‌و بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت‌و ڕای گشتیی کوردستان، هیچ بڕیارو سازشێک نەکرێت.

٤- هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان‌و دەرککردن بەڕۆڵ‌و قورساییان‌و بەکارهێنانیان بۆپشتگیریی لەدۆزەڕەواکانمان، هەروەها بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی لەگەڵ لایەن‌و پێکهاتە عێراقییەکان. هەروەک چۆن پێویستە حیسابی ورد بۆ هاوکێشە ئیقلیمیی‌و نێودەوڵەتییەکان بکرێت‌و سیاسەتی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بەشێوەیەک دابنرێت‌و ئاراستە بکرێت، کە لەگەڵ ئەو هاوکێشانەدا بگونجێت.

٥- پێویستە کورد کار لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی تەوافوقی بکات، بەشێوەیەک لەڕێگەیەوە هاوسەنگیی هێزی هاوکێشە عێراقییەکانی پێ بپارێزێت‌و بیکاتە واقیعێکی دەستووریی، هەرچەندە دیموکراسی تەوافوقی کەموکورتی‌و سلبیاتی هەیە، بەڵام لەئێستا دیموکراسی تەوافوقی بە باشترین مۆدێل‌و چارەسەر دادەنرێت بۆ کێشە ناوخۆییەکانی عێراق، زامنی پاراستنی کەمینەیە، چونکە ڕەنگە ئەگەر دیموکراسی زۆرینە پەیڕەوبکرێت، ئەوکات مافی کەمینە (وەک کورد) دەخورێت، یاخود پەراوێزدەخرێن، بەوپێیەی هەندێک لەلایەنەکان (وەک زۆربەی سوننەکان) مانای ڕاستەقینەی دیموکراسییان پێ هەزم ناکرێت‌و تائێستاش بە کەلتووری شۆڤێنی‌و بەعس بیردەکەنەوەو بەرامبەر قبووڵ ناکەن‌و پێیانوایە؛ دەبێت هەر ئەوان لەدەسەڵاتدا بن.

### پێنجەم: بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو و هەرێمی کوردستان

پێویستە هەموو کارو چالاکیی‌و سیاسەتەکانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدرێت، هەر لە پەرلەمانی کوردستانەوە، تا حکومەت‌و سەرۆکی هەرێم‌و پسپۆڕو کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆو شارەزاکان، ئەم هاوئاهەنگییە دەکرێت گەلێک فۆڕم‌و شێوازی جیاواز لەخۆ بگرێت، وەک: پرس‌و ڕاوێژکردن بە دامەزراوە فەرمیی‌و نافەرمییەکان، یان بەشدارپێکردنی ڕاستەوخۆی وەفدەکانی هەرێم لە دانووستان، یاخود ئاگادارکردنەوەی لە ڕەوشی دانووستانەکان‌و ئەنجامەکان.

هەروەک چۆن پێویستە بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو کارو چالاکیی‌و سیاسەتەکانی لەڕێگەی میدیاو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنە جەماوەرییەکان بۆ ڕای گشتیی هاوڵاتییانی هەرێم ڕوونبکاتەوە، وەکو مەرجەعێکی شەرعیی، کە بەرە هێزو قورسایی خۆی لە کۆمەڵانی خەڵکەوە وەرگرتووە.

### شەشەم: بەرەی کوردستانیی‌و پەیماننامەی شەرەف

فەلسەفەی سەرکەوتوویی‌و یەکڕیزیی بریتییە لە؛ یەکترقبوولکردنی بەرامبەر بە هەموو جیاوازییەکانەوە، پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو بە مانای لادان‌و سڕینەوەو نەهێشتنی فرە دەنگیی‌و ڕەنگیی‌و جیاوازیی لایەن‌و حیزبە کوردییەکان نایەت‌و نایەوێت هەموو لایەنەکان لە بۆتەقەی خۆیدا بتوێنێتەوەو کیانێکی نوێ‌و جیاواز دروست بکات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەستنی پەیماننامەی شەرەف‌و دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی کورد لەسەر هێڵە سوورەکان، کە هەموو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز پەرۆشی پاراستن‌و ڕێزلێگرتن‌و بەدیهێنانیەتی.

ئەزموونی گەلانی جیهان ئەوەمان پێدەڵێن؛ کە جیاوازیی‌و کێبڕکێ‌و ململانێی ناوخۆی نێوان پارت‌و هێزەکان نەبووەتە مایەی دابەشبوون‌و شکست‌و دۆڕان، مێژوو پێماندەڵێت: کە گەلانی دیکە لەگەڵ هەموو جیاوازییەکان، یەکگرتووبوون لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان‌و بەوپەڕی باوەڕو یەکڕیزییەوە بەرگرییان لە مافەکانیان کردووە، باشترین نموونە ئیسرائیلە، کە لەگەڵ هەموو ناکۆکییە توندە ناوخۆییەکانیان یەکگرتووبوون دژی هەڕەشەو مەترسییە دەرەکییەکان‌و سەرکەوتووبوون لە پاراستنی بەرژەوەندییەکان، سەدان نموونەی دیکەی لەمجۆرە هەیە.

کەواتە، دروستکردنی بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو وەک پەیماننامەی شەرەف، یاخود وەک ڕێککەوتنێکی پیرۆز وایە، کە هەموو هێزە کوردییەکان کۆدەکاتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان‌و ناهێڵێت جیاوازییە حیزبیی‌و سیاسییەکانمان ببێتە هۆی لەدەستدان، یاخود سازشکردن لەسەر پرسە نەتەوەییە گرنگەکانمان، هەمووومان بەبێ جیاوازی بەرپرسین لەبەردەم گەل‌و مێژوو و خوادا.

* خوێندکاری دکتۆراو مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ ....دا بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی سێیەم ژمـــارە (٢) چوارشەممە ٢٠١٠/٣/٢٤




**محمد ئیبراهیم حاجی: دواخستنی هەڵبژاردنەکان وەک لەناو حیزبەکاندا...**

ل ٢



**ڕاپۆرتی سەرەتایی تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردن**

ل ٣



**پێگەی سەرۆکی هەرێم لەپرۆژە دەستوری...**

ل ٤

# کاتی ئەوە هاتووە، لەسەر بنەمای یەکترناسینو پەیوەندی حیزبی، هاوکاری ماددی هیچ ڕێکخراوێک نەکرێت

ئا: ڕای گشتی

**لەساڵی ٢٠٠٦ەوە تا ئێستا چەند پـــرۆژە یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوەو تا ئێستا هیچ کام لەو پرۆژانە کاریان لەسەر نەکراوە بۆ ئەوەی یاسایەکی هاوچەرخو شایستە بەو ڕێکخراوانە دەربچێت.**

چـــالاکـــوانـــانی کـــۆمـــەڵی مەدەنی بەشێکی خەڵەکە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەگەڕێننەوە کە نەیانتوانیوە ببن بەهێزێکی فشار بەسەر حکومەتو پەرلەمانەوە بۆئەوەی یاسایەکی تایبەت بەڕێکخراوەکان دەربچێت.

عەلی کەریم بـەڕێـوەبـەری ئینستیتیوی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (KIHR) ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ زۆری پرۆژەیاساکانی تایبەت بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە کە وایکـردووە تا ئێستا یـاسـایـەک بەپێی سـتـانـدارده نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێکخراوەکان دەرنەچێت، بەبڕوای عەلی کەریم هۆکارەکان بڕیتین لەوەی کە «تائێستا ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە ببنە هێزی فشار بەسەر حکومەتو پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی کاری جدی بکرێت بۆ دەرچواندنی یاساکە»و هۆکاری دووەمی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەرکردنی یاسایەکی شایستە بە ڕێکخراوەکان نەبۆتە ستراتیژیەتی کاری ڕێکخراوەکان».

سـەبـارەت بــەوەی چەند پـــرۆژەیـــەک لـــەلایـــەن چەند ڕێکخراوێکەوە ئامادەکراوەو ڕادەستی پەرلەمانو حکومەت کـــراون، بـەهـەمـــان شـێـوە حکومەتیش پرۆژەیاسایەکی ئـــامـــادەکـــردووە تـایـبـەت بە ڕێـکـخـراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری ئینستیتیوی کــوردســتــان بۆ مافەکانی مرۆڤ وتی «ئەوەندەی من ئاگاداربم لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە (٥) پرۆژە یاسا لەلایەن ڕێکخراوی جیاجیاوە ئامادەکراوەو ڕادەستی پەرلەمانکراوە». بەبڕوای عەلی کەریم پێشکەشکردنی چەند پرۆژەیاسایەک بە دەســەڵات پاساوێکی بەهێز دەدات بە دەسەڵات بۆئەوەی بتوانن ئەوەی دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر ڕێکخراوەکانداو وتی «پێویستە ئەو ڕێکخراوانە واز لەو ئینجازە بهێنن کە ئەوان پرۆژەیاسایان ئامادەکردووەو پێویستە هەوڵبدەن کە دوو مەبدەئی سەرەکی لە یاساکەدا بچەسپێنن کە ئەوانیش مەبدەئی تۆمارکردنو مەبدەئی حەسانەی مــادیو مەعنەوی ڕێکخراوەکانە، واتا ڕێگەپێدانی ڕێکخراو لە ڕێگەی تۆمارکردنەوە بـێـت نــەک مـۆڵـەتـوەرگـرتـن لــەوەزارەتـی ناوخۆو دەزگـای ئاسایشو میزانییەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت ئەویش لەڕێگەی پێشبرکێی پرۆژەو لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بدرێت بە ڕێکخراوەکان.

لـەلایـەکـی تــرەوە هوشیار مالۆ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چـاودێـریّ مافی مرۆڤی کورد هۆکاری دەرنەچوونی یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی گەڕاندەوە بۆ هاوکارنەبوونی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بـۆ یـاسـای ڕێـکـخـراوەکـانو وتیشی هەندێکجار لەلایەن چەند ڕێکخراوێکەوە ڕێگری بۆ دەرکـردنـی یاسایەکی نـوێ بۆ ڕێکخراوەکان دروستکراوە بەوەی کە تێبینییان هەیە لەسەریو ئەوەی ئەوان ویستویانە لە پرۆژە یاساکەدا نییە.

بــەڕێـــوەبـــەری ڕێکخراوی چـاودێـریّ مافی مرۆڤی کورد ئاماژەی بــەوەدا کە مافی هەر ڕێکخراوێکە پرۆژە یاسا ئامادە بکاتو پێشکەشی پەرلەمانی بکات بــەڵام چەند بنەمایەکی بە گرنگ زانـــیو وتـــی ئەگەر ئـەو بنەمایانەی تـێدا نەبێت نەبوونی یاساکە باشترە لەوەی کەیاسایەک دەربچێت لە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵی مەدەنیدا نەبێت لەکوردستاندا.

ئەو پرەنسیپانەی کە گرنگە لە یاساکەدا هەبێت بە بڕوای هۆشیار مالۆ بریتین لە «دامەزراندنی ڕێکخراو بە تۆمارکردن بێت نەک مۆڵەت وەرگرتن، تەمویلی ڕێکخراوەکان چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێتو لەسەر بنەمای یەکتر ناسینو پەیوەندی شەخسی هاوکاری ماددی هیچ ڕێکخراوێک نەکرێت، دادگا لایەنی یەکلاکەرەوە بێت لەکاتی ڕوودانی کێشەو گرفت لەنێوان ڕێکخراوو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، دەبێت ڕێـکـخـراو حەسانەی مـــادیو مەعنەویشی هەبێت».

هەروەها هۆشیار مالۆ وتی «هەوڵێکی جدی لە ئـارادا هەیە بۆئەوەی یاسای ڕێکخراوەکان دەربچێتو ئاماژەی بەوەدا کە لە هەوڵی ئەنجامدانی کەمپەینێکنو لەسەرەتادا دەیانەوێت هەموو ئەو پـرۆژە یاسایانەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراونو ڕادەستی پـەرلـەمـانو حکومەت کـراون لە ڕێگەی چەند دانیشتنێکەوە هەمویان بکرێن بە یەک پرۆژە یاسا بۆئەوەی کارکردن لەسەر پرۆژە یاساکان ئاسان بێتو لە ئەنجامدا یاسایەک دەربچێت ئەو پرەنسیپانەی تێدا بێت کە خزمەت بە پێشخستنی کۆمەڵی مەدەنی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا».



کۆنفرانسی فیدراسیۆن، سەبارەت بە پرۆژەیاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی – هەولێر ٢٠٠٩/٤/٢٨



## زەلاەبین

## کۆمسیۆنو ئایندەی دیموکراسی

**ئارام جەمال***

لەواقیعی سیاسی ئێستای ئێمەدا چەند ساڵێکە لەگەڵ ناوهێنانی هەڵبژاردندا ڕاستەوخۆ ناوی دامەزراوەیەکی تازە دێت ئەویش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە لەعێراقدا، یەکەم سەیرکردنو چاوەڕوانی ئیجابی ئێمە بۆ ئەم کۆمسیۆنە لەساڵی ٢٠٠٥دا ئەوەبوو کەئەم دامەزراوەیە باشترە لەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆکانەوە ئەنجامبدرێت، وەکئەوەی لەهەندێک لەوڵاتانی دەوروبەرمانو نادیموکراسی ناوچەکەدا هەیە. بەڵام ئێستا کەئەم کۆمسیۆنە چەندین هەڵبژاردنی نیشتمانیو هەرێمیو لۆکاڵی ئەزموونکردووە، هەقی خۆیەتی هەڵسەنگاندنێک بۆ کۆی ستراکتۆرو ئەداو هەڵوێستەکانی ئەم دامەزراوەیە بکەین کەبەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەعێراقدا تاکە دەسەڵاتە لەبواری هەڵبژاردندا.

لەکەس شاراوە نییە کەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵکەوتەیەکی تەوافوقییەو ئەنجومەنی کۆمسیارانەکەی، کە لە ٩ ئەندام پێکهاتووە، ئەو دەستە باڵاو بڕیاردەرەیەتی کەڕەنگدانەوەی زەقی کێشو قورسایی هێزە ناوچەییە جیاجیاکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێوە دیارە (٤ ئەندامی شیعە، ٣ ئەندامی سوننە، ٢ ئەندامی کورد)، لەکاتێکدا ئەم دابەشبوونە نەتەوەییو مەزهەبییە سیاسییە لەهیچ نووسراوێکی خودی کۆمسیۆندا نابینی بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پیادەی ئەم ڕێسایەکراوەو هەتا ئێستاش بەردەوامە.

مەترسی بەردەم ئەم پێکهاتەیە لەوەدایە هەموو قەوارە سیاسییەکان متمانەی خۆیان بۆ کۆمسیۆن دەردەبڕن کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردندا کاری ساختەو تەزویر ئەنجامدەدرێت، هەر لەو ناهاوسەنگییەی لەتێچوونی بانگەشەکردنی هەڵبژاردندا هەیە هەتا دەگاتە کارو ساختەکاریی ڕۆژی هەڵبژاردنو دواتریش بەدگومانییەکانی قۆناغی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان، لەهیچکام لەم قۆناغانەی هەڵبژاردندا نییە دنیایەک چیرۆکی سەیرو سەمەرەی تەزویرکردن نەهێنرێتە سەر شانۆی مێشکو دەماغی هاوڵاتیان کەئەگەر مرۆڤ لێیانوردبێتەوە دەبینێت لەپشت زۆربەی ئەو کارە دزێوانەی تەزویرو ساختەوە یەکێک لەو بکەرانە ئامادەیە کەخۆی پێکهێنەرێکی ئەنجومەنی کۆمسیارانەکەیەتی.

بۆ درێژەنەکێشانی ئەم تراژیدیا مەترسیدارە دەبێت چۆن هەموو قەوارە سیاسییەکان لەپاش هەموو هەڵبژاردنێکەوە پێداچوونەوە بەخۆیاندا بکەنو خاڵی لاوازو هەڕەشەکانی سەریان دیاریبکەن ئاوهاش پێویستە کۆمسیۆن بەکۆی ستراکچەرو ستراتیژیەتی خۆیدا بچێتەوە چونکە بەر لەهەر شتێک کایەی سیاسی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧دا گۆڕانێکی چلۆنایەتی گەورەی بەسەردا هاتووەو ئەو هەمەجۆرییەی لەئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوودا دروستدەبێت ئەنجامی ئەو ململانێ سیاسیانەیە کە لەهەر ناوچەیەکی عێراقەوە سەریهەڵداوەو بەرەو بەغدادی پایتەختی سیاسی دەچێتو لەوێ خۆی نمایشدەکات، هەربۆیە پێویستە چیدی کۆمسیۆن خۆی نوێبکاتەوەو بەگوڕو تینو ئەدای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)ەوە بەرەو پیری هەڵبژاردنەکان نەچێت چونکە لەلایەکەوە ئاستی خیبرەو ئەزموونی ئەم دامەزراوەیە ڕێگەنادات بەوەی باوەر بەوەڵامە کۆنەکانی هەڵە تەکنیکیو لۆجستیکییەکانیان بکەین لەئێستادا، لەلایەکی تریشەوە دەبێت کۆمسیۆن ئەوە باش بزانێت کەئێستا توخمێکی سەرەکی هاتۆتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کەئەویش «کێبرکێ»یە کەئەمەش ئەوە لەئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەخوازێت زیاترو زیاتر سەربەخۆو بێلایەنو پرۆفیشناڵتر بن چونکە ئەگەر هەڵبژاردن بزوێنەری قۆناغی گواستنەوە بێت بەرەو دیموکراسی ئەوا نەبوونی کۆمسیۆنێکی جێگەبڕوای هاوڵاتیانو گروپە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لەعێراقدا ئەگەری خەمساردی بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن زیاددەکاتو بەمەش ئەگەری لەباربردنی قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی فەراهەمتر دەبێت.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE

## ئاگاداری

**بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەمـوارکردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:**


**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– سلێمانی– گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).**

aram.jamal@kie-ngo.org
dana.jamil@kie-ngo.org

**یاخود ژمارە تەلەفونەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠**







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

## راپۆرتی سەرەتایی تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردن*

# سەبارەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠١٠/٣/٧)

**تیمی سەربەخۆی چاودێری هەڵبژاردن کە لە (سێ) ڕێکخراوی ناحکومی سەربەخۆ پێکدێتو لەرۆژی (٧-٣-٢٠١٠) لەرێگەی (٣١٠) چاودێری خۆبەخشەوە چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لەسنوری هەرێمی کوردستاندا کردووەو لەمیانەی چاودێریکردنی پرۆسەکەشدا چەندین تێبینی تۆمارکردووە، لەوانە:**

١. دووبارەبوونەوەی دەنگدانی هاوڵاتیان بەتایبەت ئەندامانی هێزە ئەمنیو سەربازییەکان کە پێشتر لەرۆژی (٤-٣-٢٠١٠)داو لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەتدا دەنگیاندابوو.

بۆیە پێویستە کۆمسیۆن وردبینی ئەو سندوقانە بکات کەئەو جۆرە دەنگدانانەی تێدا کراوە بۆ لابردنی ئەوانەی کەدووجار دەنگیان داوە.

٢. بوونی گوشار لەسەر دەنگدەران بۆ دەنگدان بەلایەنێکی دیاریکراو.

٣.دواکەوتنی کرانەوەی ژمارەیەک ناوەندو وێستگەی دەنگدان بەرووی دەنگدەراندا.

٤. بوونی منداڵی خوار تەمەن (١٤) ساڵ وەک هاوکار لەگەڵ دەنگدەری نەخوێندەوار بەبێئەوەی بەرپرسی وێستگە دڵنیابێت لەوەی منداڵەکە زانیاری لەبارەی چۆنێتی دەنگدانەوە هەیە یاخود نا.

٥. کەمی شارەزایی لای فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەناوەندو وێستگەکانی دەنگداندا، بەتایبەت لەبواری ناسینەوەی بەشداربووانی هەڵبژاردن وخراپ مامەڵەکردن لەگەڵ چاودێرە بێلایەنەکانی رێکخراوە ناحکومییەکاندا. لەهەندێک ناوەند بەرپرسی ناوەند وەک دەنگدەر مامەڵەی لەگەڵ چاودێران دەکردو لەهەندێک ناوەندیش ناوی چاودێری رێکخراوە مەدەنیەکانیان هەر نەبیستبوو بەوەی کە چ رۆڵێکی لە پرۆسەکەدا هەیەو دەیانگوت کە ئاگادارنەکراونەتەوە لەوەی کەچاودێری بێلایەن هەیەو دێنە ناوەندو وێستگەکان یاخود لەهەندێک ناوەند بەرپرسی وێستگە چاودێرانیان بەوە دەناساند کە چاودێری سەر بەکۆمسیۆنن، کەئەمەش وادەکات مەشقی زیاترو وردتر بۆ فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لە ناوەندو وێستگەکانی دەنگداندا پێویست بێت.

٦. بەخشەری پسوڵەی دەنگدان، پسوڵەی دەنگدان و چۆنێتی دەنگدانی بۆ دەنگدەران روننەدەکردەوە.

٧. -کەمتوانایی جەستەیی (لاوازی توانای جەستەیی-چ بەهۆی نەخۆشی یاخود تەمەن) هەندێک لەفەرمانبەرانی ناوەندەکانی دەنگدان وایکردبوو کەهەرزوو ماندووبن‌و نەتوانن کارەکانی خۆیان بەباشی بەرێوەببەن‌و پابەندو پیادەی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن بکەن‌و چەندین جێگۆرکێی ناپێویست لە نێوان فەرمانبەراندا بکرێت هەر لەکاتێکی زووی پێشنیوەرۆدا، بەتایبەت ئەو فەرمانبەرانەی کارەکانیان جوڵەو بەپێوەوەستانی زۆری دەویست.

پێویستە کۆمسیۆن لەداهاتوودا بۆ باشتر بەرێوەچوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو رەچاوی توانای جەستەیی فەرمانبەرانی بکات.

٨. بەرپرسی وێستگە لە چەندین وێستگەدا بەباشی کارەکانی خۆی ئەنجامنەدەدا، لەوانە جێنەگرتنەوەی فەرمانبەرانی ماندوو، کە وایکردبوو فەرمانبەرێک دووکار پێکەوە ئەنجامبدات، لەکاتێکدا بەرپرسی وێستگە بەبێکار لە وێستگەکەدا دەوەستا، بەتایبەت چوونی هەردوو فەرمانبەری (بەرپرسی ناسینەوەی دەنگدەران)و (رێکخەری ریزی وێستگە) بۆ پشوو، کەوای دەکرد فەرمانبەری (بەخشەری پسوڵەی دەنگدان) هاوکات لەگەڵ کارەکەی خۆیدا کاری فەرمانبەری (ناسینەوەی دەنگدەران)یش بکاتو کەسیش نەبێت جێگەی فەرمانبەری (رێکخەری ریزی وێستگە) بگرێتەوەو دەنگدەران خۆیان بەبێ رێکخستن بێنە ناو وێستگەی دەنگدانەکەوە.

٩. سەرنەکەوتوویی کاری سەنتەری پشتگیری زانیارییەکان (مرکز دعم البيانات)و درەنگ وەڵامدانەوەی فەرمانبەرانی پشتگیری زانیارییەکان (دعم البيانات) لەناوەندەکانی دەنگدان، کەئەمەش ببووە هۆی پەکخستنی کارو رۆڵی ئەو فەرمانبەرانە لەناوەندەکانی دەنگدان‌و درەنگخستنی هاوڵاتیان‌و بێزارکردنیان‌و دروستکردنی قەرەباڵغیش لەناوەندەکانی دەنگداناو لەچەندین ناوەندا فەرمانبەر (پشتگیری زانیارییەکان) بەکەمترین شێوە هاوکاری دەنگدەرانی دەکردو بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیان لەگەڵ سەنتەری پشتگیری زانیارییەکانی ئۆفیسی کۆمسیۆن نەدەکرد بۆ پێدانی زانیاری بەو دەنگدەرانەی ناویان لەو ناوەندەدا نییە.

١٠. نەبوون‌و نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەران، ئەم حاڵەتەش لەزۆربەی ناوەندەکاندا هەبوو بەتایبەت نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەرانێک کەپێشتر ناویان هەبووەو لەدەنگدانەکانی پێشترداو بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی‌و پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا لە (٢٥-٧-٢٠٠٩) دا ناویان هەبووەو دەنگیانداوە، یاخود نەبوونی دەنگدەرانێک کە کارتی زانیاری دەنگدەرانیشیان هەیەو لەلایەن خودی کۆمسیۆنەوە دابەشکراوەو زانیاری تەواوی دەنگدەری تێدایە بەو ناوەندەشەوە کەدەنگدەر دەنگی تێدا دەدات.

١١. خراپی دابەشکردنی دەنگدەران بەسەر ناوەندەکانی دەنگداندا، بەتایبەت دەنگدەرانی کۆچپێکراو، کە وایکردبوو ژمارەیەکی زۆریان لەیەک ناوەندی دەنگداندا کۆبکرێنەوە، کەئەمەش ببووەهۆی دروستبوونی قەرەباڵغی زۆر لەو ناوەندانە، لەکاتێکدا دەبووایە بەسەر دوو تاسێ ناوەندی دەنگداندا دابەشبکرانایە.

١٢. بوون‌و مانەوەی پاشماوەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرجەم لایەنەکان لەدەوروبەری ناوەندەکانی دەنگدان بە شوێنی دیارو بەرچاوەوەو لەدووری چەند مەترێکی کەم لە ناوەندەکانی دەنگدانەوە.

١٣. بوونی دیاردەی چەکداری‌و کاری بانگەشەی هەڵبژاردن لەدەوروبەری ناوەندەکانی دەنگدان.

١٤. کەمی شارەزایی چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و نوێنەری قەوارە سیاسییەکان‌و رۆژنامەنوسان‌و کارمەندانەی کەناڵەکانی راگەیاندن کە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدانیان دەکرد، بەتایبەت لەرووی نەزانینی ماف‌و ئەرکەکانی خۆیان‌و هەوڵدان بۆ دەستوەردانە کاروبارەکانی پرۆسەکەو ئەرکەکانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن، کەئەمەش وادەکات مەشقی زیاترو وردتر بۆ چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و نوێنەری قەوارە سیاسییەکان پێویست بێت.

١٥. لەکاتێکدا کەژمارەیەکی بەرچاو سکاڵا لەلایەن نوێنەری قەوارە سیاسیەکان‌و خودی قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەوە لەسەر خودی پرۆسەکە تۆمارکراوە، بەتایبەت ئەو سکاڵایانەی تایبەتن بەکردنەدەرەوەی نوێنەری قەوارە سیاسییەکان لەقۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی دەنگدان‌و جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان لەوێستگەو ناوەندەکانی دەنگداندا، داوادەکەین‌و بەپێویستی دەزانین کەبۆ پاراستنی بێلایەنی کۆمسیۆن‌و شەفافیەتی پرۆسەکە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق وردبینی زیاتری فۆرم‌و ئەنجامەکانی ئەو وێستگەو ناوەندانەی دەنگدان بکات.



*** تیمی سەربەخۆی چاودێریی هەڵبژاردن لەم رێکخراوانە پێکهاتووە:**
**– ئینستیتیۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (KIHR) (پارێزگای هەولێر)**
**– رێکخراوا مافێن مەدەنی لکوردستانێ (KCRO) (پارێزگای دهۆک)**
**– پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) (پارێزگای سلێمانی)**

# پێگەی مافەکانی ژنان لە دەستوری عێراقیدا

**عبداللە محمدامین**

دەستور بەڵگەنامەیەکی یاسایی‌و سیاسی گرنگە، لەدەستوردا هزرو باوەری هەر میللەتێک رون‌و ئاشکرا دەخرێتەروو بۆیە دەروازەیەکی گرنگە بۆ ناسین‌و زانینی پێکهاتەو بونیادی هەر کۆمەڵگەیەک. دەکرێت ئێمە لەرێگەی خوێندنەوەی دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵییەوە بزانین ژنان لەکۆمەڵگەی عێراقیدا لەکوێی بونیادی ئەم کۆمەڵگایەدان، رووبەری دەرفەتەکانیان چەندەو ماف‌و ئازادییەکانیان هەتا کوێن، زانینی پێگەی ژنان لەدەستوری عێراقدا گرنگە چونکە دەستور دواجار دەبێتە چەتری وڵات .



**١- ژنان‌و مافی سیاسی**
**ماددەکانی «٢٠ و ٤٩» وەکو نمونە**

لەپۆلێنکردنی مافەکانی مرۆڤدا مافی سیاسی ئەولەویەتی هەیە چونکە گرنگترین‌و بنچینەیترین مافە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کەدواجار وێنەی ئەم مافە بەسەر کۆی کایەکانی تردا پەخشدەبێتەوە لەروی بەخشینی وزەو زیندوکردنەوەیان، ئەمرۆ کە بەسەردەمی زانیاری ناسراوە، مرۆڤ «نێر یان مێ» دەتوانێت بگاتە ئاستێکی بەرز بۆ بەرێوەبردنی بوارەکانی ژیان بۆیە خاڵی گرنگ ئەوەنیە کە تۆ چ رەگەزێکی بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە کە چەند دەزانیت‌و چی دەتوانیت؟ ئەگەر ئافرەتێک شارەزابێت لە کۆمپیوتەردا کەڵکی لەپیاوێک زۆرترە کەنازانێت کۆمپیوتەر لەکارێکدا بەکاربهێنێت کەپێویستی بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرە، هەروەها ئەگەر ئافرەتێک باشترو خێراتربێت لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەردا بەکەڵکترە لەپیاوێک کەئاستی زانستی‌و خێراییەکەی کەمتر بێت، ئەمە لەنرخی هیچ یەکێک لەو رەگەزانە کەمناکاتەوەو نرخ نادات بەهیچ رەگەزێکی تر بەڵکو دەرفەت لەیەکێکیان دەستێنێتەوەو دەیداتە ئەویتر، ئێستا لەوڵاتانی دونیادا هەوڵدەدەن دەستورەکانیان لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ‌و بنەماکانی دیموکراسیدا بگونجێن، چونکە ئەم گونجاندنە پەیوەندییە نێوخۆییەکان بەهێزدەکات‌و لەسەر ئاستی دەرەکیدا کەسێتیەکی گەورە دەدات بەو دەوڵەتە، کاتێک وڵاتێک بیەوێت پەیرەوی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکات دەبێت دەرفەتی یەکسان برەخسێنێت بۆ هەموو هاوڵاتیان، لەدەستوری عێراقیدا هاتووە کە هاوڵاتیان پیاو یان ژن بێت، مافی بەشداری لەکاروباری گشتیدا هەیەو دەتوانن مومارەسەی مافی سیاسی خۆیان بکەن وەکو دەنگدان یان خۆپاڵاوتن .....هتد» ماددەی ٢٠ دەستوری عێراقی» ئەم ماددە دەستورییە ئەوە روونددەکاتەوە کە زەمینەیەکی دەستوری لەبار هەیە بۆ بەشداری رەگەزی مێینە لەکاروباری گشتیدا، هەروەها لەماددەی «٤٩ برگەی ٤ی دەستوری عێراق»دا هاتووە کە پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەجۆرێک رێکبخرێت کە دەبێت رێژەی بەشداری ژنان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کەمتر نەبێت لە٢٥٪، لەحاڵەتی یەکەمدا واتە ئەوەی لەماددەی ٢٠ دا هاتووە تەنیا زەمینەیەک بوونی هەیەو ژنان دەتوانن سودی لێببینن‌و بەکاریبهێنن، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا ناچاریتی تێدایە، کۆتایەک هەیە تایبەت بەژنان کە پێویست دەکات ژنان بونیان هەبێت تەنانەت ئەگەر نیەتێک هەبێت بیەوێت دەرفەت نەدات بەژنان ئەوا ئەم دەقە دەستورییە ئەو لایەنە ناچاردەکات کەنوێنەری ژنیان هەبێت، ئەم دەقە دەستورییە وایکردووە مافی سیاسی ژنان تەنیا وەک دەقێکی یاسایی مردوو نەبێت، بەڵکو جێبەجێ بکرێت چونکە هەمیشە کێشەی گەورە لەنەبوونی یاسای باشدا نەبووە بەڵکو لەجێبەجێ نەکردنی یاسادا بووە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەم دەقە نەبوایە لەوانەیە رادەی بەشداری ژنان ئەگەر بونیشی هەبوایە زۆر کەمتر بوایە، لەبەرئەوە ژنان لەکۆمەڵگەی عێراقیدا دەرفەتیان بۆ رەخساوە بەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن.

**٢- ژنان‌و مافی مەدەنی**
**ماددەی ١٤ وەکو نمونە**

«عێراقییەکان یەکسانن لەبەردەم قانوندا، بەبێ جیاوازی بەهۆی رەگەزو ئاین‌و نەتەوەوە...هتد»

یەکسانبوونی تاک لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، واتە ئەو جیاوازی رەگەزییەی لەگەڵ بەرامبەرەکەیداهەیەتی نەهیچی لێدەستێنێت‌و نەهیچی پێدەبەخشێت، لەبەردەمی قانونیشدا نە حوکمەکەی قورسترو نە سوکتر دەبێت، کەواتە ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی حوکم واقیع‌و رەفتاری کەسەکانە نەک رەگەزو رەنگ، یەکسانی لەبەردەم قانون‌و بوونی بەدەقێکی دەستوری زۆر گرنگە چونکە دواجار دەستور دەبێتە سنورێک بۆ دەسەڵات بەهەموو جۆرەکانیەوە، دەبێتە سنورێک بۆ مرۆڤەکان بەگشتی، هەمیشە رەفتارەکانی مرۆڤیش تەواوکەرو بونیادنەری یەکترین، ئەمەش کلتورێک لەهزرو رەفتار دروستدەکات کەژنان‌و پیاوان وەک مرۆڤی یەکسان سەیری یەکتر بکەن نەک وەکئەوەی یەکێکیان سەروترە لەوەی تر.

**٣- ژنان‌و مافی کۆمەڵایەتی**
**ماددەی ٢٢ وەکو نمونە**

«کار، مافی هەموو عێراقیەکانە بەجۆرێک کە پارێزگاری لە ژیانێکی سەربەرزانە بکات» ماددەی ٢٢ برگەی ١ لەدەستوری عێراق.

کار بناغەی ئابوریە، ئابوری سەرچاوەیەکی بەهێزی رای تایبەت‌و ئازادە، دروستبوونی کەسێتیەکی بەهێزو سەربەخۆ بەبێ بوونی رای ئازادو سەربەست نایەتەدی، یەکێک لە قسەکانی جۆن لۆک ئەوەیە کە ئابوری پێوەری ئازادییە بۆ نمونە «من پارەم نیە بلیت ببرم‌و بچم بۆ سینەما کەواتە من لێرەدا ئازاد نیم بچم بۆ سینەما، بەڵام تۆ پارەت هەیەو دەتوانیت بلیت ببریت‌و بچیت بۆ سینەما کەواتە تۆ ئازادیت»، لێرەدا ئابوری یەکێکە لەپێوەرەکانی ئازادی.

ئاماژە بەماددەی ٢٢ی دەستوری عیراقی، زەمینەی یاسایی لەبار هەیە بۆ ژنان بۆئەوەی کاربکەن‌و ئابوری تایبەت‌و سەربەخۆیان هەبێت، دەبێت ئەم دەقە دەستورییە تەرجومە بکرێت بۆ واقیع، ئەمەش بەخودی ژنان خۆیان دەکرێت، راستە رێگری بۆ هەموو شتێک هەر دەبێت بەڵام دەبێت ئەم رێگریانە بشکێنرێن، چۆن لەسەرەتادا رەگەزی مێینە نەیتوانیوە بخوێنێت یان نەیتوانیوە دەنگبدات بەڵام ئەم بۆچونانە شوێنەواریان نەماوە، ئاوهاش دەکرێت کارکردن‌و هاتنەمەیدانی ژنان لەم بوارەشدا سەرکەوتوبێت، ئێستا لەفەرمانگە حکومیەکاندا ژنان روبەرێکی زۆر فراوانیان هەیە بەڵام لەکەرتی تایبەتدا کەمتر پێگەیان هەیە ئەگەر ژنان نەبنە خاوەن ئابوری سەربەخۆ نابنە خاوەنی رای سەربەخۆ، کورد وتەنی «قوتت بەدەست کێ بێت، قەولت بەدەست ئەوە» قەولی ژنان بۆیە زۆرجار بەدەست خۆیان نیەو بەدەست پیاوەکانیانە چونکە دەستیان لەگیرفانی پیاوەکانیاندایە، پێش ئەوەی داوای ئازادی بیرورا بکەن دەبێت ئابوری خۆیان پەیدابکەن، کەواتە هۆکاری سەرەکی لاوازی ئافرەت ئەوە نیە کە رەگەزی مێینەیە بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە خاوەنی ئابوری سەربەخۆ نیە وەکو سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت «ژن وەکو ژن لەدایک نابێت بەڵکو دەکرێت بەژن».

## محەمەد ئیبراهیم حاجی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# دواخستنی هەڵبژاردنەکان وەک لەناو حیزبەکاندا بۆتە دیاردە، خەریکە لەناو دامودەزگا دەستورییەکانیشدا بکرێتە دیاردە

**سازدانی: دانا جەمیل**

**محەمەد ئیبراهیم حاجی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەم دیمانەیەدا هۆکاری بەنهێنی تێپەراندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و بێئاگایی ئەنجومەنەکان لەدەرچوونی ئەو یاسایە تا دوو مانگ دوای تێپەراندنی یاساکە دەخاتەروو، مەترسی ئەوەش پیشاندەدات کە نییەتی ئەوە هەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان وەک ئەنجومەنی شارەوانییەکانی لێبکرێت‌و جارێکی تر هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامنەدرێتەوەو چارەنوسیان بەنادیاری بمێنێتەوە.**

**رای گشتی: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر بەبێدەنگی لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەری‌و بایەخی پێنەدرا، هۆکاری ئەمە چیبوو؟**

محەمەد ئیبراهیم: بەداخەوە ئەم یاسایە وەک چۆن لای خەڵکی کوردستان بەنهێنی تێپەری، بەهەمان شێوە ئێمەش وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان هیچ جۆرە ئاگادارییەکمان لەسەر تێپەراندنی یاساکە نەبوو، دوومانگ دوای دەرچوونی ئێمە هەستمان پێکرد کە ئەم یاسایە دەرکراوە، لەبەرئەوەی یاساکە پەیوەندیدارە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. بەبروای ئێمە باشتروابوو ئەنجومەنی پارێزگاکان لەدارشتنی ئەم یاسایەدا رەئییان هەبووایەو بیرو بۆچونیان بەهەند وەربگیرایە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان بەبێ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوەبوو یاساکە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە٢٥/٧دا ئەنجامدرا ئەم یاسایە لە ١٣/٧ لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەرێندرا.

**رای گشتی: بەبروای ئێوە هۆکاری تێپەراندنی ئەو یاسایە بەو شێوەیە چیبوو؟**

محەمەد ئیبراهیم: بەبروای ئێمە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە هەم لە پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەم لە پرسی دارشتنی یاسایەک بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داکۆکی زۆری کردووە، پرسنەکردنیش بەئەنجومەنی پارێزگاکان‌و نەخستنە بەرباس‌و گفتوگۆی ئەم یاسایە لەلایەن رۆشنبیران‌و خەڵکی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانەوە، دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە نییەتی ئەوە هەبووە ئەم یاسایە بەلیستی داخراو دەربچێت.

**رای گشتی: باشە چەند هەڵبژاردنێک لەعێراقدا ئەنجامدران لەوانە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەراست‌و باشوری عێراق، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بە لیستی نیمچەکراوە بوو، بەڵام ئەو ترسە چییە کە وادەکات هەڵبژاردنەکانی ناو سنوری هەرێمی کوردستان بە لیستی داخراو بێت؟**

محەمەد ئیبراهیم: لەراستیدا هەڵبژاردن بەپێی سیستمی لیستی کراوە دەرفەتێک بۆ دەنگدەر دەرەخسێنێت کەبتوانێت بە ویستی خۆی ئەو کاندیدەی کە بەشایستەی دەزانێت دەنگی پێبدت، بەڵام لە سیستمی داخراودا دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بە لیستێک بدات، ئەمە بەراستی مەترسییەک دروستدەکات لەسەر کیانە سیاسییەکان یان ئەو لایەنە سیاسییانەی کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن ناتوانن ئەو رێکەوتنانەی کە هەیانە لە نێوانیاندا جێبەجێی بکەن، چونکە ئەوکاتە مەسەلەی رێکەوتنی دوولایەن دەکەوێتە بەر مەترسی، چونکە تۆ ناتوانیت زەمانەتی ئەوە بکەیت کە دەنگدەر دەنگ بە کێ دەدات، بەڵام لە کاتی لیستی داخراودا چەند کیانێکی سیاسیی دەتوانن بەیەکەوە رێکبکەون‌و لیستێکی هاوبەش دابەزێنن‌و ئیتر دەنگدەر دەنگ بەو قائیمەیە دەدات. ئەمە بەبروای ئێمە بۆئەوەیە کە زیاتر رێکەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی‌و پارتی نەکەوێتە مەترسییەوەو بتوانن پێکەوە لیستی هاوبەش دروستبکەن.

**رای گشتی: ئێوە وەک ئەنجومەنی پارێزگا ئاگاتان لەدەرچواندنی یاساکە نەبووە، بەڵام ئێستا ئێوە ئەو یاسایەتان تا چەند بەلاوە قبوڵەو تێبینیتان چییە لەسەری؟**

محەمەد ئیبراهیم: تێبینی یەکەممان ئەوەیە بە باشی دەزانین کە یاساکە بەپێی سیستمی لیستی کراوە بێت بۆئەوەی دەنگدەر بتوانێت ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان یان بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان بە شایستەی دەزانێت، ئەمە بەراستی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی توانای ئەنجومەنەکان، چونکە بێگومان کاتێک دەنگدەر سەرپشک دەبێت کەخۆی کەسێک هەڵبژێرێت بۆ ئەنجومەن، ئەمە زەمانەتێکی باشتر دەرەخسێنێت بۆئەوەی خەڵکی بەتواناو پسپۆر بگەنە ئەو ئەنجومەنانە، لەبەرئەوە گەورەترین تێبینی ئێمە ئەوەیە کە باشتروابوو وەکو ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی ناوەند بەلیستی نیمچە داخراوبێت چونکە لانیکەم جۆرە ئازادییەکی دەدا بەدەنگدەر.

تێبینی دووەممان ئەوەیە کە بەراستی لەو سزایانەی کەدانراوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا یاخود لەکاتی پرۆسەی دەنگداندا، سزاکان کەمن، چونکە هەندێک لەو مادانەی ئاماژەی بە سزاکان کردووە لەبەرامبەر ئەو مەترسییەکی کە ئەو تاوانانە دروستی دەکەن پێمان وابوو دەبوایە سزاکان گەورەتربێت بۆئەوەی کەس نەتوانێت لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان کە هیچ کەسێک نەتوانێت ئەو پرۆسەیە کە پەیوەستە بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە لەکاتێکدا ئەم پرۆسەیە دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر دەرەوە جوانتر پیشاندەدات‌و هیچ کەسێک نەتوانێت ئەم پرۆسەیە بشێوێنێت بۆیە پێویست بوو کە ئەو سزایانەی دانراون بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە بشێوێنن سزاکە قورستر بێت.

**رای گشتی: لە برگەی دووەمی ماددەی یەکەمی یاساکەدا، پێناسەی دەستەی کردووە بە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و راپرسی لە کوردستاندا، لە ماددەی دووەمیشدا باس لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات کە سەرپەرشتی هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم دەستەیە لە چی پێکهاتووەو پەیوەندی بەکۆمسیۆنی باڵاوە چییە؟**

محەمەد ئیبراهیم: لەهەرێمی کوردستاندا گەورەترین کێشە لەبەردەم ئەو دەستانەی بەشێوەی سەربەخۆ دروستدەکرێن نەبوونی دەستورە، پێویست بوو ئێمە وەک هەرێمی کوردستان دەستورێکمان هەبێت، هەموو ئەو دەستانەی باسدەکرێن لەم یاسایانەدا بەپێی دەستور دیاریکرابان‌و ئاماژە بەوە بدرایە کە هەریەکێک لەم دەستانە پێویستیان بەوە هەیە یاسایەکی تایبەتیان بۆ دەربچێت، ئەم یاسایانەش پێویست بوو کە پێکهاتەی ئەم دەستەیە کە هەیکەلیەتی دەستەو دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسایەک پێویستبوو دیارییبکرێن، بەداخەوە ئێمە تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا دەستورمان نییەو تا ئێستاش ئەو دەستەیە نییە. بۆیە بەرای ئێمە ئەمە بەوە چارەسەرکراوە تاوەکو ئەو دەستەیە پێکدەهێنرێت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەجیاتی ئەم دەستەیە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکەن.

**رای گشتی: بەڵام کۆمەڵێک دەسەڵات دراوە بە دەستەکە لە یاساکەدا، بەنمونە ئەنجامدانی وردبینیکردن لەبارەی کاندیدەکانەوە کە پێشتر لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەکرا؟**

محەمەد ئیبراهیم: لەراستیدا ئەم یاسایە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و قەزاو ناحیەکانە، ئێمە ئەمە بە خەلەل دەزانین کە یاسای هەڵبژاردن پەلبکێشێت بۆئەوەی کە باس لە دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان بکات، پێویستبوو یاسایەکی تایبەت دەربچێت لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئەرکو دەسەڵات‌و چوارچێوەی کارکردنی ئەم دەستەیەی دیارییکردایە.

**رای گشتی: بەبروای ئێوە مەبەستی بوونی ئەو دەستەیە بۆچی دەگەرێتەوە؟ بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کۆمسیۆن لەم وڵاتەدا بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو نەیتوانیوە ئەرکەکانی بە بێلایەنی‌و پرۆفیشناڵانە بەرێوە بەرێت یاخود ئەم دەستەیە وەسیلەیەکە بۆئەوەی لەوێوە بە تەواوی دەست بەسەر کۆمسیۆندا بگیردرێت؟**

محەمەد ئیبراهیم: ئەگەر دەستەکە بەپێی دەستوور بێت، لەکەسانی سەربەخۆو بێلایەن دروستبکرێت، لە کەسانی شارەزا لەو بوارەدا دروستبکرێت دەستێوەردانی حیزبی‌و لایەنە سیاسییەکانی تێدا نەبێت ئێمە ئەو دەستەیە بە پێویست دەزانین.

**پرسنەکردن بەئەنجومەنی پارێزگاکان‌و نەخستنە بەرباس‌و گفتوگۆی ئەم یاسایە لەلایەن رۆشنبیران‌و خەڵکی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانەوە، دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە نییەتی ئەوە هەبووە ئەم یاسایە بەلیستی داخراو دەربچێت**

**رای گشتی: بەردەوام قسە لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، ئێستا هەڵبژاردنەکە دواخراوە بۆ کۆتایی مانگی ١٠ی ٢٠١٠، چی وا دەکات بەردەوام ئەم هەڵبژاردنانە لە هەرێمی کوردستاندا دوابخرێت؟**

محەمەد ئیبراهیم: یەکێک لە گرنگترین بنچینەکانی پتەوکردنی رێبازی دیموکراسی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دواخستنی هەڵبژاردنەکان وەک لەناو خودی حیزبەکان بووەتە دیاردە خەریکە لەناو دامودەزگا دەستورییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا ببێتە دیاردە، ئێمە دەبینین کە لەهەرێمی کوردستاندا زۆرێک لەحیزبەکان لەکاتی خۆیدا کۆنگرە ناکەن ئەمە بۆخۆی هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ترسێک هەیە لەهەڵبژاردن، ئەمە خەریکە دەبێتە دیاردە لەناو دامودەزگاکانی تریشدا، هەڵبژاردن یەکێکە لە وەسیلەکانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەی ئاشتیانە، جگە لەوەش هەڵبژاردن وەکو پەیمانێک وایە لەنێوان دەنگدەرو دەسەڵاتدا، لەبەرئەوە بەبۆچوونی ئێمە ئەرکی هاوڵاتیانە کە بەراستی لە کاتی تەواوبوونی ماوەی یاسایی هەر دەزگایەکدا کە ئەوان دەنگی پێدەدەن بێدەنگ نەبن، کاربکەن بۆئەوەی ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکان‌و شارەوانییەکان‌و پەرلەمانی کوردستان لەوادەی یاسایی خۆیدا هەڵبژاردنەکان بکرێتەوە، چونکە ئەمە گرەنتییەکی تر دەداتەوە بەو دەزگایە کە نوێدەکرێتەوەو متمانەیەکی باشتر بۆ هاوڵاتیان دەستەبەردەبێت کە دەتوانن بەشداری پرۆسەی بەرێوەبردنی وڵاتی خۆیان بکەن، بەراستی ئەگەر ماوەی یاسایی ئەم ئەنجومەنانە دواخرا، متمانە لای هاوڵاتیان لاواز دەکات، هەم ئەو دەستانە بۆخۆی توشی شەلەل دەبێت.

ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێش تەواوبوونی وادەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەچەند نوسراوێک داوامان لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆئەوەی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەوادەی خۆیدا ئەنجامبدرێت‌و چارەنوسی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەک چارەنووسی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی لێنەیەت کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە بەبێئەوەی هیچ بریارێک لەچارەنووسی ئەو ئەنجومونانە بدرێت تائێستا هەڵبژاردنیان بۆ نەکراوەتەوە. ئەوەی ئێمە پێشبینی دەکەین بەراستی ئەوەیە کە دەسەڵات لە نییەتیدایە کە چارەنووسی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش وەکو چارەنوسی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی لێبکات‌و هەڵبژاردن نەکرێتەوە، کە هەڵبژاردنیش نەکرایەوە بەرە بەرە ئەو ئەنجومەنانە لە شوێنی خۆیان بێهێزبن‌و بپوکێنەوە.

**رای گشتی: لە برگەی سێهەمی ماددەی ٣١ی یاساکەدا هاتووە «لەبارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەرێوەبردنی کاروباریان تاکو ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن بەردەوامدەبن» بەبروای ئێوە ئەم مادەیە لاستیکی نییە بۆئەوەی جارێکی تر شەرعییەت بدەنەوە بەدواخستنی هەڵبژاردن؟**

محەمەد ئیبراهیم: بەدڵنیاییەوە ئەو مادەیە بۆئەوەیە کە لەکاتی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە مانگی ١٠ی ئەمساڵدا ئەنجومەنی پارێزگاکان بەردەوامبن لەسەر ئیش‌وکارەکانی خۆیان، ئامانجی سەرەکیش لە دانانی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە لەئێستاوە پێشبینی ئەوەکراوە کە هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراودا ناکرێتەوە.



محەمەد ئیبراهیم

# پێگەی سەرۆکی هەرێم لەپرۆژە دەستوری هەرێمدا

دروون عبدالکریم

**{بەو پێیەی عێراق دەوڵەتێکی فیدرالییەو لەمادده (١٢٦)ی دەستوورەکەیدا مافی بوونی دەستورێکی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایەو لەکاتی ئێستاشدا پرۆژەی دەستورێک هەیە کەپەرلەمانی کوردستان لەرۆژی ٢٠٠٩/٦/٤دا دەنگی لەسەرداوەو لەلایەن چەندین کەسایەتی ئەکادیمیو نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە ئەم خوێندنەوەیەش دەچێتەپاڵ ئەو دەیان راو سەرنجو تێبینیانەی لەسەر ئەم پرۆژە دەستووره نووسراون، هاوکات جەخت لەسەر پێویستی بوونی دەستورێک دەکەمەوە لەهەرێمی کوردستاندا کەبەراستی زەمانەتی سیستمێکی پەرلەمانیو دیموکراسی بکات}**



### ناوەرۆکی سیستمی پەرلەمانی لەپرۆژەی دەستوری هەرێمدا

لەماددەی یەکەمی پرۆژەکەدا هاتووەکە(سیستمی سیاسی پەرلەمانی، کۆماریو دیموکراسییە). دیارە یەکێک لەپرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستمی پەرلەمانی دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان چەند دامەزراوەیەکی دەستوریداکەیەکێک لەو دامەزراوانەش سەرۆکایەتی دەوڵەتە کەدەتوانین بڵێین لەمجۆرە سیستمەدا خاوەنی دەسەڵاتی فیعلی نییە ئەوەندەی چەند کارێکی رەمزییو تەشریفاتی ئەنجامدەدات بەڵام لەپاڵ ئەمەدا دامەزراوەیەکی دیکە هەیە کەدەسەڵاتی جێبەجێکردنەو ئەنجومەنی وەزیرانە کەخاوەنی هەموو دەسەڵاتە تەنفیزییەکانە.

بەوردبوونەوە لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەبینین بەپێچەوانەی سیستمی پەرلەمانی بەشێکی زۆر لەدەسەڵاتە تەنفیزییەکان بەخشراوە بەسەرۆکی هەرێم بەشێوەیەک کە لەسیستمی سەرۆکایەتی نزیکدەبێتەوەو ئەمەش پێچەوانەی ماددەی یەکی پرۆژەکە دەوەستێتەوە. لەلایەکی تریشەوە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، کە لەماددەی (٦١)ی پرۆژەکەدا هاتووە پەیرەوکردنی سیستمی سەرۆکایەتییە نەک پەرلەمانی: «سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەرێگەی دەنگدانی گشتی نهێنی، راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت»، کەئەمەش لادانێکی ترە لەسیستمی پەرلەمانی کەسەرۆکی دەوڵەت لەرێگەی پەرلەمانەوە دیاریدەکرێت.

ئەم تێکەڵاوییە لەنێوان سیستمی پەرلەمانیو سەرۆکایەتی لەپرۆژەکەدا دەرەنجامی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کەکاریگەریی سلبی لەسەر ژیانی سیاسیو یاسایی دەبێت لەهەرێمی کوردستانداو ئەم ترسەشمان بێ هۆکار نییەو پاساوی خۆی هەیە کەبریتییە لەوەی خودی سەرۆک کەراستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوەو هەست بەوە دەکات کە زیاتر لەهەر دامەزراوەیەکی دیکە نوێنەری راستەقینەی ئیرادەی گەلە لەهەرێمدا، بۆیە داوای دەسەڵاتی راستەقینەو زیادە دەکاتو لەکاتی روودانی هەر ناکۆکییەکدا لەنێوان سەرۆکو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێمدا رەنگە سەرۆک پەنابەرێتەبەر شەقامو جەماوەرەکەی وەکو فشارێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوناکۆکیەو تەنانەت خودی ئەو کەسانەشی کەسەرۆکیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵبژاردووە رازی نابن بەوەی کەسەرۆک بەتەنها خاوەنی دەسەڵاتگەلێکی تەشریفاتیو رەمزیی بێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە بەپێی یاسای دەستوری، سیستمی پەرلەمانی لەهەرێمی کوردستاندا سیستمێکی پەرلەمانی لادەرە(منحرف) کەتێیدا یەکێک لەدەسەڵاتەکان بەهێز دەبێت لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دیکە.

### بەرپرسیارێتی یاساییو لابردنی سەرۆک

لەبڕگەی ٤ی ماددەی ٥٣ی پرۆژەکەدا هاتووە کە»پەرلەمان هەڵدەستێت بەگرتنەبەری رێوشوێنی تۆمەتبارکردن لەدژی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی لەسەر بنەمای شکاندنی سوێندی دەستورییو پێشێلکردنی مەترسیداری دەستور (انتهاك خگیر) یان خیانەتی گەورە». بەهەمان شێوە لەماددەی ٦٢دا هاتووە کەسەرۆکو جێگرەکەی لادەبرێت دوای بریاری دادگای دەستوری لەهەمان سێ حاڵەتی پێشوودا.

دەستەواژەی پێشێلکردنی مەترسیدار شایانی ئەوەیە لەسەری رابوەستین چونکە ئەگەر پێچەوانەی ئەم دەستەواژەیە وەربگرین سەرۆک تووشی بەرپرسیارێتیو لێپرسینەوەی یاسایی نابێت ئەگەر هەستا بەپێشێلکردنی ئاسایی دەستور. بۆیە یاسادانەر دەبووایە جیاوازی نەکات لەنێوان پێشێلکاریی سادەو پێشێلکاریی مەترسیدار چونکە دواجار دەستور بەرزترین یاسای وڵاتەو ئەرکی هەموو کەسێکە پابەندبێت پێوەی بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم کەنموونەی باڵایەو دەبێت لەهەموو کەس زیاتر پابەندی بێت نەک بواری پێشێلکاریی پێبدەین.

### دەسەڵاتە ئەمنیو سەربازییەکانی سەرۆکی هەرێم

ماددەی ٦٠ی پرۆژەکە بەم شێوەیە پێناسەی سەرۆکی هەرێم دەکات «سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنو فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە...». پاش وردبوونەوە لەم ماددەیە دەبینین تێکەڵکردنێکی روون هەیە لەنێوان هەردوو سیستمی پەرلەمانیو سەرۆکایەتیدا کەلیژنەی دارێژەری پرۆژەی دەستوورەکە سەرکەوتوو نەبووە کاتێک سەرۆکی هەرێمی وەکو سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناساندووە چونکە لەسیستمی پەرلەمانیدا پۆستی سەرۆکی وڵات جیاوازە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنو سەرۆکی هەرێم کۆکەرەوەی هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) یەو لەنێوەندی هەرسێکیاندایە. هەروەها جارێکی دیکە یاسادانەر سەرکەوتوو نەبووە کاتێک سەرۆکی هەرێمی وەکو سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان ناساندووە چونکە لەسیستمی پەرلەمانیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانە کەپێچەوانەی سیستمی سەرۆکایەتییە کەتێیدا سەرۆکی وڵات سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانە وەک لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدیدەکرێت. هەروەها دەستوری عێراقیش ئەم پۆستەی داوەتەدەست سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەها لەبڕگەکانی ١٢، ١٣ی ماددەی (٦٥) دا دەسەڵاتی ئەوەی داوەتە سەرۆکی هەرێم کەدوای رەزامەندیی وەرگرتنی پەرلەمان رێگەبدات هێزی چەکداری فیدرال بێنە نێو هەرێمەوە یاخود بەپێچەوانەوە هێزی پێشمەرگە رەوانەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکات. بەرای ئێمە دەبووایە ئەم دەسەڵاتە هەستیارە بدرایەتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چونکە لەسیستمی پەرلەمانیدا سەرۆکی وەزیران سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانە.

لەماددەی (١٠٩)دا هاتووە کە»ئەنجومەنێک پێکدەهێنرێت بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم) و پەیوەست دەبێت بەسەرۆکی هەرێمەوە...». لەراستیدا بەستنەوەی ئەم ئەنجومەنە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەسەرۆکی هەرێمەوە بازدانە بەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا چونکە ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێت هیچ یەکێک لەپێکهاتەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بەکاربهێنێت بەبێ گەراندنەوە بۆ سەرۆکی هەرێم لەکاتێکدا پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە رەنگە چەندین دامەزراوەی ئەمنی هەستیاری وەک دەزگاگەلی پاراستنو هەواڵگرییو ئاسایش لەخۆبگرێت.

لەگەڵئەوەی پێدانی ئەم دەسەڵاتە سەربازیوئەمنیانە بەسەرۆکی هەرێم پیادەکردنی سیستمی سەرۆکایەتییە لەهەمانکاتدا دەبێتەهۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا ئەگەر رۆژێک لەرۆژان کەسایەتی سەرۆکی هەرێم کەسێکی تاکرەو بێتو پەنابەرێتەبەر بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتانە بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی.

### ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم

لەماددەی (٦٤)دا هاتووە کەماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ٤ ساڵەو دەکرێت بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە لەرۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە. لێرەدا ئێمە رەخنە لەو دەستەواژەیەی کۆتایی دەگرین «لەرۆژی کارپێکردنی ئەم دەستورەوە»، چونکە ناکرێت هیچ ماددەیەک لەم پرۆژەیەدا جێبەجێبکرێت تەنها لەدوای کارابوونییەوە نەبێت، بۆیە هیچ پێویست نەبوو ئەم دەستەواژەیە بەکاربهێنرێت لەرووی یاساییەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ رەخساندنی دەرفەتو بوارە لەبەردەم سەرۆکی ئێستای هەرێمدا کە دوو ویلایەتی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە دوای ئەوەی ویلایەتی یەکەمی لە (٢٠٠٥-٢٠٠٩) دا تەواوکرد. ئەگەر ئەم دەستەواژەیە نەبێت ئەوا ناکرێت بەرێز «مەسعود بارزانی» لەساڵی ٢٠١٣دا خۆی بپاڵێوێتەوە. دەبوو لیژنەی دارێژەری پرۆژەی دەستوورەکە خۆی لەمجۆرە دەستەواژانە بەدووربگرتایە لەپێناو پاراستنی متمانەیدا.

### دەسەڵاتە دادوەرییەکانی سەرۆکی هەرێم

ئەوەی جێگەی سەرسورمانە لەم پرۆژەی دەستوورەدا ئەوەیە کەسەرۆکی هەرێم کۆمەڵێک دەسەڵاتی دادوەریی پێبەخشراوە لەوانە لەبڕگەی ٩ی ماددەی (٦٠)دا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت لێبوردنی تایبەتی زیندانیان لەرێگەی مەرسومێکەوە دەربکات. بەپێی یاسا دەبووایە هەرکام لەلێبوردنی تایبەتو دەرکردنی مەرسومی تایبەت بەو لێبوردنە لەسەر پێشنیاری سەرۆکی وەزیران بێت نەک سەرۆکی هەرێم، خۆ ئەگەر مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم هێزی یاسایی هەبێت ئەوا سەرۆکی هەرێم هەرخۆی دەتوانێت بێ گەراندنەوە بۆ هیچ لایەک لێبوردنەکە دەربکات. لەبڕگە ١٠ی هەمان ماددەدا هاتووە کەسەرۆکی هەرێم دەتوانێت حوکمی ئیعدام سوکبکات بۆ زیندانی هەتاهەتایی، بەراستی دەبێت ئەم دەسەڵاتە هەروا رەها نەبێتو چەند مەرجێکی بۆ دابنرێت.

لەبڕگەی ٢ی ماددەی ٩٢دا هاتووە کە» سەرۆکی هەرێم بەراوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەریدا ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری دەپاڵێوێت». بەراستی دەبێت پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستوری لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەریدا بێت نەک سەرۆکی هەرێم، خۆ ئەگەر پێویست بەراوێژ بکات ئەوا لەوکاتەدا دەکرێت راوێژ بەسەرۆکی هەرێم بکرێت نەک بەپێچەوانەوە، وەکئەوەی لەپرۆژەی دەستوری هەرێمدا هاتووە، چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئەندامانی ئەنجومەنی دادگای دەستوریی بپاڵێوێتو هەر خۆشی مەرسومی دامەزراندنیان بۆ دەربکات ئەوکاتە چۆن زەمانەتی بێلایەنی ئەو دادگایە بکەین لەبەرامبەر سەرۆکدا لەکاتی شکاندنی سوێندی یاسایی خیانەتی گەورەو پێشێلکردنی دەستوردا.

لەسەرووی ئەم هەموو دەسەڵاتانەوە هێشتا لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستانەوە لەماددەی (١)دا هاتووە کە «دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کاری سیادییە» واتە ناکرێت دادگای ئیداریی چاودێری بکاتو دوورە لەهەر تانەلێدانو چاودێرییەک، کەدیارە ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (١٠٠)ی دەستوری عێراقە کەرێگرە لەبەردەم ئەوەی هەر کارێکی ئیداریی یان یاسایەک دووربێت لەچاودێرییو تانەلێدان»

### کاریگەریی سەرۆکی هەرێم لەسەر ئەنجومەنی وەزیران

لەبڕگەی ١١ی ماددە ٦٥دا هاتووە کە»سەرۆکی هەرێم دەتوانێت بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ کۆبوونەوە ئەگەر حاڵەتێکی ئەوتۆ هەبێت کەپێویست بەکۆبوونەوە بکات کەسەرۆک بەپێی پرۆژەکە خۆی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات» لێرەدا یاسادانەر جیاوازیی نەکردووە لەنێوان پۆستی سەرۆکی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیراندا (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) کەئەگەر حاڵەتێکی ئەوەندە بەپەلە هەبوو رەنگە ئەنجومەنی وەزیران پێش سەرۆکی هەرێم دەرک بەو زەرورەتە بکەن بێئەوەی سەرۆک پێشنیار بکات، خۆ ئەگەر پێشنیاریش بکات مەرج نییە ئامادەی کۆبوونەوەکە بێت خۆ ئەگەر ئامادەش بوو مەرج نییە رێگەی پێبدرێت سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات یان دەنگ بدات چونکە ئەمە سەرۆکی هەرێم دەکاتە کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ئەمەش پێچەوانەی ماددەی یەکەمی پرۆژەی رەشنووسی دەستوورەکەیەو بەرپرسیارێتی وەزیرەکان لەحکومەتدا بەرپرسیارێتییەکی هاوکارانەیە (تچامنیە) بێئەوەی سەرۆکی هەرێم لەبەرپرسیارێتی ئەو رووداوانەدا بەشدار بێت کە لەئاکامی بریارەکانی سەرۆک لەو کۆبوونەوانەدا روودەدەن. ترسناکی ئەم ماددەیە لەوەدایە کاتێک کەسی سەرۆک خاوەن مێژوویەکی سیاسی بێتو خاوەن نفوز بێت کەدەبێتە بریاردەری فیعلی لەئەنجومەنی وەزیراندا.

لەماددەی (٧٥)دا هەندێک حاڵەتی دیاریکردووە کەحکومەت بەدەستلەکارکێشاوە دادەنرێت بەبوونی هەریەک لەم حاڵەتانە یەکێک لەوانە بریتییە لەدەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی سەرۆکی هەرێم، ئەمەش جارێکی تر تێکەڵکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمە لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کەپێویستە ئەوە روونبێت کەئەم دوو دەسەڵاتە لەسیستمی پەرلەمانیدا جیاوازن لەیەکترو ناکرێت پەیوەندییان بگاتە ئەو رادەیەی مومارەسەکردنی مافی یەکێکیان ببێتەهۆی نەمانی ئەویتر کەهەڵوەشاندنەوەی کابینەی حکومەتە بەهۆی ویلایەتێکی تازەی جەنابی سەرۆکەوە کەدیارە ئەمەش دەبێتەهۆی لەدەستدانی جێگیرییو دروستبوونی بۆشایی لەبەرێوەبردنی وڵاتدا.

Darwn-pasha@hotmail.com

## فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

# دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان

چەمکی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان یاخود دیاریکردنی براوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، واتە گەیشتنە قۆناغی چنینەوەی بەرهەمی کاری سیاسیو دەرکەوتنی دەرەنجامی هەڵسوکەوتی سیاسیو دەرکەوتنی کاریگەری ئەو کارو هەڵسوکەوتە سیاسیانە لەسەر جەماوەری دەنگدەرو زانینی ئاستی قبوڵکردنی بەرنامەکانی ئایندەی لایەنی بەشداربوو لەلایەن جەماوەری دەنگدەرەوەو رەنگدانەوەی لە ژمارەو ئاستی ئەو دەنگدەرانەی دەتوانێت لەخۆی کۆبکاتەوەو دەنگەکانیان بەدەستبهێنێتو لە رێیانەوە پێگەی سیاسی خۆی لە نەخشەی سیاسیو پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتدا تا خولی ئایندەی ئەو هەڵبژاردنە دیارییکات، چ وەک فەرمانرەواو دەسەڵاتدار یاخود ئۆپۆزسۆن.

چەمکی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان یاخود دیاریکردنی براوەی پرۆسەی هەڵبژاردن پەیوەستە بەجۆری هەڵبژاردنو سیستمی هەڵبژاردنەکەوە. سەبارەت بەجۆری هەڵبژاردن کەدەشێت هەڵبژاردنێکی تایبەت بێت بۆ پۆستێکی وەک سەرۆک کۆمار، رابەر، پارێزگار یاخود هەر پۆستو کورسییەک کە یەک یاریزانی سیاسیو یەک براوەی پێویستە. سەبارەت بە سیستمی هەڵبژاردنیش دەشێت سیستمی رێژەیی یاخود زۆرینە بێت، کە لەهەر یەکێکیاندا شێوازی دیاریکردنی براوەو دابەشکردنی کورسییەکان جیاوازەو بەو پێیە براوەکان لایەنێک یاخود چەند لایەنێک دەبێت لەگەڵ هەبوونی جیاوازی لە ئاستی بردنەوەو ژمارەو رێژەی کورسیو پۆستە بەدەستهاتووەکانی هەر لایەنێک.

### هەڵبژاردن بەسیستمی رێژەیی:

ئەم سیستمە بۆ ئەو هەڵبژاردنانە گونجاوو شیاوە کە کورسیو پۆستەکانی زۆربن، وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنەکانی پارێزگاو شارەوانیو هەر دەستەو ئەنجومەنێک کە لە یەک بازنەی هەڵبژاردندا یاخود چەند بازنەیەکدا دەنگدان بۆ بردنەوەی کورسییەکانی بکرێت کە ژمارەی کورسییەکانی لە چەند دانەیەک زیاتر بن.

لەم سیستەمەشدا چەند براوەیەک دەبن کە ئاستی بردنەوەیان جیاواز دەبێت ئەویش بەپێی ژمارەو رێژەی دەنگی بەدەستهاتوی دەنگدەران بۆ هەر یەکێکیان. هەر بەو پێیەش هەریەک لەو لایەنانە ژمارەیەک کورسی وەردەگرێت کەبەرامبەر دەبێت لەگەڵ رێژەی سەدی ئەو دەنگانەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا بەدەستیهێناوە.

لەم سیستمەشدا براوەی یەکەم زۆرترین رێژەی کورسیو پۆستی دەبێتو دوای ئەویش براوەکانی تر دێن کەبەپێی رێژەی کورسییە بەدەستهاتووەکان لە زۆرەو بەرەو کەم ریزدەبن تا ژمارەی کورسییەکان تەواو دەبێت.

### هەڵبژاردن بە سیستمی زۆرینە:

ئەم سیستمە بۆ ئەو هەڵبژاردنانە گونجاوو شیاوە کە کورسیو پۆستەکانی کەم بن یاخود یەک دانە بێت، ئەمەش لەو هەڵبژاردنانەدا دەبێت کە فرە بازنە یاخود بازنەی بچوک بن، وەک هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بۆ هەر کورسییەک بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریکرابێت یاخود هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی شارێک یاخود هەڵبژاردن بۆ پۆستێک کەیەک براوەی پێویست بێت.

لەم سیستمەشدا براوە لایەنێک یاخود تاکە کەسێک دەبێت، دیاریکردنی براوەش بەپێی بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارە یاخود رێژەی دەنگی دەنگدەران دەبێت، جا ئەو زۆرترینەش زۆرینەی رەها (پەنجا + یەک) یاخود زۆرینەی سادەبێت (براوە ئەو کەسو لایەنەیە کە لەوانی دیکە دەنگی زیاتری بەدەستهێناوە، جا ژمارەی ئەو دەنگانە هەرچەند بێت، تەنانەت گەر لەسەدا پەنجا کەمتریش بێت)، لە کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردندا کەبەپێی سیستمی زۆرینە بەرێوەدەچێت، یەک لایەن براوە دەبێتو ئەوانی دیکەش دەبێت لە دەرەوەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتەو لەچوارچێوەی ئۆپۆزسۆندا بەردەوام بێت لەکاری سیاسیو یاریکردن لەکایە سیاسییەکەی وڵاتدا.

ئەم دوو سیستمەش کەوەک نمونە باسکران ئاسانترینیانن بۆ رونکردنەوەو تێگەیشتنو کارپێکردن، ئەگەرنا لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسیدا هەوڵدان بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی باشترین رێگا بۆ بەشدارییپێکردنی نوێنەری زۆرترین توێژو گروپو لایەن لەبەرێوەبردنی وڵاتداو دیاریکردنی باشترین سیستم بۆ بەرێوەبردنی وڵات، کەهەر وڵاتەو بەپێی تایبەتمەندی پێکهاتەی گەلەکەیو قۆناغە مێژووییەکەی جیاوازەو بەو پێیەش باشترین سیستمو سەرکەوتوترین سیستم بۆ ئەو وڵاتە جیاواز دەبێتو دەشێت داهێنانی نوێی لێبکەوێتەوە.

*** ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن**